# خەونی شەوێکی چلەی هاوین

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ویلیەم شێکسپیر

# خەونی شەوێکی چلەی هاوین

د. ئازاد حەمە شەریف

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ویلیەم شێکسپیر
خەونی شەوێکی چلەی هاوین
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١٦
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩١٠ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: کوردستان کەیفی

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-83-6

ئەم وەرگێڕانەم پێشکێشە بە:

* هەموو ئەوانەی بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لە شێکسپیر بزانن بەنەزانیەوە دەستیان داوەتە سەقەتکردنی شانۆییەکانی ئەم کەڵەنووسەرە.

* هەموو ئەوانەی زۆر لە شێکسپیر دەزانن بەڵام دەزانن وەرگێڕانی دەقەکانی ئەو بلیمەتە پێویستیان بەوپەڕی شارەزایی لە زمان و هزر و شێوازی ئەو کەڵەنووسەرە هەیە بۆیە زۆر بە ئاگەدارییەوە دەست بۆ کارێکی وا مەزن دەبەن.

(١) تێبینی: ئەم شانۆییەم لە بەیەکگرتنی ئەو دەقە ئینگلیزیانەی خوارەوە وەرگێڕاوە:

1. William Shakespeare, A Midsummer Night's Dream, (ed). Peter Holland (Oxford: OUP, 1998).
2. William Shakespeare, A Midsummer Night's Dream, Texts and Contexts (eds). Gail Kern Paster & Skiles Howard (New York: Bedford/ St. Martin's, 1999).
3. William Shakespeare, A Midsummer Night's Dream، (ed). Praveen Bhatia (New Delhi: UBS Publishers' Distributors Pvt. Ltd،. 2008)

(٢) تێبینی: بۆ هیچ گرووپ و دەستە و تیپێکی شانۆیی نییە کە بەبێ ڕێپێدانی بەنووسینی وەرگێڕ ئەم دەقە بخاتە سەرشانۆ یان بۆ تەلەڤزیۆن ئامادەی بکات یان بۆ هەر کارێکی تر بەکاری بهێنێت.

# پێگەی شانۆیی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) لە کۆمیدیای جیهانییدا

## یەکەم: پێشەکی

یەکێک لەو شانۆییە کۆمیدیانەی کە بەردەوام سەرنجی بینەران و ڕەخنەگرانی شانۆیی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە شانۆیی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ی ویلیام شێکسپیرە. ئەم شانۆییە لە نێوان سالانی (١٥٩٥ – ١٥٩٦)دا نووسراوە و نمایش کراوە. هەر لەو کاتەوەی نووسراوە، ئەم شانۆییە بە هەزاران جار و لە سەدان جێگەی دنیا و بە دەیان زمانی جیاجیا خراوەتە سەر تەختەی شانۆ. وێڕای ئەمەش دەیان گەورە دەرهێنەر کردوویانەتە فیلمی سینەمایی و تەلەڤزیۆنی و تەنانەت سەمای بالێ.

دێڤید ریچمان لەبارەی ئەو شانۆییەوە دەڵێت: "هیچ کۆمیدیایەکی تری شێکسپیر مەودایەکی خەیاڵی هێندەی ئەمە فراوان بۆ دەرهێنەران و دیزاینکاران و ئەکتەران پێشکێش ناکات."[١]

سەرباری کۆنێتی ئەم شانۆییە، ڕەنگە خوێنەر بپرسێت: چی وای کردووە کە ئەم شانۆییە هەموو کات لە پێشەوەی ئەو شانۆییە نمایشکراوانەی سەرجەم ڕۆژگارەکان بێت و بەردەوام هۆڵی شانۆ

1. David Richman, Laughter, Pain, and Wonder: Shakespeare,s Comedies and the Audience in the Theater, 1990

جمەی لە بینەران بێت؟

بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە من پێم باشە کەمێک لە کۆمیدیا و کۆمیدیاکانی شێکسپیر بدوێین ئەوسا خوێنەر بەخۆی دەگاتە ئەو ئەنجامەی بۆچی ئەم شانۆییە بووەتە دیاردەیەکی دانسقە و بایەخدار لە نێوان هەموو کۆمیدیاکانی تری شێکسپیر.

## دووەم: جۆرەکانی کۆمیدیا

زۆر بەسادەیی کۆمیدیا شانۆییەکە کە بۆ خۆشی دەنووسرێت و نمایش دەکرێت و کۆتاییەکەشی بە خۆشی دێت و ئامانجیش لەو جۆرە درامایە پێکەنینە. کۆمیدیای شێکسپیر هەردوو ڕەگەزەی خۆشی و پێکەنینی تێدایە. لەم شانۆییەدا گەوجێتی و خاڵی لاوازی کەسایەتییەکان بەجۆرێکی نەرم و بەبەزەییانە خراونەتە ڕوو.

لە ڕاستیدا دوو جۆرە شانۆیی کۆمیدی سەرەکی هەن:

### ١) کۆمیدیای کلاسیکی

لەم جۆرە کۆمیدیایەدا (یەکێتیی کات و شوێن و ڕووداو) لە بەرچاو دەگیرێت. لە پاڵ ئەوەشدا ڕەگەزەکانی تراجیدی و کۆمیدی تێکەڵ بەیەکتر ناکرێن. بابەتی ئەم جۆرە کۆمیدیایانەش شتی واقیعی و ژیانی ڕۆژانەیە. ئامانجی ئەم کۆمیدیانەش داشۆرین و ڕاستکردنەوەی هەڵە و چەوتی مرۆڤ و خراپەی کۆمەڵایەتی و کەم و کوڕیەکانە.

بەکورتی و بەکوردی کۆمیدیای کلاسیکی بە خەڵک پێ دەکەنێت، نەک لەگەڵ خەڵک پێ دەکەنێت. باشترین نموونەی شانۆیی کلاسیکی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا شانۆییەکانی (بێن جۆنسن)ن.

### ٢) کۆمیدیای ڕۆمانسی

لەم جۆرە کۆمیدیایەدا هەموو ڕێسایەکانی کۆمیدیای کلاسیکی وەلانراون و بەپێی پێویستی خەیاڵ و ئەندێشە دەنووسرێن. شێکسپیر لە بنچینەوە کۆمیدیای ڕۆمانسی نووسیووە. ئەو هەردەم ڕەگەزە کۆمیدی و تراجیدییەکانی تێکەڵی یەکتر کردووە و شتی خەمبار و خۆشی لە پاڵ یەکتر داناوە. ئەمەش وای کردووە شانۆییەکانی ئەو واقیعیانەتر دەربکەون. جا چونکە ژیانی مرۆڤ بریتییە لە شتی خەمبار و شتی خۆش، ئامانجی شێکسپیر ئەوە نەبوو داشۆرین و راستکردنەوە ئەنجام بدات. مەبەستی سەرەکی شێکسپیر ئەوە بوو کە پێکەنینێکی خۆشی بەسەزمانانە و دڵسافانە بێنتە بەرهەم. ئەمەش واناگەیەنێت کە گەوجێتی و چەوتی و کەموکورییەکان ناکەونە بەر نەشتەری گاڵتەپێکردن. بەڵام ئەم گاڵتەپێکردنە بە نەرمی و بەزەییەوە دێتە بەرهەم. کۆمیدییەکانی شێکسپیر شاعیرانە و داهێنەرانەن. پتر ئەندێشە و خەیاڵ بەسەریاندا زاڵە لەوەی ئاوەز و بیر. کۆمیدییەکان ڕوانینی هونەرمەندن، نەوەک خستنەڕووی ڕەخنەگران.

## سێیەم: کۆمیدیاکانی شێکسپیر

دەکرێت کۆمیدیاکانی شێکسپیر بکرێنە چوار جۆر:

أ) کۆمیدیا زووە پڕ هەراوهۆریایەکان

ئەمەش ئەو جۆرە کۆمیدیا ناکامڵ و گاڵتەجارانە دەگرێتەوە کە پڕاوپڕن لە قسەی ژیرانە و یاریکردن بە وشە و وێنەی ئەندێشەیی قووڵ. خۆشی ناو ئەو جۆرە کۆمیدیانە ڕەقەکارانە و توووند و کەم بەهان. نموونەی ئەم جۆرە کۆمیدیایانەی شێکسپیر شانۆیی (ڕەنجی

ئەوین بەبا چوو)، (کۆمیدیای هەڵەکان)، (دوو نەجیبزادەی ڤیرۆنا)، (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ن. ئەم جۆرە کۆمیدیایانە لاساییکردنەوەی شێوازی (لیلی)ن. وێنەکێشانی کەسایەتییەکان لاوازە و پێکهاتەی تانوپۆیەکەشی پڕ چەوتییە. ژیرایەتی قسەکان و گاڵتەجارییە لەڕادەبەدەرەکەی ئەم جۆرە شانۆییانە بە دڵی بینەرە ئێلیزابێسییەکان بوو.

ب) کۆمیدیا خۆش و بەتامەکان

نموونەکانی ئەم جۆرە کۆمیدیاییەی شێکسپیر بریتیین لە: (بازرگانی ڤێنیسیا)، (چۆنت پێخۆشە)، (هەراوهۆریایەکی بێ ئەنجام) و (شەوی دوازدەیەم). ئەوین و مۆسیقا، بەزم و خۆشی ڕەگەزی بنچینەیی ئەم کۆمیدیانەن. ئەوان کیژە پاڵەوانی نایابیان تێدایە. دروستکردنی کەسایەتییەکان لەو کۆمیدیایانەدا لە پاڵ خوڵقاندنی کەشوبای ڕۆمانسی چاکسازی تێدا کراوە. ئەم کۆمیدیایانە تێکەڵەیەکی جوانی ڕەگەزی ڕۆمانسی و واقیعی، شیعری و دراماتیکییە.

ج) کۆمیدیای ڕەش

ئەو جۆرە کۆمیدیایانە هەر بەناو کۆمیدیان، چونکە ناوەڕۆکەکانیان پڕاوپڕە لە ڕەشبینی و تراجیدیا. شانۆییەکانی (هەرچی بەباشی کۆتایی هات باشە)، (پێوانە بەپێوانە)، (ترۆیلەس و کرایسیدا) نموونەی ئەم جۆرە کۆمیدیانەن. ئەوان لایەنە خراپ و ناخۆشەکانی ژیان وێنا دەکەن. لە کۆمیدیای ڕەشدا بەها ڕەوشتییەکانی ژیان زۆر نزمە. ئەوان لایەنە نزمەکەی سۆزی زایەندی و بەها ڕەوشتییەکان دەخەنە بەرچاو. کەشوبای ئەم شانۆییانە پێکەنینی کۆمیدی نییە، بگرە گاڵتەپێکردنێکی تاڵە.

د) کۆمیدیا ڕۆمانسییەکان

لە ساڵانی کۆتایی بەرهەمەکانی و دوای قۆناغی تراجیدی، شێکسپیر دیسان کەوتەوە نووسینی کۆمیدیا. ئەم جۆرە کۆمیدیایانە چەند ئەدگارێکی دیاریان هەیە کە لە کۆمیدیا زووەکانیدا نابینرێن. ئەوانیش بریتین لە: (سیمبەلین)، (هەقایەتی زستانێ) و (زریان).

کۆمیدیاکانی شێکسپیر ڕۆمانسین نەک لەبەرئەوەی یەکێتیی کات و شوێن و ڕووداو و ڕێساکانی پێکهاتەی درامی بەلاوە دەنێت، بگرە لەبەرئەوەی لەم شانۆییانەدا ڕاکردن لە ناخۆشییەکانی ژیانی ڕۆژانە کرۆکی ئەو کۆمیدیانە پێک دەهێنێت. جێگا و شوێنی کۆمیدیاکانی شێکسپیر لەناو دەوروبەرێکی ساکاری گوندیانەدا دانراون وەکو (دارستانی ئاردن)، (گریکی کۆن)، یان (کەنارەکانی ئیلێریا).

کۆمیدیاکانی شێکسپیر چیرۆکی خۆشەویستی و ئەویندارین کە سەرەنجامەکەی بە زەماوەند کۆتایی دێت. لەو شانۆییانەدا نەک تەنیا پاڵەوان و کیژە پاڵەوان لە خۆشەویستیدان، بگرە هەموو کارێکتەرەکانی تریش هەروان. کارێکتەرەکانی شێکسپیر هەر لە یەکەمین نیگاوە دەکەونە داوی دڵداری چونکە لەوێ خۆشەویستی شتێکی ناچارییە وەکو مەرگ. ئەم پەتایە تووشی گەوج دێت وەک چۆن تووشی پیاوانی ناو کۆشک دێت، تووشی گەنجانی لاسار دێت وەک چۆن تووشی خانمێکی گران و سەنگین دێت.

ئاکارێکی تری کۆمیدیای شێکسپیر بریتییە لە مۆسیقا و سەماکردن. کۆمیدیاکانی شێکسپیر هەموو کات کۆتاییان بە سەما و گۆرانی و بەزم و خۆشی دێت و خواوەندی ئەوین سەرۆکایەتی ئەو ئاهەنگانە دەکات.

گەوج و گێلەپیاو دوو ئاکاری سەرەکی کۆمیدیاکانی شێکسپیرن. گەوجەکان نەک تەنیا دەبنە مایەی بەزم و خۆشی، بگرە ئەوان دەبنە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان تانوپۆی سەرەکی و تانوپۆی لاوەکی. وێڕای ئەوەش هەر ئەوانن سەرنج و پلارەکانیان لەبارەی ڕووداو و کەسایەتییەکانی ناو شانۆییەکان دەخەنە ڕوو.

## چوارەم: بیرۆکەکانی ناو (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)

لەم کۆمیدیایەدا سێ تانوپۆی بەناویەکتردا چوو هەن. یەکەمیان زەماوەندی (میر سیسیەس و شاژنی ئەمازۆنی هیپۆلیتا)یە، دووەمیان کێشەی نێوان (ئۆبیرۆنی شای پەرییان و تیتانیای شاژنی پەرییانە لەسەر منداڵێکی گۆڕدراوەی هیندی)، سێیەمیان (کێشەی مێردکردن و خۆشەویستیی نێوان هێرمیا – لیزاندەر و هێلینا – دیمیتریۆس)ە کە هەریەکەیان دەیانەوێت بەپێی حەزی خۆی زەماوەند بکات و نەک بەپێی داوونەریتی کۆمەڵگە. تەون و ڕایەڵی نێوان هەرسێ تانوپۆش ئەوین و دڵدارییە. شوێنی لێک دابڕان و بەیەکتر هەڵشاخان و ڕووبەڕوو بوونەوە دارستانێکی نزیک (ئەسینا)یە، شوێنی پێک گەیشتن و پێک شادبوونەوە و پێکهاتنەوەش هەر ناو هەمان دارستانە. بەڵام ئەو کارە هەروا بە ئاسانی نابێت، بگرە ئەفسوون و جادوو لەگەڵ سروشت و ژینگەی ناو دارستان دەبنە چارەسەر بۆ هەموو یاسا و ڕێسا خراپەکانی ناو کۆمەڵگە.

لەم شانۆییەدا ئەم هەموو کارێکتەر و کێشە و بیرۆکانە بەرچاو دەکەون. ئەگەر توانا و لێهاتوویی شێکسپیر نەبوایە، کەم شانۆنامەنووس لە وزەیاندا بوو ئەم هەموو دژ و ناکۆکە لە یەک جێگەدا کۆ بکەنەوە و پاشتریش بە تەبایی لەگەڵ یەکتریان بگونجێنن.

بیرۆکەکانی ناو ئەم بەرهەمە کۆمیدیەی شێکسپیر زۆرن و ئەمانە هەندێک لە بیرۆکە سەرکییەکانن:

ا) ئەوین و دڵداری

ب) کێشەی کات

ج) لەدەستدانی ناسنامەی تاکایەتی

د) ئارەزووی نادیاری سێکسی

ھ) باڵادەستی و ناباڵادەستی ژنسالاری

## پێنجەم: تەکنیک لە شانۆیی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)

لەم شانۆییەدا چەندان تەکنیکی دڵرفێن و سەرنج ڕاکێش بەکارهاتوون. هەرە دیار و بەرچاوەکانیان ئەمانەن:

أ) خەون و دنیای سەرووی سروشتی

ب) جنۆکە و پەری

ج) ئەفسوون و جادوو

د) گەوج و گێل

ھ) گۆرانی و مۆسیقا و سەما

و) شانۆیی لەناو شانۆییدا

ئەم شانۆییە سەدان لێکۆڵینەوەی جۆرەوجۆری لەسەر کراوە و بە چەندان شێوازی کۆن و هاوچەرخانە پێشکێش کراوە. ئەمەش ئەگەر شتێکمان بۆ ڕوون بکاتەوە ئەوە دەردەخات کە ئەمە یەکێکە لە شانۆییە نەمر و زیندووەکانی شێکسپیر.

د. ئازاد

هەولێر: شەوی ٢٠١٢/٨/٨

# خەونی شەوێکی چلەی هاوین

**کەسایەتییەکان:**

سیسیەس: میری ئەسینا

ئیجیەس: باوکی (هێرمیا)

لیزاندەر: عاشقی (هێرمیا)

دیمیتریۆس: عاشقی (هێرمیا) بەڵام پەسەندکراوی (ئیجیەس)ە.

فیلۆستریت: سەرۆکی ئاهەنگسازانی (سیسیەس)

کوینس: دارتاش

سنەگ: ناوماڵ ڕازێنەرەوە؛ ئەخشاڵساز

بۆتم: جۆڵا

فلوت: موشەدەمەسازکەر

سناوت: تەنەکەچی

ستارڤلینگ: بەرگدروو

هیپۆلیتا: شاژنی ئەمازۆنییەکان، نیشانکراوی (سیسیەس)ە.

هێرمیا: کچی (ئیجیەس)ە و عاشقی (لیزاندەر)ە.

هێلینا: عاشقی (دیمیتریۆس)ە.

ئۆبیرۆن: شای پەرییان

تیتانیا: شاژنی پەرییان

رۆبن گودفێلۆ: جنۆکە

پیسبلۆسم: پەری

کۆبوێب: پەری

مۆوت: پەری

موستاردسید: پەری

پێشگوتاربێژ، پیرامۆس، سیسبی، وۆڵ، مونشاین (مانگەشەو)، لایەن (شێر)

پەری تریش لەگەڵ شا و شاژنەکانیان دان

یاوەرانی (سیسیەس) و (هیپۆلیتا)

**دیمەنەکان:**

شاری (ئەسینا) و دارستانێکی نزیک ئەوێ.

**کات:**

*رۆژی یەکەم:* پەردەی یەکەم

*رۆژی دووەم:* پەردەی دووەم تا پەردەی چوارەم – دیمەنی یەکەم

*رۆژی سێیەم:* پەردەی چوارەم – دیمەنی یەکەم تا کۆتایی شانۆییەکە.

# پەردەی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

ئەسینا. کۆشکی سیسیەس

سێسیەس و هیپۆلیتا، فیلۆستریێت و یاوەران دێنە ژوورەوە

**سیسیەس:** ئێستا، ئەی (هیپۆلیتا)ی نازدار، کاتی زەماوەندمان
بە پەلە دێت؛ چوار ڕۆژی خۆشی تر دەبێتە
مانگێکی تر؛ بەڵام، ئای، من پێم وایە مانگی پیر
چەند بە خاوی دەتوێتەوە! ئەو ئارەزووەکانم بەچەشنی
زڕدایکێک یان بێوەژنێک بەدوا دەخات، کە دەیەوێت
بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سامانی گەنجێک بفەوتێنێت.

**هیپۆلیتا:** چوار ڕۆژ بەخێراییی خۆ هەڵدەدێرنە ناو شەو؛
چوار شەو بەپەلە بەخەونان کاتەکە بەسەر دەبەن،
ئینجا مانگ، وەکو کەوانەیەکی زیوین
بەتازەیی لە ئاسماندا چەماوەتەوە، شەوی
سەنگینی زەماوەندمان دەبینێت.

**سیسیەس:** بڕۆ (فیلۆستریێت)
گەنجانی (ئەسینا) بۆ بەزم و خۆشی جۆش بدە؛
ڕۆحە زیتەڵ و سرکەکەی شادی واگا بهێنە؛
دڵتەنگی بۆ لای پرسە بنێرە؛
ئەم هاوڕێیە ڕەنگ زەردە بۆ بەزم و تەنتەنەکەی ئێمە نابێت.

(فیلۆستریێت دەڕوات)

هیپۆلیتا، من دڵی تۆم بە شمشێرەکەم وەدەست هێنا،

ئەوینی تۆشم بە زام لێکردنت بردەوە؛

بەڵام من تۆ بە جۆرێکی تر دەخوازم،

بە تەنتەنە، بە سەرکەوتن و هەرا و خۆشییەوە.

*ئیجیەس و (هێرمیا)ی کچی لەگەڵ (لیزاندەر) و (دیمیتریۆس) دێنە ناوەوە*

**ئیجیەس:** یاخوا میری ناودارمان، (سیسیەس) بەختەوەر بێت!

**سیسیەس:** سوپاس، (ئیجیەس)ی چاک، باس و خواست چییە؟

**ئیجیەس:** من بە کۆمەڵێک کێشەوە هاتووم، سکاڵا لە منداڵەکەی

خۆم، لە (هێرمیا)ی کچم دەکەم.

(دیمیتریۆس)، وەرە پێش. سەرداری جوامێرم،

ئەو پیاوە ڕەزامەندی منی هەیە بۆ خواستنی ئەو.

(لیزاندەر)، وەرە پێش. جا، ئەی میری میهرەبانم،

ئەو پیاوە سینەی منداڵەکەمی جادووبەند کردووە.

تۆ، تۆ، (لیزاندەر)، تۆ شیعرت پێی داوە،

دیاری ئەوینت لەگەڵ منداڵەکەم گۆڕیووەتەوە؛

تۆ بە مانگەشەوان لەبەر پەنجەرەکەی گۆرانیت گوتووە،

بە دەنگێکی پڕ چێژ، هۆنراوەی فریوودەری ئەوینت چڕیووە،

بە لوولی قژت سەرنجی خەیاڵی ئەوت بۆ خۆت دزیووە،

بەئەڵقە و زڕە و پۆلیە و قسەی دلڕفێن،

بەحەتۆتە و خرتکە و پرتکە و چەپکەگوڵ و شیرنەمەنی –

کە هەموویان کاریگەری بەهێزیان لەسەر گەنجی ناسک هەیە؛

تۆ بە فڕوفێڵ دڵی کیژەکەی منت دزی؛

وات کرد گوێڕایەڵی ئەو، کە هی خۆمە،
ببێتە دڵڕەقییەکی سەرسەختانە. جا، ئەی میری میهرەبانم،
ئەگەر کیژەکەم لێرە لەپێش ئێوەی پایەبەرز
رازی نەبێت مێرد بە (دیمیتریۆس) بکات،
من داوای نازیاری کۆنینەی (ئەسینا)یی دەکەم:
چونکە ئەو هی خۆمە و من دەتوانم لە کۆڵی بکەمەوە؛
یان بەوەی مێرد بەم جوامێرە بکات
یاخۆ بەپێی یاساکەمان کە راستەوخۆ بۆ ئەو
مەسەلەیە دانراوە بەرەو مەرگ بڕوات.

**سیسیەس:** (هێرمیا)، تۆ چی دەڵێیت؟ قسە لە گوێ بگرە، خانمی نازدار.
لای تۆ دەبێت باوکت وەکو خوداوەند بێت؛
ئەوەی کە جوانییەکانی بە تۆ داوە؛
لەلای ئەو تۆ تەنیا شێوەیەکیت لە مۆم،
ئەو تۆی لە چاپداوە، هەر لە توانای ئەویشدایە
کە شێوەکەت بهێڵێت، یان تێکی بدات.
(دیمیتریۆس) جوامێرێکی شایستەیە.

**هێرمیا:** (لیزاندەر)یش وایە.

**ئیجیەس:** ئەو بەخۆی وایە.
بەڵام، لەو بابەتەی کە پێویستی بە دەنگی باوکتە،
پێویستە ئەوەکەی تر شایستەتر بێت.

**هێرمیا:** خۆزگە باوکم بەچاوی من سەیری بکردایە.

**سیسیەس:** یان دەبوایە چاوانی تۆ بە لێکدانەوەی ئەو بیانڕوانیبووایە.

**هێرمیا:** من تکام لە پایەبەرزتان ئەوەیە لێم ببوورن.
من نازانم بە کام هێز هەست دەکەم ئازام،

ناشزانم چۆن لە خاکەڕایی من و بوونی
ئێوەدا دەوەشێتەوە بیرەکانم دەربڕم؛
بەڵام من لە پایەبەرزتان دەپاڕێمەوە تا بگرە بزانم
لەو مەسەلەیەدا خراپترین شت چییە بەسەرم دێت،
ئەگەر من رازی نەبم مێرد بە (دیمیتریۆس) بکەم.

**سیسیەس:** یان دەبێت مەرگ ببینیت، یان دەبێت
هەتا هەتایە دەستبەرداری کۆمەڵگەی پیاوان بیت.
جا بۆیە (هێرمیا)ی نازدار، لە ئارەزووەکانی خۆت بپرسە،
گەنجێتی خۆت بزانە، بە چاکی لە سۆزەکانی خۆت بنوارە،
ئاخۆ ئەگەر خۆ نەدەیتە دەست هەڵبژاردنی باوکت،
دەتوانیت بەرگەی ژیانی رەبەنایەتی بگریت،
هەتا هەتایە لە سێبەری پەراوێزخراویدا بەند بیت،
بەدرێژاییی ژیانت ببیت بە خوشکێکی نەزۆک،
بەستەی نەرم بۆ مانگی ساردی بێ بەرهەم بڵێیت.
سێ جار ئەوانەی وا بەرزەفتی سۆزی خۆیان دەکەن
بۆ چوونە ژێرباری ئەو حەجە کیژانەیە، پیرۆزن؛
بەڵام خۆشی زەمینی گوڵێکی دڵۆپێنراوە بۆ ئەوە نییە
بەسەر دڕکی پاکیزەییدا بژاکێت، بگرە بۆ ئەوەیە
لەناو تاقە پیرۆزییەکدا گەشە بکات، بژیێت و بمرێت.

**هێرمیا:** جا گەورەم، من وا گەشە دەکەم، وا دەژیم، واش دەمرم،
بەر لەوەی پاکیزەیی مۆرکراوم بدەمە دەست
گەورەیی ئەوەوە، کە پەسەندکردنی من نایەوێت
سەروەری بە نیر و کەڵەمەی نەویستراوی ئەو ببەخشێت.

**سیسیەس:** کات وەرگرە بۆ بیرکردنەوە؛ لەگەڵ مانگی نوێ ـ

لەو ڕۆژەی کە مارەیی نێوان من و دولبەرەکەم
بە پەیمانێکی هاوسەرگیری هەتاهەتایە مۆر دەکرێت –
لەو ڕۆژەدا یان ئامادە بە بۆ مردن
لەبەر ناگوێڕایەڵبوون بۆ ویستی باوکت،
یان مێرد بە (دیمتریۆس) بکە، کە ئەویش پێی خۆشە،
یانیش لە قوربانگەی (دایانا)[2]وە سوێند بخۆ کە هەتا هەتایە
ژیانێکی پڕ سەختگیری و ڕەبەنایەتی بژیت.

**دیمیتریۆس:** نەرم بە، ئەی (هێرمیا)ی شیرین؛ تۆش (لیزاندەر)
دەست بەردە لەو نازناوەی کە بەدڵنیاییەوە ڕەوای خۆمە.

**لیزاندەر:** (دیمتریۆس) تۆ خۆشەویستی باوکی ئەوت هەیە؛
لێگەڕێ با ئەوەی (هێرمیا) بۆ من بێت، ئەرێ تۆ باوکی دەخوازیت؟

**ئیجیەس:** ئەی (لیزاندەر)ی بێ ڕێز، ڕاستە، ئەو خۆشەویستی منی هەیە؛
هەرچییش هی منە خۆشەویستیم دەیبەخشێت بە ئەو؛
ئەویش کیژی خۆمە؛ جا من هەموو مافەکانی خۆم لەودا
دەدەم بە (دیمیتریۆس).

**لیزاندەر:** گەورەم، منیش وەکو ئەو لە باشان وەپاش کەوتووم،
وەک ئەویش موڵکدارم؛ خۆشەویستی من لە هی ئەو پترە؛
بە هەموو جۆرێک سەر و سامانم لە ئاستی بەرزی ئەودان،
ئەگەر لەوەی هی (دیمیتریۆس) بەرزتریش نەبن؛
ئەوەش کە پتر خۆی پێوە بابدەم ئەوەیە،
من لەلایەن (هێرمیا)ی جوانەوە خۆش ویستراوم.
جا بۆچی من داوای مافی خۆم نەکەم؟

---

٢. لە ئەفسانەی گریکیدا (دایانا) خواوەندی پاکیزەییە. (وەرگێڕ)

من لەبەرەو ڕووی ئەو دەیسەلمێنم کە (دیمیتریۆس)،
دڵداری لەگەڵ (هێلینا)ی کچی (نیدار) کردووە،
ڕۆحیشی لێی سەندووە؛ ئەو خانمە شیرینەش،
زۆر بەدڵسۆزییەوە مەیلی داوەتە پەرستنی
ئەم پیاوە لەکەدار و جێ نەگیرە.
**سیسیەس:** پێویستە دان بەوەدابنێم کە من زۆرم بیستووە،
بیرم کردەوە کە لەو بارەیەوە لەگەڵ (دیمیتریۆس) بدوێم؛
بەڵام، چونکە یەگجار سەرقاڵی کاروباری خۆمم،
مێشکم لەبیری چووبۆوە. بەڵام، وەرە، (دیمیتریۆس)؛
تۆش وەرە، (ئیجیەس)؛ ئێوە لەگەڵ من دێن؛
من هەندێک ئامۆژگاری تایبەتیم بۆ هەردووکتان هەیە.
تۆش، (هێرمیا)ی جوان، بڕوانە وا لە خۆت بکە
کە ئارەزووەکانت لەگەڵ ویستی باوکت بگونجێن،
دەنا یاسای (ئەسینا) – کە ئێمە بە هیچ جۆرێک ناتوانین
خاوی بکەینەوە – تۆ دەداتە دەست مەرگ
یان سوێندی ژیانێکی رەبەنی.
وەرە، (هیپۆلیتا)کەم، چ خۆشییەک هەیە، دولبەری من؟
(دیمیتریۆس) و (ئیجیەس) لەگەڵم وەرن؛
من دەبێت هەندێک کار بە ئێوە جێبەجێ بکەم
کە پێوەندی بە زەماوەندەکەمانەوە هەیە، هەروا لەگەڵتان بدوێم
لەبارەی هەندێک شت کە پێوەندی بە خۆتانەوە هەیە.
**ئیجیەس:** بە ئەرک و دڵخۆشییەوە ئێمە بە دوات دەکەوین.
(هەموویان دەڕۆن جگە لە "لیزاندەر" و "هێرمیا")
**لیزاندەر:** چییتە، گیانەکەم! بۆچی سەر کوڵمت هێندە ڕەنگ زەردە؟

چۆن ڕێکەوت گوڵەکانی ئەوێ وا زوو ژاکان؟

**هێرمیا:** لەوانەیە لەبەر بێ بارانی وابن، کە من زۆر بەچاکی دەتوانم
لە ڕەشەبای چاوەکانمەوە پێیان ببەخشم.

**لیزاندەر:** ئای لە خۆمێ! لە هەر شتێکدا کە تا ئێستا خوێندبێتمەوە،
تا ئێستا چ لە هەقایەتان یان مێژوودا بیستبم،
هەرگیز رەوتی ئەوینی ڕاستەقینە بەنەرمی نەڕۆیشتووە؛
هەر دەبێت پایەی یەکێکیان لەوی تر جیا بێت –

**هێرمیا:** ئای پێچەوانەیی! ئەوەی یەگجار بەرزە دەبێت دڵبەندی
پایەنزمەکە بێت.

**لیزاندەر:** یان دەبێت ئەوان لە مەسەلەی تەمەندا لێک جیا بن –

**هێرمیا:** ئای بە نەفرەت بێ! ئەوەی زۆر پیرە و کچێکی گەنجتر دەخوازێت.

**لیزاندەر:** یان دەبێت بە هەڵبژاردنی برادەرانی ژن بهێنێت –

**هێرمیا:** بەرەو دۆزەخ! ئەوەی بە چاوی کەسێکی تر دڵداری بکات.

**لیزاندەر:** یاخۆ، ئەگەر لە هەڵبژاردندا سۆزی ئەوین هەبوو،
بەڵام شەڕ، مردن، یان نەخۆشی، گەمارۆی ئەوینەکەی دا،
بە چەشنی دەنگێک دەیکاتە شتێکی ساتەوەختی،
خێرا وەکو سێبەر، کەمخایەن وەکو هەر خەونێک،
کورت وەکو هەورەتریشقەی شەوێکی رەشی تەنییاوی،
کە لە تاوێکدا، ئاسمان و زەوی وەدەر دەخات،
تەنانەت بەرلەوەی مرۆڤ بتوانێت بڵێت "بڕوانە!"
شەویلاکی تاریکی قووتی دەدات؛
شتە پڕشنگدارەکان ئاوەها خێرا تێک دەشێوێن.

**هێرمیا:** کەواتە ئەگەر عاشقە ڕاستەقینەکان هەموو کات لێکدابڕابن،
ئەمە وا دەکەوێتەوە کە بڕیاری چارەنووسە.

جا با ئێمە پشوو درێژییە ئەزموونییەکانمان وا فێر بکەین،
چونکە شتێکی باوە کە لێکداببڕێین،
ئەمـــەش وەکــو بیــرکــردنـەوە و خـــەون و هـەنسک و ئومـــێـد و
فرمێسک
خۆی بەشێکە لە ئەوین – دواکەوتەی سۆزە بەسەزمانەکەن.
**لیزاندەر:** ئەمە بیر و باوەڕێکی چاکە. بۆیە، (هێرمیا) گوێم لێ بگرە.
من پوورێکی بێوەژنم هەیە، سامانێکی باشی بە میرات
بۆ ماوەتەوە، هەروا هیچ منداڵێکیشی نییە ـ
ماڵەکەی حەوت فەرسەخ[٣] لە (ئەسینا)وە دوورە ـ
هەروا وەکو کوڕی تاقانەی خۆی ڕێزم دەگرێت.
لەوێ، ئەی (هێرمیا)ی نەرمونیان، ڕەنگە مارەت بکەم،
یاسای توندوتیژی (ئەسینا) ناتوانێت تا ئەوێ
بەدوامان بکەوێت. جا ئەگەر تۆ منت خۆش دەوێت،
سبەی شەو لە ماڵی باوکت خۆت بدزەوە؛
لەناو دارستانەکە، کە فەرسەخێک لە شارۆچکەکەوە دوورە،
لەو جێگەیەی کە جارێک من تۆم لەگەڵ (هێلینا) بینی
کە لەوێ ئاهەنگی سپێدەیەکی مانگی گوڵانتان دەگێڕا،
من بۆ تۆ لەوێ دەبم.
**هێرمیا:** ئەی (لیزاندەر)ی چاکم!
من سوێند بە بەهێزترین کەوانی (کیوپید)[٤] دەخۆم،

---

٣. هەر (فەرسەخ)ێک سێ میلە. (وەرگێڕ)

٤. (کیوپید) لە ئەفسانەی گریکیدا خواوەندی عیشقە و لە شێوەی منداڵێکی چاو بەستراوەیە کە تیروکەوانێکی لە دەستە و دڵی عاشقان بەم تیرە دەسمێت. (وەرگێڕ)

بە باشترین تیری ئەو، کە سەرەکەی زێڕینە،
بە بەسەزمانی کۆترەکانی (ڤینۆس)[5]ی خواوەند،
کە گەشە بە عیشق دەکات و ڕۆحەکان بەلێکتر چنین دەکاتە بەند،
هەروا بەو ئاگرەی کە شاژنی (کارسیج)[6]ی سووتاند،
کاتێک دوورکەوتنەوەی خەڵکانی (تەروادە)ی ساختە ڕوانینی ڕماند،
سوێند بەو هەموو پەیمانانەی کە تا ئێستا شکاندوویانە پیاوان،
کە ژمارەیان زۆر لەوە پترە کە داویانە ژنان،
لە هەمان ئەو شوێنەی بۆت دەستنیشان کردووم تۆ،
سبەی بەڕاستی لەوێ چاوم دەکەوێت بە چاوی تۆ.

**لیزاندەر:** گیانەکەم، پەیمانەکەت ڕابگرە. بڕوانە، ئەوا (هێلینا) دێتە ئێرە.

*(هێلینا) دێتە ژوورەوە*

**هێرمیا:** ئۆغرت خێر، (هێلینا)ی نازدار! بەرەو کوێ؟

**هێلین:** تۆ بە نازدار بانگم دەکەیت؟ جارێکی تر وا مەڵێ.
(دیمیتریۆس)، عاشقی جوانی تۆیە. ئۆه، ئەی نازداری بەختەوەر!
چاوانت ئەستێرەی جەمسەرن و لە زمانت ئاوازی شیرینتر دێنەدەر
لە چریکەی کلاوکوڕە بۆ بەر گوێی کاکەی شوان،
کاتێک گەنم قەرسیلە و گۆپکەی گێوژ دێتە پشکوان.
نەخۆشی پەتایە؛ ئۆه، خۆزگە جوانییش وەها بوایە،
ئەی (هێرمیا) نازدار پێش ئەوەی بڕۆم بمگرتایە!
گوێچکەکانم دەنگی تۆ، چاوانیشم چاوەکانی تۆ،

---

٥. (ڤینۆس) لە ئەفسانەی گریگییدا خواوەندی جوانییە. بەپێی ئەو ئەفسانەیە کۆمەڵێک کۆتری بەسەزمان گالیسکەکەی (ڤینۆس) ڕادەکێشن. (وەرگێڕ)

٦. ئەمە ئاماژەکردنە بۆ (دیدۆ)ی شاژنی (کارسیج) کاتێک بینی خەڵکانی (تەروادە) کارسێج بەجێ دەهێڵن. (وەرگێڕ)

زمانیشم نەوای خۆشی زمانە شیرینەکەی تۆ.
هاتبا دنیا هی من بوایە، لە (دیمیتریۆس) بترازێت،
هەمووم دەبەخشی تا وەکو تۆم لێ بێت.
ئۆه، فێرم بکە تۆ چۆن و بە چ هونەرێک دەروانی
جووڵەی دڵی (دیمیترۆس) دەخەیتە جۆلانێ!
**هێرمیا:** من رووم گرژ دەکەم، کەچی ئەو هێشتا عاشقم دەبێت دەستوبرد.
**هێلین:** ئۆه، خۆزگە رووگرژی تۆ، خەندەکانی منی فێری ئەو هونەرە دەکرد!
**هێرمیا:** من نەفرەتی لێ دەکەم، کەچی ئەو منی خۆش دەوێت.
**هێلین:** ئۆه خۆزگە نزاکانم ئەو سۆزانەی بجوولێنێت!
**هێرمیا:** من چەند زێتر رقم لەو ببێتەوە، ئەو هێندە دوام دەکەوێت.
**هێلین:** منیش چەند پتر ئەوم خۆش بوێت، ئەو هێندەی تر رقی لێم دەبێت.
**هێرمیا:** (هێلینا)، من لە بێ مێشکی ئەو خەتابار نیم.
**هێلین:** تۆ هیچت نییە، تەنیا جوانییەکەتە، خۆزیا بەو خەتایە خاکەساربم.
**هێرمیا:** ئاسوودە بە: ئەو چیی تر نابینێت چارەی من؛
(لیزاندەر) و من لەم شوێنە بەیەگجاری دەبین ون.
پێش کاتی بینینی (لیزاندەر)ی خۆم،
دەتگۆت بەهەشتە (ئەسینا) لەلای خۆم.
ئۆه، کەواتە، چ بەهرەیەک دەژیت لەناو ئەوینی منا،
کە ئەو بەهەشتەی کرد بە دۆزەخ لە بەرچاوما!
**لیزاندەر:** (هێلین)، ئێمە بیری خۆمان لەلای تۆ دەکەین ئاشکرا:
سبەی شەو، کاتێک (فۆیبە)[7] رووخساری دەبێت پەیدا
رووخسارە زیوینەکەی لەناو ئاوێنەی ئاویدا خۆی دەنوێنێت،

٧. (فۆیبە) خواوەندی مانگە لەلای گریکییەکان. (وەرگێڕ)

به گەوهەری خوناوان کەڵە گیا دەخەملێنێت،
ئەو کاتەی هێشتاش دەشارێتەوە ڕاکردنی عاشقان
ئێمە داماننناوە بەناو دەروازەی (ئەسینا) بدزینەوە خۆمان.
**هێرمیا**: جا لەو دارستانەی کە خۆت و من زۆر جار
درێژ دەبووین لەسەر نوێنی گوڵە ناسکەکانی بەهار،
سینەی خۆمان بۆ یەکتر دەکردەوە بەباسی خۆشی ئەوان ،
لەوێ (لیزاندەر)ی من و خۆم یەکتر دەبینینەوە، هەی گیان
ئینجا لەوێوە لەسەر (ئەسینا) لادەبەین چاوانی خۆ،
بۆ گەڕان بە دوای برادەرانی نوێ و هاوڕێیانی نامۆ.
خوا حافیز، هاوڕێی شیرینی یارییەکانم؛ بۆمان بکە نزا،
(دیمتریۆس)ی تۆش بەختێکی چاکت بۆ پەیدا بکا!
بەڵێنت بگەیەنە سەر، (لیزاندەر)؛ دەبێ برسی ڕاگرین چاوانمان
تا درەنگی سبەی شەو لە خۆراکی عاشقان.
**لیزاندەر**: وا دەکەم، (هێرمیا)ی خۆم. (هێرمیا دەڕوات) خواحافیز، (هێلینا)!
یا خوا تۆ چەند ئەوت خۆشدەویست، (دیمیتریۆس)یش تۆی خۆش ویستبا.

(دەڕوات)

**هێلین**: چەند دڵخۆشن هەندێک کەس بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دی!
لە سەرانسەری (ئەسینا) دەڵێن نازدارم بەچەشنی وی.
(دیمیتریۆس) وا بیر ناکاتەوە؛ جا ئەوە بەچی دەچێت؟
ئەو ئەوە نازانێت کە هەموو کەس جگە لە خۆی ئەوە دەزانێت.
جا کە هەڵە دەکات و بە ڕووخساری (هێرمیا) بووە گرفتار،
منیش وا دەکەم، بە ئاکاری ئەو بوویمە دۆست و یار.

شتی نزم و خراپ، کە نییەتی هیچ بەها و سەنگ
ئەوین دەتوانێت بیکاتە شێوە و شکۆمەندی هەمەڕەنگ.
ئەوین بە چاوان شت نابینێت، بگرە بە بیر و خەیاڵ؛
بۆیەش بە چاو بەستراوەیی وێنەی کێشراوە (کیوپید)ی خاوەن باڵ.
نییەتی هیچ وردبوونەوە و لێکدانەوەی بیری ئەوین؛
باڵەکان نەک چاو پەلەکردنی هەڵەشە دێنێتە ژین؛
بۆیەش گوتراوە ئەوین منداڵێکی ساوایە،
چونکە لە هەڵبژاردندا زۆرجار خڵەتێنرایە.
بەچەشنی کوڕان لە یارییدا دەخۆن سوێندی درۆ،
ئاواش کۆرپەی ئەوین لەهەموو شوێنێک دەشکێنێ بەڵێن بێ هۆ؛
چونکە پێش ئەوەی (دیمیتریۆس) بڕوانێتە چاوانی (هێرمیا)،
ئەو وەک تەزرە سوێندی بۆم دەباراند کە هی منە تەنیا و تەنیا؛
جا کە ئەو تەزرەیە هەندێک گەرمایی لە(هێرمیا)وە هەست پێکرد،
(دیمیتریۆس) توایەوە، بارانی سوێندەکانیش توانەوە و چکی کرد.
من دەچم لەبارەی راکردنی (هێرمیا)ی نازداری پێ رادەگەیەنم؛
ئینجا سبەی شەو لەناو دارستانێ ئەو دەبینم
کەوتووەتە دوای ئەو؛ گەر تۆ سوپاسمەندم بیت
بۆ ئەم هەواڵە نهێنییە، بەهاکەی شایستە دەبێت.
بەڵام من مەبەستمە ئازارەکانی خۆم چارەسەر بکەم،
کە ئەو بۆ ئەوێ دەچێت و دەگەڕێتەوە بە ئەستەم.
(دەڕوات)

## دیمەنی دووەم

ئەسینا . ماڵی (کوینس)

کوینس، سنەگ، بۆتم، فلووت، سناوت و ستارڤلینگ دێنە ناوەوە

**کوینس:** ئەرێ هەموو دارودەستەکەمان لێرەن؟

**بۆتم:** وا باشترە تۆ، بەپێی ئەو لیستەیەی کە نووسراوە، یەکە یەکە ناویان بانگ بکەیت.

**کوینس:** ئەوەتا تۆماری ناوی هەموو ئەوانەی کە لە سەرانسەری (ئەسینا)دا لێوەشاوەن بۆ ئەوەی ڕۆڵ ببینن لە کورتە شانۆییەکەماندا کە بەنیازین شەوێ بەبۆنەی زەماوەندی میر و خانم پێشکێشی بکەین.

**بۆتم:** یەکەم جار، (پیتەر کوینس)ی چاک، پێمان بڵێ شانۆییەکە لەبارەی چییەوەیە؛ دواتر ناوی ئەکتەرەکان بخوێنەوە، ئینجا بگەرە دەرەنجامەکەی.

**کوینس:** بە مەریەم، شانۆییەکەمان "کۆمیدی هەرە جەرگبڕ، مەرگی هەرە دڵڕەقانەی پیرامۆس و سیسبیی"ە.

**بۆتم:** کارێکی یەگجار چاکە، دڵنیات دەکەمەوە، هەروا خۆشیشە. ئێستا (پیتەر کوینس)ی چاک، ئەکتەرەکانت بەپێی تۆمار بانگ بکە بێن بۆ ئێرە. بەڕێزان، خۆتان ڕێکخەن.

**کوینس:** کاتێک بانگتان دەکەم وەڵام بدەنەوە. (نیک بۆتم)ی جۆلا؟

**بۆتم:** ئامادەم. پێم بڵێ من بۆ چ ڕۆڵێک دانراوم و بەردەوام بە.

**کوینس:** (نیک بۆتم)، تۆ بۆ ڕۆڵی (پیرامۆس) دانراویت.

**بۆتم:** (پیرامۆس) چییە؟ عاشقە یاخۆ زۆردار؟

**کوینس:** دڵدارێکە کە زۆر مەردانە لە پێناوی ئەویندا خۆی دەکوژێت.

**بۆتم:** ئەمە لە کاتی پێشکێشکردنیدا پێویستی بە هەندێک فرمێسکی ڕاستەقینە هەیە. ئەگەر من پێشکێشی بکەم، با بینەران هەندێک ئاگایان لە چاویان بێت؛ من هەرا و فەرتەنە دەنێمەوە؛ من بەسۆزەوە شیندەگێڕم. ناوی ئەوانەی ماون بڵێ ـ کەچی مەیلی سەرەکی من لە ڕۆڵی زۆردارەکەیە. من بە جۆرێکی دانسقە دەتوانم ڕۆڵی (هێرکلیس) ببینم، یاخۆ لە بەشێکی وادا ڕۆڵ بگێڕم بە هەراوزەنایەک کە:

*"تاشەبەردی هار*
*هێدمەی لەرزدار*
*قوفڵ دەکاتە پار*
*هی دەرگای زیندانی،*

*گالیسکەی (فێبەس)*[8]
*لە دوور درەوشانی هەس*
*دێنێ و تێک دەدات بەس*
*چارەنووسی گەوجانی."*

ئەمە شیعرێکی بەرز بوو! – ئێستا بانگی ئەکتەرەکانی تر بکە. – ئەمە شێوازی (هێرکلیس) بوو، شێوازی زۆردارێک بوو. شێوازی دڵدار بەزەییهێنترە.

**کوینس:** (فرانسیس فلووت)ی موشەدەمەساز؟

**فلووت:** من لێرەم (پیتەر کوینس).

**کوینس:** (فلووت) تۆ پێویستە ڕۆڵی (سیسبی) ببینیت.

٨. (فێبەس) خواوەندی خۆرە. (وەرگێڕ).

**فلووت:** (سیسبی) چییە؟ سوارچاکێکی گەڕۆکە؟
**کوینس:** ئەو خانمەیە کە دەبێت (پیرامۆس) خۆشی بوێت.
**فلووت:** نەخێر، بەڕاستیمە، با رۆڵی ژنێک نەبینم؛ وا خەریکە ریشم دێت.
**کوینس:** هەمووی هەر یەکە؛ تۆ لە پشت دەمامکێکەوە ئەو ڕۆڵە دەبینیت، دەشتوانیت چەندی پێت خۆشە بە ناسکی قسان بکەیت.
**بۆتم:** ئەگەر من بتوانم ڕووخسارم بشارمەوە، لێگەڕێ با من ڕۆڵی (سیسبی)ش ببینم. من بەدەنگێکی یەگجار ناسک قسە دەکەم، "سیسنی، سیسنی"؛ "ئاهـ (پیرامۆس)، یارە خۆشەویستەکەم! تۆی خۆشەویستی (سیسبی)، تۆی یاری خانمەکەت!"
**کوینس:** نەخێر، نا، تۆ دەبێت ڕۆڵی (پیرامۆس) ببینیت؛ تۆش (فلووت)، تۆ دەبێت ڕۆڵی (سیسبی) ببینیت.
**بۆتم:** باشە، بەردەوام بە.
**کوینس:** (ڕۆبین ستارڤلینگ)ی بەرگدروو؟
**ستارڤلینگ:** من لێرەم (پیتەر کوینس).
**بۆتم:** (ڕۆبین ستارڤلینگ)، تۆ دەبێت ڕۆڵی دایکی (سیسبی) ببینیت. (تۆم سناوت)ی تەنەکەچی؟
**سناوت:** من لێرەم (پیتەر کوینس).
**بۆتم:** تۆ ڕۆڵی باوکی (پیرامۆس) دەبینیت؛ منیش ڕۆڵی باوکی (سیسبی). تۆش (سنەگ)ی ناومالّ ڕازێنەرەوە ڕۆڵی شێرەکە دەگێڕێت و هیوادارم ڕۆڵەکانتان لێ بێت.
**سنەگ:** ئەرێ ڕۆڵی شێرەکەت بەنووسراوەیی لایە؟ ئەگەر هەتە، داوا دەکەم پێم بدەیت، چونکە من لام زەحمەتە بە ئەزبەر بیلێیم.
**کوینس:** تۆ دەتوانێت لە خۆوەرا بیلێیت، چونکە جگە لە نەڕەنەڕ هیچی تر نییە.

**بۆتم:** رێم بدە با ڕۆڵی شێرەکەش ببینم. وا دەنەڕێنم کە دڵی هەموو کەسێک خۆش بکات کە گوێی لێم بێت. وا دەنەڕێنم کە وا لە میر بکەم بڵێت، "با دیسان بنەڕێنێت، با دیسان بنەڕێنێت."

**کوینس:** ئەگەر زۆر بەخراپی بنەڕێنیت، خانمی گەورە و خانمەکانی تر دەترسێنیت کە وا بقیژێنن؛ بەس، ئەمە بەسە بۆ لەداردانی هەموومان.

**هەموویان:** بەڵێ، ئەوان هەموو کەسێکی ئێمە لەدار دەدەن.

**بۆتم:** برادەران، من دانی پێدادەنێم، ئەگەر ئێوە زراوی خانمەکان ببەن و هزریان لە کەللەدا نەهێڵن، ئەوانیش جگە لە لەداردانمان هیچ ڕێگەچارەیەکیان نامێنێت؛ بەڵام من دەنگی خۆم بەشێوەیەکی وا گڕ دەکەم، کە وا من هێندە بە نەرمی دەنەڕێنم بەچەشنی نێرە کۆترێکی باڕ؛ وا دەنەڕێنم وەکو هەر بولبولێک.

**کوینس:** تۆ ناتوانیت جگە لە ڕۆڵی (پیرامۆس) هیچی تر بنوێنیت؛ چونکە (پیرامۆس) پیاوێکی قۆزە؛ پیاوێکی تەواوە وەکو ئەوانەی لە ڕۆژانی هاویندا دەبینرێن؛ پیاوێکی هەرە دڵگیر و جوامێرە. هەربۆیەش تۆ دەبێت ڕۆڵی (پیرامۆس) بنوێنیت.

**بۆتم:** باشە، من ئەو کارە دەکەم. بەڵام چ جۆرە ردێنێک باشترینیانە تا بتوانم ئەو ڕۆڵەی پێ بنوێنم؟

**کوینس:** بۆچی، هەرچی تۆ حەزت لێی بێت.

**بۆتم:** من ئەو ڕۆڵە دەنوێنم یان بە ڕیشی ڕەنگ قەسەڵی، یان بە ڕەنگی زەردی مەیلەو قاوەیی، یاخۆ بە ڕەنگی زەردی سورباو، یان بە ڕەنگی سەرکی زەردی پارەی فرەنسی، ئەو ڕەنگە زەردە هەرە نازدارە.

**کوینس:** هەندێک لەم سەرکە فرەنسییانە هیچ مووێکیان پێوە نەماوە؛ جا تۆ ئەو ڕۆڵە بە ڕووخسارێکی بێ موو دەنوێنیت. بەڵام بەڕێزان، ئەوە ڕۆڵەکانتانە؛ منیش تکاتان لێ دەکەم و داواتان لێ دەکەم و حەز دەکەم پێتان بڵێم کە تا سبەی شەو ڕۆڵەکانتان ئەزبەر بکەن؛ من لە کۆشکی ناو دارستان کە میلێک لە شارۆچکەکەمانەوە دوورە، ببیننەوە؛ لەوێ لەبەر تریفەی مانگ پرۆڤەی ڕۆڵەکانمان دەکەین؛ چونکە ئەگەر لەناو شار یەکتر بگرینەوە، خەڵکی زۆر بەدوامان دەکەون و نەخشەکەشمان دەزانرێت. لە هەمانکاتیشدا، من لیستی ئەو پێداویستییانە ئامادە دەکەم کە شانۆگەرییەکەمان پێویستی پێیەتی. تکام وایە، وا نەکەن تێبکەوم.

**بۆتم:** یەکتر دەبینینەوە و لەوێش هەرە رووقایمانە و ئازایانە پرۆڤەکە دەکەین. ئاگاتان لە خۆتان بێت؛ زۆر بەرێکوپێکی ئامادەبن، خواحافیز.

**کوینس:** لەلای داربەڕووی میری مەزن یەکتر دەبینین.

**بۆتم:** بەسە. پەیمانەکانتان ببەنە سەر، یان خۆتان شەرمەزار بکەن.

(دەڕۆن)

## پەردەی دووەم

### دیمەنی یەکەم

دارستانێکی نزیک (ئەسینا)

پەرییەک لە دەرگاییەکەوە دێتە ژوورەوە، ڕۆبن گودفێلۆی (جنۆکە)یش لە دەرگایەکی ترەوە.

**جنۆکە:** چییە، ئەی ڕۆح؛ ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

**پەری:** لەسەر گردان، لەسەر شێوان،
بەناو لێڕەوار و دەوەناندا،
بەسەر گۆڕەپان و پەرژینان،
بەناو لافاو و ئاگراندا،
من دەگەڕێم لە گشت جێ و ڕێ،
خێراتریش لە خوولانەوەی مانگ بێ:
من لە خزمەت شای پەرییاندا کار دەکەم،
بە شەونم بازنە جوانەکەی سەر مێرگی سەوز پڕ نەخش دەکەم،
گیا گێبەلەی درێژ هاودەستە و دایەرەی دەبن،
لەناو کوڵووکە زێڕینەکەیان پنتی بچووک دیار دەبن،
ئەوانە یاقووتن لە پەرییان بەدیاری پێیان بەخشراوە؛
لەناو ئەو پنتکانەدا بۆن و بەرامەکە ژینی پێدراوە.

من دەبێ لێرە بڕۆم بەدوای هەندێ دەنکە شەونم دابگەڕێم،
مرواریییەکیش لە گوێچکەی هەر گیا گێبەلەیەک دابنێم.
خواحافیز، ئەی ڕۆحی گەوج؛ وا دەڕۆم من.
شاژنەکەمان لەگەڵ هەموو جنۆکەکانی ئێستا لێرە پەیدا دەبن.

**جنۆکە:** شاهـ، بەزمی خۆی لێرە ئەنجام دەدات ئەمشەو.
ئاگەدار بە شاژن نەکەوێتە بەرچاوی ئەو،
لەبەرئەوەی (ئۆبیرۆن) یەگجار لێی تووڕە و پەستە،
چونکە دەیەوێ بۆ خۆی بیکات بە دارودەستە،
کۆرپەیەکی نازداری لە شای هیندستان دزیووە.
هەرگیز منداڵێکی گۆڕدراوەی وا شیرینی بەخۆوە نەدیووە؛
(ئۆبیرۆن)ی حەسوودیش ئەو منداڵەی لێی دەوێت؛
تا بیکاتە سوارچاک و لەگەڵ خۆی بەناو دارستانی کێویدا بگەڕێت؛
بەڵام شاژن بەزۆر ئەو منداڵە نازدارەی لای گلداوەتەوە خۆی،
تاجی گوڵانی دەکاتە سەر و کردوویەتە سەرچاوەی خۆشی خۆی.
جا ئێستا ئەوان هەرگیز یەکتر نابینن لە مێرگ یان دارستانان،
لەسەر قەڵبەزەی ڕوون، یا لەژێر ئاسمانی پڕ چریسکەی ئەستێران،
ئەوان دەکەونە شەڕ، جا گشت جنۆکەکانی ئەوان لەبەر ئەو ترسە
خۆ دەپەستنە ناو کلاوی بەڕوو و خۆ دەشارنەوە لەو کار و پرسە.

**پەری:** یان من سەر و شێوەتم بەهەڵە کردووە بەتەواوی،
یان تۆ ئەو ڕۆحە زۆرزان و بزبزۆکەی ناسراوی
بەناوی (ڕۆبن گودفیلۆ). ئەرێ تۆ ئەو نیت
کە زراوی کیژۆڵەکانی گوندان دەچووێنیت،

سەرتوێژی شیر دەدزیت، جاریش وایە دانەوێڵەی ناو دەستاڕ،
کاتی مەشکەژەنین بەبێهوودەیی هەناسە دەبڕیت لەکابانی هەژار،
هەندێ جاریش وا دەکەیت کەف نەکەن خواردنەوە،
ڕێبواران بەهەڵەدا دەبەیت، بە ئازاریان پێدەکەنیت بەم شەوە؟
ئەوانەی بە "هۆبگۆبلین" و "جنۆکەی شیرین" ناوت دێنن،
تۆ کاریان بۆ دەکەیت، بەختی چاک بۆ ئەوان دەڕەخسێنن.
ئەرێ تۆ ئەو نیت؟

**جنۆکە:** ئەو قسانەت ڕاست و تەواون:
منم گەرۆکە بەزمخۆشەکەی شەوان.
من نوکتە بۆ (ئۆبیرۆن) دەڵێم و بۆخەنیینەوە وا دەکەم
کاتێک ئەسپێکی قەڵەو و تێر ئالیک لە خشتە دەبەم،
وەک جوانووە ماینێک بکەوێتە حیلەحیل و کۆڕژن؛
جاریش وایە خۆم دەخزێنمە ناو جامی خواردنەوەی پیرێژن
ڕێک بەشێوەی سێوە کێویلەیەکی برژاوی جوان،
هەرکە دەخواتەوە، هەڵدەبەزمەوە لەبەر لچ و لێوان،
جا بەسەر بەرگەردەنە چورچەکەیدا ئاوی جۆ دێتە خوار.
وا دەکەم پوورە هەرە ژیرەکان بگێڕنەوە چیرۆکی هەرە خەمبار،
هەندێکجار من بە کورسییەکی سێ پێچکە دەزانێت؛
ئینجا لە بن قوونی دەخزم و شرپ بە زەوی دەکەوێت،
"بەرگدروو" هاوار دەکات و دەکەوێتە کۆخین؛
ئینجا هەموو خەڵکەکە نێکی خۆیان دەگرن و دەکەونە پێکەنین،
دواتر لە خۆشیان دادەمێنن، دەپژمن و سوێند دەخۆن،

که هەرگیز کاتژمێرێکی لەوە خۆشتر نابینن.

بەڵام، ئەی پەری، ڕێم بکەوە، وا (ئۆبیرۆن) دێتە ئێرە.

**پەری:** وا خانمەکەی منیش لەولاوە دێت. خۆزگە ئەو ڕۆیشتبوایە لێرە!

*(ئۆبیرۆن) لە دەرگایەکەوە بەخۆو بە داروەستەکەیەوە، (تیتانیا)ش لەگەڵ داروەستەکەی خۆی لەوەکەی تر دێتە ژوورەوە*

**ئۆبیرۆن:** ئەی (تیتانیا)ی لەخۆبایی، وا لە مانگەشەودا دەتبینم!

**تیتانیا:** چی، ئەوە تۆیت، (ئۆبیرۆن)ی حەسوود؟ پەرییەکان، لێرە بڕۆن.

من سوێندم خواردووە کە نەچمە ناو جێگەی ئەو و هاوڕێیەتیشی نەکەم.

**ئۆبیرۆن:** چاوەڕێ بکە، ئەی بوونەوەری کەللەڕەق! ئەدی من مێردت نیم؟

**تیتانیا:** جا منیش دەبێت خانمەکەت بم. بەڵام من دەزانم

کاتێک تۆ لە پەرییستان خۆت دزییەوە و

خۆت کردبووە (کۆرین)[9]ی شوان و بەدرێژاییی ڕۆژ

دووزەلەت دەژەنی و شیعری دڵداریت

بۆ (فیلیدا)[10]ی بێری دەهۆنییەوە. ئەی بۆچی تۆ

لە دوورترین لێژاییەکانی هیندستانەوە، کە تەنیا بەڕاستی،

(ئەمازۆن)ی پڕ هەڵەت و پەڵەت لەو دوورترە هاتوویت

بۆ زەماوەندی خانمە چەکمەدار و دولبەرە جەنگاوەرەکەت،

کە لەگەڵ (سیسیەس) پێک شاد بن، ئەرێ تۆش هاتوویت

---

٩. کۆرین: ناوی کۆنی شوانانە. (وەرگێڕ).

١٠. فیلیدا: ناوی کۆنی بێریانە. (وەرگێڕ).

تا خۆشی و پیرۆزی بە نوێنەکەیان ببەخشیت؟

**ئۆبیرۆن:** شەرمە، (تیتانیا)، چۆن تۆ دەتوانیت وا
بیر لە پێوەندی من و (هیپۆلیتا) بکەیتەوە،
کاتێک دەزانیت من ئاگەداری ئەوینی تۆ و (سیسیەس)م؟
ئەدی تۆ نەبوویت بەشەوی بە ئەستێرە ڕۆشن
لە (پیریگۆنا)وە ڕابەری ئەوت کرد، لەوێ ئەو وازی هێنا
و وات لێی کرد لەگەڵ (ئێگلیس)ی جوان، بەڵێنەکانی دڵداری
کە بە (ئەریادن) و (ئەنتیۆپا)ی دابوو بشکێنێت؟

**تیتانیا:** ئەمانە بوختان و قسەی هەڵبەستراوی حەسوودین؛
هەرگیز، لەوەتەی سەرەتای ناوەڕاستی هاوین،
نە لەسەر گردان، نە لەناو دۆڵان، نە لە دارستان و نە لەناو مێرگان،
نە لەلای قەڵبەزەی پلووکەبەرداوی، نە لەلای چەمی تیژڕەو،
نە لەسەر کەناری قەراغ دەریا
تاکو پێچەسەمای خۆمان لەبەردەم بای بە هاژەهاژ بکەین،
چونکە بە دەمەقرەت تۆ بەزمەکەمانت تێکداوە.
بۆیەش بایەکان، بەبێهوودەیی بۆ ئێمە دەیژەنن،
وەک بڵێیت بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەوان تەمومژی دەرداویان
لە دەریا هەڵمژتووە، کە دەکەوێتە سەر وشکانییەکە،
وا لە هەر ڕووبارێکی بچکۆلە دەکات هێندە بەخۆوە بنازێت
کە لە قەوارەی لێوارەکەی بچێتە دەرەوە.
بۆیەش گاجووت نیرەکەی خۆی بەبێهوودەیی ڕادەکێشێت،
جووتیار ئارەقەکەی خۆی لەدەست دەدات، دانەوێڵەی سەوز

دەڕزن پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی پێگەیشتن؛
گەورەکان بە بۆشی دەمێننەوە لەناو کێڵگەی نغرۆ،
قەلەکانیش بە کەلاکی کاوڕە مرداربۆوەکان قەڵەو بوون؛
خانەی نۆرێزکانێی پیاوان پڕ قووڕ بووە،
شێوە سەیروسەمەرەکەی سەر سەوزاییە دڵخۆشکەرەکە،
لەبەر بەکار نەهاتن و پێدانەچوون نادیارە و کاڵبۆتەوە.
مرۆڤە مرۆکەکان دەیانەوێت زستانەکان لێرە بن؛
ئێستا هیچ شەوێک بە بەستە و لاوژە پیرۆز ناکرێت؛
بۆیەش مانگ، کە فەرمانڕەوای لافاوەکانە،
لە ڕقان ڕەنگ زەردە، هەموو هەوایەکە دەشواتەوە،
ئەمەش وا دەکات نەخۆشییە باداریيەکان زۆر ببن.
جا لە ڕێی ئەم تێکچوونەوە ئێمە دەبینین
کە وا وەرزەکان دەگۆڕێن: شەختەی سەر بەتەم
بەردەبێتەوە ناو کۆشی گوڵی قورمزی تازە؛
جا لەسەر تانجی تەنک و سەهۆڵینی (هیم)[١١]
ڕێزێک خونچەی نازداری بۆنداری هاوین
وەک بڵێیت بۆ گاڵتەجاڕی لەوێ دانراون. بەهار، هاوین،
پایزی میوەدار، زستانی توورە، ڕووخساری خۆیان
دەگۆڕن؛ دنیای سەراسیمە و سەرسووڕماویش،
بەم زێدەکارییەیان، ئێستا نازانێت کامەیان کامەیانە.
جا هەمان ئەو ئەنجامە خراپەکارانەیەش

١١. هیم: خواوەندی زستانە. (وەرگێڕ)

لە هەرا و کووکەی ئێمەوەیە، لە لێکدابڕانی ئێمەوەیە؛
ئێمە پەیداکەر و سەرچاوەی ئەو شتانەین.

**ئۆبیرۆن:** کەواتە، تۆ چاکی دەکەیتەوە؛ لە دەستی تۆ دایە.
بۆچی (تیتانیا) (ئۆبیرۆن)ی خۆی تووڕە دەکات؟
من تەنیا داوای کۆرپەیەکی بچکۆلەی گۆڕدراوەت لێ دەکەم
بۆ ئەوەی ببێتە خزمەتکارم.

**تیتانیا:** با دڵت ئیسراحەت بکات؛
پێت دەڵێم کە پەرییستان ئەو منداڵەمی پێ لێ ناکڕێت.
دایکی ئەو تۆبەکاری ڕێبازەکەی خۆمە؛
زۆرجاران لە شەوی بۆن و بەرامەداری هیندستان
ئەو ژنە لە تەکمەوە قسەی کردووە؛
لەگەڵیشم لەسەر لمی زەردی کەنار دەریا دانیشتووە،
تەماشای بازرگانانی ناو دەریای لافاوای دەکرد؛
کاتێک بە بینینی پفبوونی چارۆگەکانیان پێدەکەنین
هەرکە سکی بە بایە گەمەکەرەکە گەورە دەبوو؛
کاتێک ئەو بە ڕەوتێکی جوان و مەلەکردن ئاسا
بە دوای منداڵدانەکەیدا ڕێی دەکرد و
ئینجا بەو سوارۆکە کۆرپەیە دەوڵەمەند بووبوو–
ئەویش لاسایی دەکردەوە و بەرەو وشکانی دەگەڕایەوە،
تا شتی بێکەڵکم بۆ بێنێت، جارێکی تریش بێتەوە،
وەک لە گەشتێکدا، بە بازرگانییەکەی دەوڵەمەند بووبوو.
بەڵام ئەو، چونکە مرۆکە، بەسەر ئەو منداڵەوە مرد؛

جا لە بەرخاتری ئەو من ئەو کوڕیژگەیە بەخێو دەکەم؛
هەر لە بەرخاتری ئەویش من لێی جیانابمەوە.

**ئۆبیرۆن:** تۆ بەنیازیت تاکەی لەناو ئەم دارستانە بمێنیتەوە؟

**تیتانیا:** لەوانەیە تا دوای رۆژی زەماوەندی (سیسیەس).
ئەگەر تۆ بەدان بەخۆگرتنەوە لە گەڵمان پێچەسەمایەک بکەیت،
بەزم و هەرای بەر مانگەشەومان ببینیت، لەگەڵمان وەرە؛
ئەگەرنا، لێم دووربکەوە، منیش لە شوێنەکانی تۆ خۆم دوور دەگرم.

**ئۆبیرۆن:** ئەم کوڕیژگەیەم بدەرێ و من لەگەڵت دێم.

**تیتانیا:** نایگۆڕمەوە بە هەموو خاکی پەرییستانی تۆ. پەرییەکان، با بڕۆین.
ئێمە شەڕی توونت دەکەین، ئەگەر زێتر بمێنمەوە.
*(تیتانیا) لەگەڵ دارودەستەکەی دەڕوات*

**ئۆبیرۆن:** باشە، تۆ بەڕێی خۆتدا برۆ؛ تۆ لەم دارستانە ناچیتە دەرەوە
تا من لەبەر ئەو خراپەکارییەت ئازارت نەدەم.
ئەی (جنۆکە)ی باش، وەرە ئێرە. تۆ لە بیرتە
جارێکیان من لەسەر قەراغی وشکانی دانیشتبووم،
گوێم لە (بووکی دەریا)یەک بوو کە لەسەر پشتی دۆلفین بوو
گۆرانییەکی ئەوەندە شیرین و خۆشنەوای دەچڕی
کە دەریای دڵڕەق بە گۆرانییەکەی ئەو نەرمبووەوە،
هەندێک ئەستێرەش شێتانە لە خوولگەی خۆیان هاتنەدەرەوە
بۆ ئەوەی گوێ لە ئاوازی (بووکی دەریا) بگرن.

**جنۆکە:** لە بیرمە.

**ئۆبیرۆن:** هەر ئەو جارە من (کیوپید)م بینی، بەڵام تۆ نەتتوانی ببینیت،

له نێوان مانگی ساردوسڕ و زەوی دەفڕی.
سەرتاپای چەک بوو؛ بەتایبەتی نیشانەی لە کیژێکی
پاکیزەی جوان گرت، کە لەسەر تەختی ڕۆئاوا دانیشتبوو،
زیرەکانە تیری عیشقی لە کەوانەکەی خۆی هاویشت،
وەک بڵێی دەبێ سەد هەزار دڵ بپێکێت؛
بەڵام من بینیم کە تیرە ئاگراوییەکەی (کیوپید)ی گەنج
لەناو تیشکە ساردوسڕەکانی مانگی ئاویین کوژانەوە؛
سوێندخۆرە شاهانەکەش ڕەت بوو کە تەنیا وردبوونەوەی
کیژانەی بۆ مایەوە، خەیاڵی ئاسوودە بوو.
کەچی من ئەو جێگەیەم دیار کرد کە تیرەکەی (کیوپید)ی لێکەوتەوە.
ئەو کەوتە سەر گوڵێکی بچووکی ڕۆئاوایی،
پێشتر وەک چووڕی شیر سپی، ئێستا بەزامی عیشق مۆر داگەڕاوە،
کیژۆڵانیش بەو گوڵە دەڵێن (عەشقی بێهوودەیی).[12]
برۆ ئەم گوڵەم بۆ بێنە، ئەو گیایەی جارێک بە تۆم نیشاندا.
شیلەی ئەو گوڵە دابنرێتە سەر پێلووی هەر چاوێکی خەوتوو
پیاو بێت یان ژن وای لێ دەکات شێتانە بکەوێتە داوی
یەکەمین ئەو بوونەوەرەی دواتر دەیبینێت.
ئەو گیایەم بۆ بهێنە، بشگەڕێوە بۆ ئێرە
پێش ئەوەی کە نەهەنگی دەریا فرسەخێک مەلە بکات.

**جنۆکە:** من لە ماوەی چل دەقیقەدا
بەدەوری زەویدا دەسوڕێمەوە.

---

١٢. بەکوردی لای خۆمان بەم گوڵە دەڵێن: هەرجایی. (وەرگێڕ)

(جنۆکەکە دەڕوات)

**ئۆبیرۆن:** کاتێک ئەو شیلەیەم هەبێت،

من چاودێری (تیتانیا) دەکەم کە دەخەوێت،

شیلەی گیایەکە لە چاوانی دەکەم؛

جا کە واگاهاتەوە یەکەمین شت سەیری بکات،

شێر ببێت، ورچ، یان گورگ، یان گاجووت،

یان مەیموونی نەسرەوت، یان شامپانزی سەرقاڵ،

ئەوا بە ڕۆحێکی عاشقانەوە گرفتاری دەبێت.

جا بەرلەوەی جادوو لە چاوەکانییەوە لاببەم،

کە من دەتوانم بە گیادەرمانێکی تر وا بکەم،

وای لێ دەکەم کوڕیژگە نۆکەرەکەی بدات بە من.

بەڵام ئەوە کێیە وا دێتە ئێرە؟ چونکە من نەبینراوم؛

با گوێ لە گفتوگۆ و قسەکانیان بگرم.

*(دیمیتریۆس) دێتە ناوەوە، (هێلینا)ش بەدوایەوەیەتی*

**دیمیتریۆس:** من تۆم خۆش ناوێت، بۆیە بەدوای من مەکەوە.

کوا (لیزاندەر) و (هێرمیا)ی جوان؟

یەکێکیان من دەیکوژم، ئەویتریشیان دەمکوژێت.

تۆ پێت گوتم ئەوان خۆیان دزیووەتەوە ناو ئەم دارستانە،

ئەوا من لێرەم، شێت و هارم لەناو دارستاندا،

چونکە ناتوانم (هێرمیا)ی خۆم ببینم.

بۆیە، ئادەی برۆ، چیی تر بەدوام مەکەوە.

**هێلینا:** تۆ من ڕادەکێشیت، ئەی دڵڕەقی دڵ موگناتیسی؛

کەچی تۆ ئاسن ڕاناکێشیت، چونکە دڵی من
وەکو پۆڵا ڕاستەقینەیە. واز لە هێزی ڕاکێشانت بێنە،
منیش توانای بەدواکەوتنی تۆم نامێنێت.

**دیمیتریۆس:** ئەرێ من ڕاتدەکێشم؟ ئەرێ من قسەی خۆشت بۆ دەکەم؟
یاخۆ، ئەوە من نیم کە بە ڕاست و ڕەوانی
پێت دەڵێم کە تۆم خۆشناوێ و ناشتوانم خۆشتم بوێت؟

**هێلینا:** تەنانەت لەبەر ئەوەش من تۆم زیاتر خۆشدەوێ.
من قووتەسەگی تۆم؛ (دیمیتریۆس)،
هەرچەندەی تۆ لێم بدەیت، هێندە زێتر من بۆت هەڵدەبەزمەوە.
تۆ من بکە سەگەقووتەی خۆت، سەرکۆنەم بکە، لێم بدە،
پشتگوێم بخە، بەرەڵام بکە؛ تەنیا ڕێگەم بدە،
منی بێ بەها، بەدوات بکەوم.
چ جێگەیەکی خراپتر هەیە لەناو ئەوینی تۆ تا تکات لێ بکەم،
گەرچی ئەویش لەلای من بە جێگەیەکی بەرز دادەنرێت،
لەوەی کە وەک سەگی خۆت ڕەفتارم لەگەڵدا بکەیت؟

**دیمیتریۆس:** یەگجار وا مەکە ئەوەندە بە ڕۆح ڕقم لێت ببێتەوە؛
چونکە من بێزم دەبێتەوە کە سەیری تۆ دەکەم.

**هێلینا:** منیش بێزم دەبێتەوە کاتێک سەیری تۆ نەکەم.

**دیمیتریۆس:** تۆ وا لە خاکەڕایی خۆت دەکەیت
کە شار بەجێ بهێلیت و خۆت بخەیتە
بەردەستی کەسێک کە تۆی خۆشناوێت؛
کە متمانە بە دەرفەتی شەو و

ئەو شوێنە خراپە چۆڵەوانییە بکەیت،
بەم هەموو بەهایەی کە پاکیزەییت هەیەتی.
**هێلینا:** چاکی تۆ دڵنیاییی منە بۆ ئەمە:
ئەو ساتە شەو نییە کە ڕووخساری تۆی تێدا دەبینم،
بۆیە من وا دەزانم کە لە شەودا نیم؛
ئەو دارستانەش منی بێ کەس و بێ هاودەم نەکردووە،
چونکە تۆ، لەلای من، هەموو دنیای منیت.
جا چۆن بگوترێت کە وا من بەتەنیام
کاتێک هەموو دنیا لێرە بێت و لێم بڕوانێت؟
**دیمیتریۆس:** من لە دەستت ڕا دەکەم و خۆم لەناو پنچکان دەشارمەوە،
تۆش لەبەردەم بەزەیی جانەوەرە دڕندەکان بەجێ دێلم.
**هێلینا:** دڕندەترینییان دڵێکی وەکو هی تۆیان نییە.
کەی ویستت ڕا بکە؛ چیرۆکەکەی جاران گۆڕانی بەسەردا دێت:
(ئەپۆلۆ) هەڵدەفڕێت، (دافنی)[١٣] بەدوای دەکەوێت؛
کۆتر کەوتووەتە دوای دڕندە باڵدارەکە؛ ئاسکەمێی ناسک
هەڵدەکوتێت تاکو دەستگیری پڵنگ بکات، خێراییەکی بێ سوودە،
کاتێک ئازایەتی ڕا دەکات و ترسنۆکی ڕاوی دەنێت.
**دیمیتریۆس:** من بۆ وتووێژەکانت نامێنمەوە؛ لێم گەڕێ بڕۆم؛
یان ئەگەر تۆ بەدوامەوە بێت، باوەڕ مەکە چیت دەستکەوێت
جگە لەوەی لەناو دارستانەکە خراپەت لەگەڵدا بکەم.

١٣. لە چیرۆکە کۆنەکەدا (ئەپۆلۆ) بەدوای (دافنی) دەکەوێت بۆ ئەوەی سواری ببێت. خواش ئەو دەکاتە شەتڵێک دەوەنی ژاڵە. (وەرگێڕ)

**هێلینا:** ئاریّ، تۆ لەناو پەرستگادا، لەناو شاردا، لەناو کێڵگەدا،
هەر خراپەم لەگەڵدا دەکەیت. شەرمە، (دیمیتریۆس)!
خراپەکارییەکانی تۆ شورەیی بە ڕەگەزەکەم دەبەخشێت.
ئێمە ناتوانین وەکو پیاوان بجەنگین بۆ ئەوین؛
دەبێت دڵداریمان لەگەڵ بکرێت، ئێمە بۆ شتێکی تر نەکراوین.
(دیمیتریۆس دەڕوات)
من بەدوات دەکەوم و لە دۆزەخدا بەهەشت هەڵدەنێم،
تا لەسەر ئەو خاکەی هێندە خۆشم دەوێت بمرم و بفەوتێم.
(هێلینا دەڕوات)
**ئۆپیرۆن:** خوات لەگەڵ، پەری ناوداران؛ بەرلەوەی لەم دارستانە بچێتەدەر،
تۆ لەو ڕادەکەیت و ئەو خۆی بەدوای ئەوینت دادەگەڕێ دەشتودەر.
(جنۆکەکە دێتەوە ژوورەوە)
ئەریّ گوڵەکەت هێنا؟ بەخێر بێیتەوە، ئەی گەشتەوەر.
**جنۆکە:** بەڵێ، ئەوەتانێ.
**ئۆپیرۆن:** تکایە بمدەریّ.
من کەنارئاوێک پێدەزانم کە جاترە کێویلەی لێ دەپشکوێت،
لەویّ گوڵە سەرکلاوە و وەنەوشەی سەرنخوونی لێ دەڕوێت،
لەویّ گوڵە لاولاوەی داران بەچڕی کەپرۆکەی تیاداناوە،
گوڵە نەسرین و گوڵە شیلانەی بۆنخۆشی لێ ڕواوە؛
لەویّ (تیتانیا) هەندێک کاتی شەوان دەخەوێت،
لەناو گوڵان بەسەما و خۆشی لایەلایەی بۆ دەکرێت؛
لەویّ مار پێستە نەخشێندراوەکەی خۆی فڕیّ دەدات،

ئەو جلەش ئەوەندە فراوانە پەرییەک خۆی لەناویدا لوول بدات؛
جا من چاوەکانی ئەو هەڵدەسووم بە شیلەی ئەم گوڵە،
خەیاڵە ڕقاوییەکانی ئەو پڕاوپڕ دەکەم لەم شلە.
تۆش هەندێکی ببە، بەناو ئەم دارستانە بگەڕێ:
کاتێک خانمێکی (ئەسینی) نازدارت هاتە ڕێ
ئەو عاشقی گەنجێکی گاڵتەپێکەرە، هەڵیسوو لە چاوەکانی کوڕە؛
بەڵام وا بکە کە لە خەو واگاهاتەوە یەکسەر ببینێت ئەو ملهووڕە
ئەو خانمە بێت. تۆش کەسەکە دەناسیتەوە
بە جلە ئەسینییەکانی بەری دەیبینیتەوە.
بە وریایی ئەو کارە بکە، تا وا بکەوێتەوە ئەو کارە
کوڕەکە پتر گیرۆدەی خانمەکە بێت نەک خانم بۆ ئەو گرفتارە.
وریابە بگەیتەوە لام پێش ئەوەی یەکەم کەڵەباب بقووقێنێ.

**جنۆکە:** خەمت نەبێت، چیت بە نۆکەرەکەت وتووە بەجێی دەگەیێنێ.

(دەڕوات)

## دیمەنی دووەم

لایەکی تری دارستان

(تیتانیا) لەگەڵ دارودەستەکەی دێنە ناوەوە

**تیتانیا:** وەرن پێچە سەمایەک بکەن و گۆرانییەکی پەرییان بچڕن؛
ئینجا بۆ سێیەکی خوولەکێک لێرەوە بڕۆن، بۆ ئەوەی:
هەندێکتان کرمۆکەی ناو خونچەی بۆنخۆش بکوژن؛
هەندێکتان دژی شەمشەمەکوێران بجەنگن بۆ باڵە چەرمیینەکانیان،

تا کورتەکی بچووکی پەرییانی لێ چێ بکەم؛ هەندێکیش دوورخەنەوە
کوندەبەبۆی بە هاتوهاوار کە شەوانە لێرە دەقیڕێنێ و سەیری لە
پەرییە ڕۆحدارە ناسکەکانمان دێت. گۆرانیم بۆ بێژن تا بخەوم.
ئینجا بڕۆن بەلای کاری خۆتانەوە، لێم گەڕێن پشوو بدەم.
(پەرییەکان گۆرانی دەڵێن)

**پەری یەکەم:** ئەی ماری خاڵدار، زمان دوو فلیقەدار،
ئەی ژووژکی دڕکاوی، بڕۆن لێرە؛
قورِناویلکە و کرمەکوێرە نەبنە خراپەکار،
چونکە شاژنی پەرییان هاتووەتە ئێرە.

**کۆرس** (بەسەماکردنەوە): ئەی شالوور بە ئاوازی رەنگین
گۆرانیت بچڕە لە لایە لایەی شیرین.
لای لایە، لای لایە، لای لایە؛ لای لایە، لای لایە، لای لایە.
هیچ ئازار و خراپەکاری
هیچ جادوو و هیچ ئەفسوونکاری
لە خانمی نازدارمان نێزیک نەبێت.
جا شەوباش، لایەلایەی لەگەڵ بێت.

**پەری دووەم:** جاڵجاڵۆکەی تەونکەر، نەیەیتە ئێرە؛
ئادەی لێرە دوور بکەوە داپیرۆچکە لاق درێژۆکە.
قالۆنچەی ڕەش، نێزیک نەبیتەوە لێرە؛
خراپی مەنوێنن نە کرم و نە قاقڵەجنۆکە.

**کۆرس** (بەسەماکردنەوە): ئەی شالوور بە ئاوازی ڕەنگین
گۆرانیت بچڕە لە لایە لایەی شیرین.

لای لایە، لای لایە، لای لایە؛ لای لایە، لای لایە، لای لایە.
هیچ ئازار و خراپەکاری
هیچ جادوو و هیچ ئەفسوونکاری
لە خانمی نازدارمان نێزیک نەبێت.
جا شەوباش، لایە لایەی لەگەڵ بێت.
(تیتانیا خەوی لێ دەکەوێت)

**پەری دووەم**: جا لێرە بڕۆن؛ ئێستا هەموو شتێک ڕێکە.
با یەکێک لە ئێوە ئێشک بگرێت لە دوورە جێگە.
(پەرییەکان دەڕۆن)

*ئۆبیرۆن دێتە ناوەوە و گوڵەکە لەسەر پێلووی (تیتانیا) دەگوشێت*

**ئۆبیرۆن**: کاتی واگاهاتنەوە هەرچییەکی تۆ بیبینیت،
بە دڵداری ڕاستەقینەی خۆتی دەزانیت؛
لە پێناویدا خۆشەویستی دەکەیت و ئازار دەچێژیت.
جا وەشەک، یاخۆ پشیلە، یان ورچ بێت،
پڵنگ، یان بەرازی کێوی تووکی گڤ و گژی پێوە بێت،
کاتێک ئەو بوونەوەرە لە بەرچاوت پەیدا دەبێت
هەرکە واگاهاتیتەوە لەلات خۆشەویستترین شت دەبێت.
واگا وەرەوە کاتێک شتێکی ناشیرین لە نێزیکت بێت.
(دەڕوات)

*(لیزاندەر) و (هێرمیا) دێنە ناوەوە*

**لیزاندەر**: دولبەری شیرینم، تۆ وا دەبوورێیتەوە بەگەڕان لەناو دارستانی؛

جا ئەگەر ڕاستیت پێ بڵێم منم ڕێگەکەم ونکردووە؛
با پشووێک بدەین، (هێرمیا)، ئەگەر بە چاکی دەزانی،
با چاوەڕێ بکەین تا ڕۆژ یارمەتیمان بدات و بیدۆزینەوە.
**هێرمیا:** با وا بێت (لیزاندەر)، تۆ جێگەیەک بۆ خۆت بکە پەیدا،
منیش سەری خۆم دادەنێم لەسەر ئەو کەنارەی پڕ لە گیا.
**لیزاندەر:** تاقە پنچکێک دەبێت بە سەرین بۆ هەردووکمان؛
یەک دڵ، یەک نوێن، دوو سینە، یەک پەیمان.
**هێرمیا:** نەخێر (لیزاندەر)ی چاک، بۆ خاتری من، گیانە،
هێشتا دوورتر پاڵکەوە، هێندە نزیک مەبە لەو ناوانە.
**لیزاندەر:** ئۆه، تێ بگە لە مانای ڕاستەقینەی نیازپاکییم، ئەی گیان!
ئەوین ماناکانی وەردەگرێت لە وتووێژی دڵداران.
مەبەستم وایە بڵێم دڵی من و تۆ پێکەوە چنراوە،
تا لە هەردووکیان یەک دڵ دروست بکەین لەو ساوە؛
دوو سینە بە سوێندێک لێکتر گرێدراوە،
جا کەواتە دوو سینە و تاقە پەیمانێک دراوە.
کە وابوو جێگەی خەوتنم ڕەتناکەیتەوە لە تەک خۆت،
چونکە ئەگەر وا ڕابکشێم، (هێرمیا)، درۆم نەکردووە بۆت.
**هێرمیا:** (لیزاندەر) زۆر بە جوانی یاری بە وشەکان دەکات.
ئێستاکەش با ڕەفتار و سەربەرزیم نەفرەتیان لێ بێت،
ئەگەر (هێرمیا) نیازی وا بووبێت کە (لیزاندەر) درۆی کرد بێت!
بەڵام، دۆستی چاک، بۆ خاتری ئەوین و ڕێزداری
کەمێک دوورتر ڕابکشێ، وەک شارستانیبوونی بێشەرمەزاری؛

لەبارەی ئەو لێکدوورییە لەوانەیە وا بگووترێت
شایشتەی پیاوێکی ڕەبەن و خانمێک بێت،
مادام دووریت، شەوت شاد، ئەی دۆستی شیرین.
خۆشەویستیت ناگاتە کۆتایی تا مابیت لە ژین!
**لیزاندەر:** من دەڵێم ئامین، ئامین بۆ نزای چاکی تۆ؛
ژیانم بەکۆتا دەهێنم گەر دڵسۆزیم نەمێنێت، هەیهۆ!
جێگەی من لێرەیە؛ یاخوا خەو گشت پشووێکت پێ بدات!
**هێرمیا:** بەنیوەی ئەو هیوایەوە چاوانی هیوادار لەسەریەک دابخات!
(ئەوان دەخەون)
(جنۆکەکە دێتە ژوورەوە)
**جنۆکە:** بەناو دارستاندا هاتوچووم،
بەڵام تووشی هیچ (ئەسینیەک) نەبووم
تا من لەسەر چاوانی ئەو بیئەزمووێنم
بەهێزی ئەو گوڵە ئەوینی جۆشداری پێ بسەلمێنم.
شەو و خامۆشی- ئەوە کێیە لەم ناوە؟
پۆشاکی (ئەسینی) لەبەری کراوە:
ئەوە خۆیەتی، ئەوەی سەرداری من باسی کرد،
ئەوەی سووکایەتی بە خانمە (ئەسینییەکە) کرد؛
ئەوەتەش خانمەکە، لە خەوێکی قووڵدایە،
لەسەر زەوی نێمدار و پیس ڕاکشایە.
ڕۆحی شیرین! ئەو نەوێراوە لەلای ئەو ڕاکشێت
چونکە بێ ئەوینە، ڕەقەکار و ناشارستانە نایەوێت.

من دەیڕێژمە ناو چاوانت بێ چەندوچوون
هەموو هێزی ئەو جادووە دەیهێنێتە بوون:
کاتێک واگادێیتەوە با ڕێگر ببێت ئەوین
لە هێنانی نووستن بۆ پێلووی چەرمین.
جا واگا وەرەوە کاتێک من ڕۆیشتووم بەخۆم؛
چونکە ئێستا من دەبێت بۆ لای (ئۆبیرۆن) بڕۆم.
(دەڕوات)
*(دیمیتریۆس) و (هێلینا) بە ڕاکردن دێنە ناوەوە*
**هێلینا:** ئەگەرچی دەشمکوژیت، (دیمیتریۆس)ی شیرین، بوەستە.
**دیمیتریۆس:** بۆیەش، فەرمانت پێ دەکەم، ئاوا مەکەوە دوام بەو مەبەستە.
**هێلینا:** ئۆو، تۆ لەم تاریکییەدا جێم دەهێڵێت، وا مەکە، هەی لە خۆم.
**دیمیتریۆس:** لێرە هەرچیت لێهات لەسەر خۆت، من بە تەنیا دەڕۆم.
(دەڕوات)
**هێلینا:** ئۆه، لەم غارە غارە خۆشەدا من هەناسەم بڕا!
چەندی نزا دەکەم، کەمتر چاکە و فەرم پێ برا.
لە هەرکوێیەک خەوتبێت، (هێرمیا) بەختەوەرە،
چونکە ئەو خاوەنی دوو چاوی پیرۆز و دڵبەرە.
ئەرێ بۆچی چاوانی ئەو وا گەشن؟ نەک لەبەر فرمێسکی خوێیاوی؛
ئەگەر وابووایە چاوانی من زۆرتر لە هی ئەو شۆردراوە بەتەواوی.
نا، نەخێر، من وەکو ورچ ناشرین و دزێو دیارم،
چونکە دڕندەکان لە ترسان ڕا دەکەن لە ڕووخسارم؛
بۆیەش سەیر نییە کە (دیمیتریۆس) وایە ڕەفتاری

وەکو درنج، لە دیدەنم هەڵدێت کە دەچمە دیاری.
چ ئاوێنەیەکی خراپ و ساختەکارانەی من وای لێ کردم
خۆم لەگەڵ چاوە ئەستێرەییەکانی (هێرمیا) بەراورد بکەم؟
بەڵام ئەوە کێیە لێرە؟ (لیزاندەر)! لەسەر زەوی ڕاکشاوە!
مردووە؟ یان خەوتووە؟ هیچ برینێک، هیچ خوێنێک نەڕژاوە.
(لیزاندەر)، ئەگەر زیندوویت، گەورەی چاک، واگا وەرەوە، هۆ.

**لیزاندەر (بەئاگا دێتەوە):** بەناو ئاگردا دەڕۆم من بۆ خاتری شیرینی تۆ.
(هێلینا)ی بێگەرد! سروشت هونەری خۆی دەنوێنێت،
کە وا دەکات لەناو سینەتا دڵت بە ئاشکرا ببینرێت.
(دیمیتریۆس) لە کوێیە؟ ئۆهـ، ئەو قسە چەند تەواوە
لەسەر تیغی شمشێری من بە کۆتا بێت ئەو بەدناوە!

**هێلینا:** وا مەبێژە (لیزاندەر)، وا مەڵێ.
قەیدی چییە ئەو (هێرمیا)ی تۆی خۆشدەوێ؟ خودایە! قەیدی چییە؟
کەچی (هێرمیا) هێشتا هەر تۆی خۆشدەوێت؛ ئەمەش دڵخۆشییە.

**لیزاندەر:** لەگەڵ (هێرمیا) دڵخۆش بم! نەخێر: من بەڕاستی پەشیمانم
ئەو خوولەکە بێتامانەی من لەگەڵ ئەوم بەسەر بردووە، خانم.
(هێرمیا) نا، بەڵام (هێلینا)یە کە من خۆشم دەوێت:
کێ هەیە قەل بە کۆتر سەودا نەکات و نەیەوێت؟
ویستی مرۆڤ بە عەقڵی بەربەست دەکرێت،
عەقڵیش دەڵێت تۆ خانمێکی شایستەتریت.
شتەکان کە گەشە دەکەن تا نەگەن بەوەرزی خۆیان پێ ناگەن؛
جا منیش، بەوەی گەنجم، تا ئێستا پێنەگەیشتووم بۆ بیر و هزرین؛

ئێستاش بۆ ئەوەی بە خاڵی لێزانی مرۆڤ بگەم،
بیرکردنەوە دەبێتە سەرکردەی ویستی من هەردەم،
ئەویش بەرەو لای چاوانت پەلکێشم دەکات، کە لەوێدا دەخوێنمەوە
چیرۆکی ئەوین، لەناو دەوڵەمەندترین کتێبی ئەوین دەبینمەوە.

**هێلینا**: ئایا من بۆ ئەو گاڵتەجارییە هاتوومە دنیا؟
که بەهۆی تۆوە ئاوا دەکرێم سووک و ڕیسوا؟
ئەرێ بەس نییە، ئەی گەنجۆ، بەس نییە،
کە هەرگیز نەمتوانیووە، ناشتوانم دەرچم لەم دەردەسەرییە،
تا لەلای (دیمیتریۆس) شایستە بم بە ڕوانینێکی شیرین،
کەچی تۆ گاڵتە بەم کەموکوڕییەم دەکەیت، ناشیرین؟
هەر بەڕاستی، هەر بەڕاستی تۆ خراپەم لەگەڵدا دەکەیت،
کاتێک بەو چەشنە سووکی و ڕیسواییە دڵداریم لەگەڵدا دەکەیت.
بەڵام خواحافیز؛ پێویستە دان بەوەدا بنێم من
وامزانیبوو تۆ خاوەنی جوامێرێکی ڕاستەقینەیت، ئەمن.
ئۆه، خانمێک لەلای پیاوێک دەست بەڕوویدا بنرێت
ئاخۆ پێویستە لەلای یەکێکی تر سووک و ڕیسوا بکرێت!
(دەڕوات)

**لیزاندەر**: ئەو (هێرمیا) نابینێت. (هێرمیا) تۆ لێرە بخەوە؛
ڕەنگە تۆ هەرگیز لە (لیزاندەر) نێزیک نەبیتەوە!
چونکە وەکو شتی زۆر شیرینی لە ڕادەبەدەر
قووڵترین بێزەوەری بۆ گەدە دەخاتە دەر،
یاخۆ وەکو ئەو کوفرە خراپانەی مرۆڤ دەستبەرداریان دەبێت،

چونکە پێی خڵەتابوون کینەی بەرامبەریان لە دەروونندا دەرسکێت،
جا تۆ، ئەی شیرینی لە ڕادەبەدەر و ئەی کوفری من،
هەمووان ڕقییان لێت دەبێتەوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر من!
جا بە هەموو هێزی خۆم، ڕوو دەکەمە عیشق و تواناکەت بەناچاری
تا (هێلین) شکۆمەند بکەیت و خۆت ببیت بە خزمەتکاری!
(دەڕوات)

**هێرمیا (رادەچەنێت):** یارمەتیم بدە، (لیزاندەر) چ دەکرێت بیکە؛ بگە فریام
تا ئەو مارە خشۆکە لەسەر سینەم لاببەیت و بگەرە لام.
ئای، وای قوڕبەسەرم! چ خەونێکم بینی!
(لیزاندەر) ببینە چۆن لە ترسان دەلەرزم وەکو داری بیی.
وامزانی مارێک دڵی لێ دەخواردم، تۆش دانیشتبوویت لەوییانە
بەپێکەنینەوە دەترِوانییە ئەو ڕاوکردنە دڵرەقانە.
(لیزاندەر)! چی، ڕۆیشتوویت؟ (لیزاندەر)! ئەی خوا!
چی، لە مەودای بیستن نەما؟ نەدەنگ و نە وشەیەک بیسترا؟
مخابن، تۆ لە کوێیت؟ قسە بکە، ئەگەر دەنگم دەبیستیت؛
بەناوی هەموو عیشقێکەوە! وا لە ترسان هۆشم نامێنێت.
نا؟ کەواتە لەم نزیکانە نەماویت من دەزانم.
یان تۆ دەبینمەوە یان مەرگی دەستبەجێ بۆ گیانم.
(دەڕوات)

# پەردەی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

ناو دارستان. (تیتانیا) درێژبووە و خەوتووە.

کوینس، سنەگ، بۆتم، فلووت، سناوت و ستارڤلینگ دێنە ژوورەوە[١٤].

**بۆتم:** ئەرێ هەموومان لێرەین؟

**کوینس:** دەق هەوە؛ ئێرە شوێنێکی خۆشی نازدارە بۆ مەشقکردنمان. ئەم پارچە سەوزاییە دەبێتە تەختەی شانۆمان، ئەم چڕەڵانەی دار گێوژانیش دەبێتە شوێنی خۆگۆڕینمان؛ جا ئێمە مەشقێکی تەواو دەکەین، چونکە ئێمە لە پێش میری گەورەمان نمایشەکە دەکەین.

**بۆتم:** پیتەر کوینس!

**کوینس:** تۆ چییت گووت، ئەی (بۆتم)ی چاک؟

**بۆتم:** لەم کۆمیدیایەی (پیرامۆس) و (سیسبی)یەدا هەندێک شتی تێدایە کە هەرگیز شادیبەخش نییە. یەکەمجار دەبێت (پیرامۆس) شمشێرەکەی هەڵکێشێت بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت،

١٤. ناوی ئەم کەسایەتییانە هەر هەموویان لە زمانی ئینگلیزی یان هیندۆئەورووپیدا مانایان هەیە. (کوینس: بەهێ)، (سنەگ: تەنگەبەر، تەسک)، (بۆتم: بنی شت)، (فلووت: شمشاڵ)، (سناوت: لمووز)، (ستارڤلینگ: لەڕ لەغەر). (وەرگێڕ).

ئەمەش شتێکە خانمەکان بەرگەی ناگرن. تۆ بۆ ئەمە چی دەڵێیت؟

**سناوت:** بەسەری خانمە پیرۆزەکەمان،[15] ترسێکی مەزنە.

**ستارڤلینگ:** من بڕوام وایە هەرچۆنێک بێت پێویستە کوشتنەکە لاببەین.

**بۆتم:** بە هیچ جۆرێک نا؛ من ڕێگەییەکم هەیە هەموو شتێک چاک دەکات. تۆ پێشگوتارێکم بۆ بنووسە؛ وا بکە لە پێشگوتارەکە وا پێ بچێت بڵێت کە ئێمە هیچ ئازارێک لە شمشێرەکانمان پەیدا نابێت، هەروا (پیرامۆس) بەڕاستی نەکوژراوە؛ جا بۆ پتر دڵنیاکردنەوە، پێیان بڵێ من (پیرامۆس)ی بەڕاستی نیم و (بۆتم)ی جۆڵاکارم. ئەمە وایان لێ دەکات ترس نەچێتە دڵیانەوە.

**کوینس:** باشە، ئێمە پێشگوتارێکی وامان دەبێت؛ ئەویش لە هەشت بڕگەیی یان شەش بڕگەییدا دەبێت.

**بۆتم:** نا، نەخێر، دووی تری بۆ زیاد بکە؛ وا بکە بڕگەکان هەشت بە هەشت بن.

**سناوت:** ئەرێ خانمەکان لە شێر ناترسن؟

**ستارڤلینگ:** بەڵێنت پێ دەدەم، من دەترسم وابێت.

**بۆتم:** گەورەکانم، پێویستە ئێوە ڕەچاوی ئەوە بکەن کە لەگەڵ خۆتان – خوا بمانپارێزێ!– شێرێک دەهێننە ناو خانمەکان کە ئەمەش ترسناکترین شتە؛ چونکە هەرگیز هیچ دڕندەیەکی کێوی نییە هێندەی شێرێکی زیندوو ترسناک بێت، جا پێویستە ئێمە

---

١٥. لێرەدا مەبەستی لە حەزرەتی مریەمەیە. (وەرگێڕ).

ئاگامان لەوە بێت.

**سناوت:** جا پێویستە پێشگوتارێکی تر بڵێت کە ئەوە بەڕاستی شێر نییە.

**بۆتم:** نەخێر، پێویستە تۆ ناوی ئەکتەرەکە بهێنیت و نیوەی دەموچاوی ئەو دەبێت لەناو ملی شێرەکەوە ببینرێت؛ ئەو بەخۆیشی پێویستە دەنگی لەناو ئەوێوە دەربێت، وا بدوێت، یان بەم جۆرە بیڵێت: "خانمان،" یان "خانمە جوانەکان، من ئومێدەوارم کە ئێوە" یان "من داواتان لێ دەکەم" یان "من تکاتان لێ دەکەم کە نەترسن، نەشلەرزن. من ژیانم بۆ ئێوە بەخت دەکەم! ئەگەر ئێوە وا بیردەکەنەوە کەوا من وەکو شێرێک هاتوومەتە ئێرە، ئەوە لە بەدبەختی خۆمە. نەخێر، من شتی وا نیم؛ من پیاوێکم وەکو هەر پیاوێکی تر." جا لەوێ، بەڕاستی، لێی گەڕێ با ناوی خۆی بڵێت، بێ پێچ و پەنا بڵێت (سنەگ)ی ناوماڵ رازێنەرەوەیە.

**کوینس:** باشە، هەر ئاواش دەبێت. بەڵام لێرەدا دوو شتی زەحمەت هەن – مەبەستمە هێنانی مانگەشەو بۆ ناو ژوورێک، چونکە تۆ دەزانیت، (پیرامۆس) و (سیسبی) لەبەر مانگەشەو یەکتر دەبینن.

**سناوت:** ئەرێ ئەو شەوەی ئێمە شانۆییەکە نمایش دەکەین، مانگەشەوە؟

**بۆتم:** ساڵنامەیەک، ساڵنامەیەک! سەیری ساڵنامە بکەن، بزانن مانگەشەوە، بزانن مانگەشەوە!

**کوینس:** بەڵێ، مانگ ئەو شەوە درەوشاوەیە.

**بۆتم:** بۆچی، کەواتە تۆ دەتوانیت پەنجەرەیەکی هۆڵە گەورەکە

بەکراوەیی جێ بهێڵێت، کە لەوێدا ئێمە نمایشەکە دەکەین، تیشکی مانگ دەکرێت لەوێوە بێتە ژوووەوە.

**کوینس:** بەڵێ؛ یان دەکرێ یەکێک بەخۆی و پنچکە دڕکێک و فانۆسێکەوە بێتە ژوورەوە و بڵێت کە ئەو هاتووە بە شێوەیەکی هێمایی کەسایەتی و ڕووخساری مانگ بنوێنێت. جا لێرەدا شتێکی تریش هەیە: پێویستە ئێمە دیوارێکمان لەناو هۆڵەکەدا هەبێت، چونکە (پیرامۆس) و (سیسبی)، وەک چیرۆکەکە دەڵێت، لەناو کونی دیوارەوە لەگەڵ یەکتر دواون.

**سناوت:** هەرگیز تۆ ناتوانیت دیوار بێنیتە ناوەوە. (بۆتم)، تۆ چی دەڵێیت؟

**بۆتم:** کەسێک یان یەکێکی تر ڕۆڵی دیوار دەبینێت؛ با ئەو هەندێک سواغیشی پێوە بێت، یان هەندێک قوڕ، یاخۆ هەندێک چەو و گەچکاری، تاوەکو شێوەی دیوار بنوێنێت؛ با ئەو پەنجەکانی وا رابگرێت، لەناو ئەو کەلێنانەوە (پیرامۆس) و (سیسبی) چرپە چرپ دەکەن.

**کوینس:** ئەگەر ئەمە بکرێت، کەواتە هەمووی چاکە. وەرن، هەریەکێک لە ئێوە، دابنیشن و بەشە ڕۆڵی خۆتان مەشق بکەن. (پیرامۆس)، تۆ دەست پێ بکە؛ دوای تەواوکردنی قسەکانت، بچۆرە ناو ئەو چڕەڵانەوە؛ ئینجا هەرکەسە و بەپێی نۆرەی خۆی.

*جنۆکەکە لە پشتەوە دێتە ژوورەوە*

**جنۆکە:** ئەوە چییە ئەم پیاوە گوش لەبەرە گوندییانە لێرە ئەو هەراوهۆریایە دەکەن، ئەوەندە نزیکن لە لانەی شای پەرییان؟

چی، نمایشی شانۆیی بەڕێوەیە؟ من دەبمە گوێگر؛
لەوانەیە ببم بە ئەکتەریش، ئەگەر هۆکارێک هەبێت.

**کوینس:** (پیرامۆس) قسە بکە. (سیسبی) لەوێ بوەستە.

**بۆتم:** "(سیسبی)، ئەی گوڵی بۆنداری بێزەوەر –"

**کوینس:** "بۆنخۆش" بۆنخۆش!

**بۆتم:** "– ئەی بۆنداری بۆنخۆش؛
هەناسەی منیش وایە، ئەی (سیسبی) شیرینی خۆم.
بەڵام، گوێ بگرە، دەنگێک دێت! تۆ کەمێک لێرە بمێنەوە،
من بەرە بەرە بۆ تۆ دەردەخەم خۆم".
(دەڕوات)

**جنۆکە:** قەت (پیرامۆس)ی وا سەیرم نەبینیووە نمایش بکا، هەی لە خۆم!
(دەڕوات)

**فلووت:** ئەرێ ئێستا پێویستە من قسە بکەم؟

**کوینس:** بەڵێ، بە مەریەم، دەبێت قسە بکەیت؛ چونکە ئەو رۆیشت بۆ ئەوەی بزانێت ئەو دەنگە چییە کە بیستبووی، ئینجا ئەو دیسان دەگەڕێتەوە.

**فلووت:** "ئەی (پیرامۆس)ی هەرە پڕشنگدار، خاوەنی گوڵەپەرێزەیی زۆر سپی ڕووخسار،
ڕەنگت وەکو گوڵی سوور کە شکۆمەندانە لەسەر لق و پۆپەکانی،
لاوی هەرە گورجوگۆڵ، ئەی گەوهەری هەرە نازدار،
ڕاستەقینە وەک ڕاستەقینەترین ئەسپ، کە قەت ماندووبوون نازانێ؛
من، تۆ دەبینم، (پیرامۆس) لەسەر گۆڕی (نینی)".

**كوينس:** "كوره پياو، گۆڕی "نينەس"! بەڵام دەبێت تۆ هێشتا ئەم قسانە نەڵێيت، چونكە ئەمە وەڵامە بۆ (پيرامۆس). تۆ هەموو قسەكانی خۆت پێكەوە كرد، بە ڕۆڵەكانيشەوە، هەر هەمووی. (پيرامۆس) وەرە ناوەوە: ڕۆڵەكەت بەسەرچوو، كە برێتيیە لە" هەرگيز ماندووبوون نازانێ".

**فلووت:** ئۆه – "ڕاستەقينە وەكو ڕاستەقينەترين ئەسپ، كە هەرگيز ماندووبوون نازانێ".

*(جنۆكەكە دێتەوە ناو شانۆ، (بۆتم)يش سەری كەری پێوەيە)*

**بۆتم:** "ئەگەر من قۆز بم، (سيسبی)، من تەنيا هی تۆم."

**كوينس:** ئای كە ناشيرينە! ئای كە سەيرە! جنۆكە لامان پەيدابووە.
نزا بكەن، گەورەكانم!
ڕا بكەن، گەورەكانم! فريامان بكەون!
*هەموويان دەڕۆن جگە لە (بۆتم) و جنۆكەكە*

**جنۆكە:** من بەدواتەوە دەبم؛ من تۆ دەبەم بۆ گەڕی ديلانێ،
بەناو ليتە، دەوەنان، بەناو پنچكان، بەناو درەختی دڕكاوی؛
جار وايە من دەبمە ئەسپ، جاريش وايە تاژی لە غاردانێ،
بەرازی كێوی، ورچی بێ سەر، هەندێكجاريش بڵێسەی ئاگراوی؛
دەحيلێنم، دەحەپم، دەمرقێنم، دەمرێنم و دەسوتێنم وەك ئاگر،
وەك ئەسپ، تاژی، بەرازی كێوی، ورچ، ئاگر و لەهەر سوڕێكا دەبمە گڕ.
(دەڕوات)

**بۆتم:** ئەوە بۆچی ڕا دەكەن؟ ئەمەش شەيتانيەتی ئەوانە تا بترسێم.
*(سناوت) دێتەوە ناو شانۆ*

**سناوت:** ئۆهـ (بۆتم)، تۆ گۆڕاویت! ئەوە چی لەسەر سەری تۆوە دەبینم؟
**بۆتم:** چی دەبینیت؟ سەرکە کەرانییەکەی خۆت دەبینیت، وانییە؟
*(سناوت) دەڕوات*
*(کوینس) دێتەوە ناو شانۆ*
**کوینس:** پیرۆزە، (بۆتم)، پیرۆزە! تۆ گۆڕاویت.
(دەڕوات)
**بۆتم:** من وا شەیتانیەتی ئەوان دەبینم: ئەمە بۆ ئەوەیە بمکەنە کەر؛ بۆ ئەوەیە بمترسێنن، ئەگەر پێیان بکرێت. بەڵام من لەو شوێنە ناجوولێم، با چییان پێ دەکرێت بیکەن؛ من بۆ خۆم لێرە ئەمسەر و ئەوسەر دەکەم، گۆرانیش دەڵێم،
تا بزانن من ناترسم. (گۆرانی دەچڕێت):
*باڵندەی ڕەشی بابانە، ڕەنگ یەکجار ڕەش،*
*بە دەنووکێکی نارنجی مەیلەو قاوەیی تۆخ،*
*هوزاری دەنگ ساف و دەنگ یەکجار خۆش،*
*فیسقەگولەی دەنگ باریک و ناسک و شۆخ.*
**تیتانیا:** ئەوە چ فریشتەیەکە من لەناو پێخەفە گوڵینەکەمدا واگادێنێت؟
**بۆتم (گۆرانی دەڵێت):** *فیرنەگوللە، چۆلەکە، شوانخڵەتێنە،*
*کوکوختییە بۆرەی گۆرانی بێ تام و ناخۆش،*
*کە زۆرکەس هەست بە دەنگەکەی دەکات لەو شوێنە*
*بەڵام کەس ناوێرێت پێی بڵێ نا، بەسە تۆش*
*بەڕاستی، کێ هەیە مێشکی بە باڵندەیەکی وا گێل خەریک بێت؟*
*کێ هەیە پێی بڵێ درۆیە، گەرچی دەقیژێنێ "گەواد" قەت وا نابێت؟*

**تیتانیا:** تکات لێ دەکەم، ئەی مرۆڤی جوامێر، دیسان گۆرانی بڵێوە.
گوێچکەکانم زۆر گیرۆدەی ئاوازەکەی تۆ بووین؛
چاویشم یەکجار بە ڕووخساری تۆوە گرفتار بووە؛
جا هێزی چاکەکاری تۆ دەمبزوێنێ و وام لێ دەکا،
لە یەکەم نیگاوە، بڵێم، سوێند بخۆم، دڵم حەز لە تۆ دەکا.

**بۆتم:** وابزانم، خانم، تۆ پێویستە هۆیەکی کەمت بۆ ئەمە بەدەستەوە بێت. کەچی، ئەوەی ڕاستی بێت، هۆ و خۆشەویستی لەم ڕۆژانەدا کەم پێکەوە هەڵدەکەن. داخەکەشم ئەوەیە کەس هەوڵنادات ئەو دووە ئاشت بکاتەوە و بیانکاتەوە دۆست. نەخێر، هەرکە بۆنەکە بۆ ئەمە ڕەخسا من گاڵتەجاڕی بەوەوە دەکەم.

**تیتانیا:** تۆ بەقەد جوانییەکەت کەسێکی ژیریت.

**بۆتم:** نەخێر، نە ئەوها و نە ئەوهاش؛ بەڵام ئەگەر من بای ئەوە ژیرێتیم هەبووایە لەو دارستانە دەربچم، من هەستم دەکرد کە بای ئەوەم هەیە بۆ خۆم بەکاری بخەم.

**تیتانیا:** هەوڵمەدە لەم دارستانە بچیتە دەر؛
تۆ بتەوێ و نەتەوێت لێرە دەمینێیتەوە هەر.
من ڕۆحێکم، نائاساییە پلەوپایەم؛
هاوین هێشتا لە هەوارگەمدا وەستاوە لەو ساتەم؛
من تۆم خۆشدەوێ؛ بۆیە لەگەڵم وەرە.
پەریت پێ دەدەم خزمەتت بکەن، لەم دەشت و دەرە؛
جا ئەوان گەوهەرت بۆ لە بنی دەریاوە دەردەهێنن،
گۆرانیت بۆ دەڵێن، کاتێک لەسەر گوڵان سەرخەو دەشکێنن؛

جا من تۆ پاک دەکەمەوە لە قورسایی مرۆڤانە دەتهێنمە دەر
کە تۆ وەکو ڕۆحێکی هەوایی بێیت و بچیت لە دەشت و دەر.
وەرن، پیسبلۆسم! کۆبوێب! مۆوت! مەستاردسید![16]
*(پیسبلۆسم، کۆبوێب، مۆوت، مەستاردسید دێنە ناو شانۆ)*

**پیسبلۆسم:** ئامادەم.

**کۆبوێب:** منیش.

**مۆوت:** منیش.

**مەستاردسید:** منیش.

**هەموویان:** بۆ کوێ بچین؟

**تیتانیا:** لەگەڵ ئەم جوامێرە دڵنەرم و بەڕێزبن؛
لەبەردەمی سەما بکەن و هەڵپەڕن بۆی لە بەرچاوان؛
زەردەلوو و تووترکی دەرخوارد بدەن،
ترێی مۆر و هەنجیری سەوز و شاتووی پێ بدەن؛
توورەگە هەنگوین لە هەنگی بەگزەگز بدزن،
لێیان هەڵکرێنە لاڕانە شەمێیاوییەکان بۆ مۆمی شەوان،
دایگیرسێنە بە ترووسکەی ئاگراوی چاوی گوڵەستێران،
تا ئەوینی منی هەبێت کاتێ لەناو جێگە و کاتی چاو هەڵێنان؛
بڕۆن هەڵکەنن باڵی پەپوولە ڕەنگینەکان،
تا باوەشێنی پێ بکەن لە چاوە خەوتووەکان.

---

١٦. ناوی جنۆکەکان کە (پیسبلۆسم، کۆبوێب، مۆوت، مەستاردسید)ن لە زمانی ئینگلیزیدا مانایان هەیە. (پیسبلۆسم: کولووکە پۆڵەکە)، (کۆبوێب: تەونی جاڵجاڵۆکە)، (مۆوت: گەرد)، (مەستاردسید: دەنگە خەرتەلە). (وەرگێڕ)

کرنووشی بۆ ببەن و سڵاوی بۆ بکەن، پەرییەکان.

**پیسبلۆسم:** سڵاو، ئەی مرۆڤ!

**کۆبوێب:** سڵاو!

**مۆوت:** سڵاو!

**مەستاردسید:** سڵاو!

**بۆتم:** پڕ بەدڵ داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، بەڕێزان؛ تکاتان لێ دەکەم، بەڕێزان، ناوەکانتانم پێ بڵێن.

**کۆبوێب:** کۆبوێب.

**بۆتم:** من حەزم لێیە زیاتر بتناسم، ئەی (کۆبوێب)ی مەزن.

ئەگەر من پەنجەی خۆمم بڕی، من پێویستم پێت دەبێت بۆ چاکبوونەوە! ئەدی ئێوە، ناوی بەڕێزتان چییە؟

**پیسبلۆسم:** پیسبلۆسم.

**بۆتم:** تکام وایە سڵاوم بگەیەنیت بە خاتوو (ناسکە قالک)ی دایکت و بەڕێز (سەیدا قەپێلک)ی باوکت. بەڕێزم (پیسبلۆسم)ی مەزن، من حەزم لە زێتر ناسینی ئێوەشە. تکایە، بەڕێزم، ناوی تۆ چییە؟

**مەستاردسید:** مەستاردسید.

**بۆتم:** ئەی (مەستاردسید)ی مەزنی چاک، من حەوسەڵەی تۆ باش دەزانم. ئەو گۆشتگایە زلە نامەردە زۆر لە جوامێرانی ماڵی ئێوەی هەڵلووشیووە. من بۆت دووپات دەکەمەوە کە خزمەکانی تۆ لەمەوبەر وایان کردووە چاوەکانی من ئاویان تێ بزێت. من حەز دەکەم تۆ زیاتر بناسم، ئەی (مەستاردسید)ی مەزنی چاک.

**تیتانیا:** وەرن، خزمەتی بکەن، بیهێنن بۆ لای کەپرەکەی من.
وابزانم، مانگ بە چاوی فرمێسکاوییەوە بۆتە گریاو؛
جا کە ئەو دەگریت، هەموو گوڵێک لەگەڵ ئەو دەکەوێتە گرین،
شیوەن دەکەن بۆ پاکیزەیی زەوت کراو.
زمانی دڵدارەکەم ببەستن، بەهێمنی بیهێنن.
(دەڕوات)

## دیمەنی دووەم

لایەکی تری دارستان

(ئۆبیرۆن)، شای پەرییان دێنە ناوەوە

**ئۆبیرۆن:** نازانم ئاخۆ (تیتانیا) واگا هاتووەتەوە؛
ئینجا، چاوانی ئەو هەر شتێک ببینێت،
دەبێ تا ئەوپەڕەکەی پێیەوە گرفتار بێت.
*(جنۆکەکە دێتە ناوەوە)*
وا پەیامهێنەکەم هات. باسوخواس چییە، ئەی رۆحی شێتووێت؟
چ شتێکی شەوانە هەیە لەو دارستانەی مرۆڤ هاتوونەتە سەردانی؟
**جنۆکە:** خانمەکەم کەوتووەتە داوی دڵداری دڕنجێکەوە بەئاسانی.
لە نێزیک کەپرە نهێنی و پیرۆزەکەی ئەو،
کاتێک ئەو کەوتبووە ناو قووڵایی تەپە خەو،
کۆمەڵە گێلێک، پیاوانی ڕەقەکار و ئیشکەر
ئەوانەی نانی خۆیان لە دوکانەکانی (ئەسینا) دێننە دەر،
کۆبووبوونەوە بۆ پرۆڤەکاری شانۆییەکی خۆیان،

نیازیان بوو بۆ زەماوەندی (سیسیەس)ی مەزن بیخەنە بەرچاوان.
ڕەزاگرانترین گێل لەو کۆمەڵە کەسە،
ئەوەی ڕۆڵی (پیرامۆس) دەنوێنێت بەو مەبەسە
دیمەنەکەی جێ هێشت و چووە ناو پنچکەلانی؛
کە من ئەوم بینی لەو شوێنە نابەجێیە بە پەنهانی
سەرکی کەرێکم خستە سەر تەوقەسەری
دەبوایە زوو وەڵامی (سیسبی) بداتەوە بەبێ خەبەری،
ئینجا ئەو بەزمەی من هاتەدەر. کاتێک ئەوان ئەویان بینی،
وەکو قازی کێوییان لێهات کە ڕاوکەری خشۆک دەبینی،
یان وەکو ڕەوە قەلی سەر بۆر، کاتێک دەکەونە بەر نیشانە
هەڵدەفڕن و دەقغێنن لەگەڵ لرمەی تەق و هۆڕی تفەنگانە،
شێتانە بێرەوبەوێدا هەڵدەفڕن لە ئاسمانی،
لە بەرچاوی ئەودا برادەرەکانی ڕا دەکەن بە جوانی؛
لەگەڵ تەپەی پێمان لێرە و لەوێ ئەوان دەکەون؛
یەکێک هاوار دەکات "کوژرام"، یەکێک بۆ (ئەسینا) دەکەوێتە داوای فریاکەوتن.
هەستیان هێندە لاوازبوو و لە دەستدراو بە ترسی هێندە گەورە،
وا دەکات شتی بێ ماناش ئازاریان پێ بگەیەنێت لەو جۆرە،
چونکە تووتڕک و دڕکوداڵ لە جلوبەرگیان گیر دەبێت؛
لە قۆڵیان، لە کلاویان، هەندێکیان بەو جلە لێکەوتووانەیانەوە وەدەبێت.
من بەو ترسە زراوبەرە مێشک نەهێلە بەدوایان کەوتم،
(پیرامۆس)ی شیرینیان لەوێ بە گۆڕدراوی جێ هێلا و نەسرەوتم؛

کاتێک لەو ساتەدا، وا ڕێک کەوت و قەوما،
(تیتانیا) واگاهاتەوە و دڵی بۆ کەرێک لێیدا.

**ئۆبیرۆن:** ئەمە لەوە باشتر کەوتەوە کە من نەخشەم بۆ دانابوو.
بەڵام ئاخۆ چاوی کابرای (ئەسینی) جادووبەند کرابوو
بە ئاوگی عیشق، وەک چۆن من فەرمانم بە تۆ دابوو؟

**جنۆکە:** من بەخەوتوویی ئەوم گرت –ئەوەش خۆی کۆتابوو–
ژنە (ئەسینی)ەکەش لەتەنیشت ئەو ڕاکشابوو؛
جا کە واگاهاتەوە، ناچارە ئەو ژنە ببینێت ئاوها بوو.

*(دیمیتریۆس) و (هێرمیا) دێنە ژوورەوە*

**ئۆبیرۆن:** خۆت بشارەوە؛ ئەمە هەمان کابرای (ئەسینی)یە.

**جنۆکە:** ئەمە ژنەکەیە، بەڵام هەمان کابرا نییە.

**دیمیتریۆس:** ئۆه، بۆ سەرکۆنەی کەسێک دەکەیت کە تۆی وا خۆشدەوێت؟
با زمانی وا توند تەنیا بۆ دوژمنی قێزەوەنت بەکار بێت.

**هێرمیا:** وا تەنیا سەرکۆنەت دەکەم، بەڵام دەبێت خراپتریش بکەم،
چونکە، دەترسم، تۆ هۆی تریشت پێداوم بەر نەفرەتت بخەم.
ئەگەر تۆ (لیزاندەر)ت لە خەودا کوشتبێت،
تاوانی وا زلت کردبێ و خوێنی ئەوت ڕشتبێت،
وەرە منیش بکوژە.
هێندەی ئەو بۆ من، خۆر بۆ ڕۆژەکە دڵسۆز نەبووە
ئاخۆ ئەو خۆی لێم دزیووەتەوە و سەری هەڵگرتووە
لە (هێرمیا)ی خەوتوو خۆی شاردووەتەوە؟ زووتر من
بڕوام دێت کە زەویی کون بکرێت لەم سەرەوە تاکو بن

مانگ بەناو ئەو کونەیدا بخشێت، ناخۆشی و دڵتەنگی
ببەخشێت بە نیوەڕۆییەکانی ئەودیووی زەوی بەبێدەنگی.
جگە لەوەی تۆ ئەوت کوشتووە هیچی تر قەت نابێت
چونکە مرۆڤکوژ ڕووخساری مردووانە و مۆن دەردەکەوێت.
**دیمیتریۆس:** ئاوا دەردەکەوێت کەسی کوژراو و بەهەمان شێوەش من،
بەدڵرەقی توندی خۆت ناخ و دڵی منت کردووە کون کون.
کەچی، تۆی مرۆڤکوژ، هێندە گەش، هێندە بێگەرد خۆ دەنوێنیت،
دەڵێی (ڤینۆس)یت لە خوولگە بریسکەدارەکەتدا پڕشنگ دەپرژێنیت.
**هێرمیا:** ئەوە چ پێوەندی بە (لیزاندەر)ی منەوە هەیە؟ کوانێ ئەو؟
ئاه، (دیمیتریۆس)ی چاک، تۆ بە من دەبەخشیتەوە ئەو؟
**دیمیتریۆس:** پێم باشترە کەلاکی ئەو بدەمە تاژییەکان.
**هێرمیا:** چەغە، سەگ! چەغە، سپە! تۆ منت لەو سنوورە تێپەڕاند
کە خانمێک حەوسەڵەی بمێنێت. ئەرێ تۆ ئەوت کوشتووە؟
کەواتە هەرگیز خۆت لە ڕیزی پیاوان دامەنێ و بزانە چیت کردووە!
ئۆه، جارێک ڕاستی بڵێ؛ ڕاستی بڵێ، تەنانەت بۆ خاتری من!
ئەرێ ئەگەر ئەو واگا بووایە دەوێرایت تەماشای بکەیت، سەرچنگن،
جا تۆ ئەوت لە خەودا کوشت؟ وای چ کارێکی ئازایانەت کرد!
کرمێک، مارێک، هەمان شتی پێ نەدەکرا دەستوبرد؟
مارێک وای کرد؛ چونکە بە زمانێکی دوو فلیقەدارتر
لەوەی تۆ، تۆی مار، هیچ مارێک پێوە نادات توندتر.
**دیمیتریۆس:** تۆ بەهۆیەکی چەوت تێک دەشێوێنیت سۆزی خۆت:
من بە ڕژاندنی خوێنی (لیزاندەر) تاوانبار نیم وا دەڵێم بۆت؛

ئەوەندەی کە من بیزانم، ئەو نەمردووە.

**هێرمیا**: تکات لێ دەکەم، جا تۆ پێم بڵێ ئەگەر ئەو بێ بەلا بووە.

**دیمیتریۆس**: جا گەر ئەوەم پێ بکرێت، لەباتیی ئەمە دەستکەوتم چی دەبێت؟

**هێرمیا**: نازیاری ئەوەت پێدەدەم کە هەرگیز جارێکی تر من نابینیت.
جا من بەدوور دەبم لە بینینی پڕ لە کینەی تۆ؛
چیی تر نامبینیت ئەگەر ئەو مردووە و ئەگەر زیندوو.
(دەڕوات)

**دیمیتریۆس**: وا بزانم چیی تر بەو رقە ئەستوورەیەوە ناتوانم بەدوای بکەوم؛
بۆیە، لێرە، بۆ خۆم بۆ ماوەیەک دەمێنمەوە و پشوو دەدەم.
قوورسی خەم هێندەی تر گرانتر خۆی دەنوێنێت
خەوی بێمایەش قەرزاری خەمە و هیچی پێ ناکرێت؛
کەم کەمە ئێستا هەندێک قەرزەکەی دەداتەوە،
لەبەر ئەو مەسەلەیەش با لێرە پاڵم پێبداتەوە.
(پاڵدەکەوێت)

**ئۆبیرۆن**: ئەوە تۆ چیت کردووە؟ تۆ هەڵەیەکی گەورەت کردووە،
شیللەی عیشقت لە دیدەی عاشقێکی ڕاستەقینە هەڵسووە.
ئەنجامی ئەو هەڵەیەی کردووتە وا دەکات عاشقێکی ڕاست و دڵسۆز
گۆڕانی لێ ڕوو بدات، نەک یەکێکی ساختە بیبزوێت هەست و سۆز.

**جنۆکە**: کەواتە چارەنووس وای داناوە بۆ هەر پیاوێکی ڕاستگۆ،
ملیۆن کەس بکەوێت و سوێند بخوات بە درۆ.

**ئۆبیرۆن**: بەناو دارستانەکەدا خێراتر لە ڕەشەبا برۆ،
(هێلین)ی ئەسینی بۆ من بدۆزەوە، تۆ؛

ئەو گرفتاری عیشق و ڕەنگ زەرد و ژاکاوە،
چونکە بە ئاخ و ئۆفی عیشق خوێنی دڵی زووخاوە.
بە هەندێک ئەندێشە ئەو بەرەو ئێرە بهێنە؛
من چاوی کابرا جادووبەند دەکەم کە ئەو دێتە ئەم شوێنە.

**جنۆکە:** من دەڕۆم، دەڕۆم، بڕوانە چۆن دەڕۆم،
تیژتر لە تیری تەتەران دەردەپەڕم بەخۆم.
(دەڕوات)

**ئۆبیرۆن:** ئەم گوڵە وەنەوشەیی ڕەنگە،
بە تیری (کیوپید) پێکراوی مەنگە،
رووبچۆرە ناو گلێنەی چاوانی.
کاتێ دولبەرەکەی دەکەوێتە بەر دیدەکانی،
وا بکە هێندە گەش بدرەوشێتەوە
وەک (ڤینۆس)ی ئاسمان بتروسکێتەوە.
کاتێک تۆ واگادێیتەوە، ئەگەر کیژە لە نزیکیییەوە بێت،
دەبێت تکاکاری ئەو بۆ چارەسەری خۆی بێت.
*(جنۆکەکە دێتەوە ناو شانۆ)*

**جنۆکە:** سەرکردەی دەستەی پەرییان،
(هێلینا) لێرەیە لە نزیکمان،
گەنجەکەش کە من وام لێ کردبوو بە هەڵە
مافی عیشقداری خۆیم لێ داوا دەکات بە پەلە؛
ئەرێ ئێمە بچین بەزمی نمایيشی ئەوان ببینین؟
ئەی خوا، ئەو مرۆڤانە چ گەوجێکن، نازانم چین!

**ئۆبیرۆن:** لەلایەک بوەستە. ئەو هەراوهۆریایەی ئەوان دەینێنەوە
(دیمیتریۆس) لە شیرین خەوا واگا دەهێننەوە.
**جنۆکە:** جا بە دوو کەسان پێکەوە لەگەڵ یەک کەس دەکەن دڵداری.
ئەم گەمە و بەزمە زۆر خۆشە بچینە دیاری.
جا ئەم شتانە یەگجار دڵخۆشم دەکەن
کە زۆر بەبێ مانایی ڕوو دەدەن.
*(لیزاندەر) و (هێلینا) دینە ناوەوە*
**لیزاندەر:** بۆچی وا دەزانیت کە دڵداریت لەگەڵ دەکەم بۆ گاڵتە و ڕیسوایی؟
گاڵتەپێکردن و سووکایەتی هەگیز ناگوترێن بە فرمێسکان.
بڕوانە کاتێ بەڵێن دەدەم، دەگریم؛ بەڵێنێک کە بدرێن وا وایی،
لە بنچینەدا ڕاستی و دروستی لەواندا دێنە بەرچاوان.
چۆن ئەو شتانە لە مندا دەردەکەون گاڵتەت پێ بکەم من،
ئەوان نیشانەی ڕاستگۆییان پێوەیە، بۆ سەلماندنی ڕاستی من؟
**هێلینا:** تۆ زێتر و زێتر فێڵ و تەڵەکەکانت بەرەو پێش دێنیت.
کە ڕاستی ڕاستی دەکوژێت، ئۆه، ئەی ململانێی پیرۆزی و شەیتان!
ئەو بەڵێنانە هی (هێرمیا)ن. ئەرێ واز لەو دەهێنیت؟
بەڵێن بەبەڵێن پێوانە دەکات، بەمە تۆ هیچ ناکێشیت، هەی گیان:
بەڵێنەکانی تۆ بۆ ئەو و بۆ من، لەناو دوو تای تەرازوودا بکێشە،
هەردووکیان بەرامبەرن، سووکیشن وەک هەقایەت بێ گێرمەوکێشە.
**لیزاندەر:** من هیچ مێشکم نەبوو کاتێک بەڵێنم دا بە ئەو.
**هێلینا:** بەڕای من، ئێستاش هیچت نییە کە دەستت بەرداوە لەو.
**لیزاندەر:** (دیمیتریۆس) ئەوی خۆشدەوێت، ئەویش تۆی ناوێت.

**دیمیتریۆس (واگادێتەوە):** ئۆه، (هێلین)، خواوەند، فریشتە، تەواو، خوایی!
ئاخۆ بەچی بچووێنم چاوە جوانەکانی تۆ بەرەهایی؟
کریستاڵ قوڕاوییە. ئۆه، چەند پێگەییون بەجوانی
لێوەکانت، ئەو گێلاسە ماچ لێککەرانەت، فریوودەرن بەئاسانی!
ئەو سپێتیە مەییوە، کە خۆی لە بەفری (تۆرۆس)[17] دەردەخات،
دەبێتە قەلە ڕەشکە کاتێک بای ڕۆهەڵات هەڵ دەکات
کە تۆ باسک و دەستت دەردەخەیت. ئۆه، لێم گەڕێ ماچی بکەم
ئەو شازادە سپییە بێگەردە، ئەو نیشانەی پیرۆزییە بخەمە سەردەم!
**هێلینا:** هەی سندان! هەی دۆزەخ! دەبینم ئێمە هەمووتان
ڕێککەوتوون ڕابوێرن بە منی بەستەزمان.
ئەگەر ئێوە شارستان بووان و ڕێزداریتان زانیبوایە
دەبوو ئەوەندە ئازاری منتان وا نەدابوایە.
ئەریّ ناتوانن ڕقتان لێم نەبێت، وەک من دەزانم ئێوە وان،
تەنیا بۆ ئەوە یەکتان گرتووە بە من بکەن فشە و گاڵتان؟
ئەگەر ئێوە پیاو بووان وەک دەردەکەوێت لە ڕووخسار،
ئێوە لەگەڵ خانمێکی ڕێزدار وا نەتاندەکرد ڕەفتار:
بەڵێن دەدەن، سوێند دەخۆن، زۆر هەڵدەڵێن بە ئەندامەکانم،
کە دڵنیام ئێوە لە دڵەوە ڕقتان لە منە، ئەوەی من بیزانم.
ئێوە هەردووکتان نەیارن و خۆشەویستتانە(هێرمیا)؛
ئێستاش لە پێشبڕکێدان بۆ گاڵتەکردن بە (هێلینا).
کارێکی قنجە، ئەمەیە پیشەی پیاوان،

١٧. تۆرۆس: زنجیرە چیایەکی بەرزە لە ئاسیای بچووک. (وەرگێڕ)

فرمێسک بێنن لە چاوی خانمێکی بەسەزمان
بۆ گەمە و گاڵتان! کاری جوامێرانە نین ئەمانە
کیژێکی پاک ئازار بدەن، وا بکەن لەو بەسەزمانە
تەنگەتاو بێت و ئێوەش خەنی بن بەو گەمانە.

**لیزاندەر:** تۆ دڵڕەقیت، (دیمیتریۆس)؛ وا مەبە، گیانم
چونکە تۆ (هێرمیا)ت خۆشدەوێت. تۆ دەزانیت من دەیزانم؛
جا لێرە، بە هەموو نیازێکی چاک، من پڕ بەدڵ و دەروون،
واز لەو بەشە ئەوینەی خۆم بۆ (هێرمیا) دێنم بێ چەند و چوون؛
تۆش دەستبەرداری خۆشەویستی (هێلینا) ببە بۆ من،
کە من خۆشم دەوێت و هەرواش دەمێنمەوە تاکو مردن.

**هێلینا:** هەرگیز گاڵتەجاران خۆیان بە شتی لەوە بێ سوودترەوە خەریک نەکردووە لە ژین.

**دیمیتریۆس:** (لیزاندەر)، (هێرمیا)ی خۆت بۆ خۆت؛ من هیچم ناوێت لەو.
ئەگەر هەرگیز ئەوم خۆش ویستبێت، هیچ لەم ئەوینەم نەماوە بۆ ئەو.
دڵی من بۆ ئەو هات و رابرد وەکو رێبوارێک،
ئێستا بۆ (هێلین) بەرەو ماڵ گەڕاوەتەوە بە جارێک.
بۆ ئەوەی لەوێ بمێنێتەوە.

**لیزاندەر:** (هێلین)، ئەمە ڕاست نییە.

**دیمیتریۆس:** باوەڕێک بە کەم مەزانە کە تۆ هیچ زانیاریت لەبارەوە نییە،
نەوەک زۆر بە قورسی باجەکەی بدەیت ئەتۆ.
بڕوانە وا دولبەرەکەت دێت؛ ئەوەتانێ دولبەرەکەی تۆ.
*(هێرمیا) دێتە ناوەوە*

**هێرمیا**: شەوی تاریک کە هێزی بینین لە چاوان دەستێنێت،
وا دەکات گوێچکە خێراتر ڕۆڵی خۆی ببینێت؛
کاتێک هەستی بینین کز و نابینا دەکات،
هەستی بیستن دوو هێندە بەتێن دەکات.
(لیزاندەر) من تۆم نەدۆزیەوە بەهۆی چاوەکانم؛
گوێچکەکانم، منیان بەرەو دەنگت هێنا، سوپاسمەندیانم.
بەڵام بۆچی منت بەجێ هێشت وا دڵڕەقانە؟
**لیزاندەر**: بۆچ بمێنێتەوە ئەوەی ئەوین پاڵی دەنێت بڕوات لەو جێیانە ؟
**هێرمیا**: چ ئەوینێک (لیزاندەر) پاڵدەنێت بڕوات و لەلای من نەمێنێت؟
**لیزاندەر**: ئەوینی (لیزاندەر)، کە وای لێ دەکات واز نەهێنێت
لە (هێلینا)ی نازدار، کە پتر شەوەکە دەکات درەخشان
لەو هەموو ئەستێرە و هەسارەی تاقی ئاسمان.
تۆ بۆچی بەدوامەوەیت؟ ئایا ئەمە وات لێ ناکات ئەوە بزانی
من ڕقم لە تۆیە و ئەوەش وای کرد وا جێت بهێڵم بە ئاسانی؟
**هێرمیا**: تۆ بەپێی بیرکردنەوەکانت قسە ناکەیت؛ هەرگیز وا نابێ، گیان.
**هێلینا**: بڕوانە، ئەویش یەکێکە لە دارودەستەی گاڵتەجاڕان!
ئێستا وا دەبینم ئەوان هەرسێکیان بوونەتە یەک
بۆ ئەوەی بەو گەمە و فشەیە بێزارم بکەن ڕێکوپێک.
(هێرمیا)ی جنێودەر، ئەی خانمی یەگجار بەدنمەک!
تۆش پیلانت داناوە، لەگەڵ ئەوان بوویەتە تاقمەک،
تا بەم گاڵتە پیسانە ئازارم بدەن؟
ئەرێ ئەو هەموو قسە و رازانەی پێکەوە کردمان،

بەڵێنی خوشکانە، ئەو کاتژمێرانەی پێکەوە ڕامان بوارد،
کاتێک گلەییمان لە کاتی تیژڕەو دەکرد
کە لێکمان دەکات– ئۆھ، ھەموو ئەمانە بیرچوونەوە؟
ھەموو ڕۆژانی برادەرایەتی قوتابخانە، پاکێتی سەردەمی منداڵی؟
(ھێرمیا)، ئێمە وەکو دوو خواوەندی دەستڕەنگین،
دانیشتبووین بە دەرزییەکانمان ھەردووکمان یەک گوڵمان نەخشاند،
ھەردووکیش لەسەر ھەمان نموونە، لەسەر یەک نیندەر،
ھەردووکیش یەک گۆرانیمان دەچڕی، ھەردووکیش بەھەمان شێواز؛
دەتگووت دەستەکانمان، تەنیشتەکانمان، دەنگەکانمان، مێشکمان،
لەیەک جەستەدایە. ئینجا پێکەوە گەورە بووین،
وەکو گێلاسی جمکانە، وا پێدەچوو لێک جیاین،
بەڵام لەو جیاییەشدا یەکگرتوو بووین،
دوو دەنکە گێلاسی جوان، بەیەک لاسکەوە بووین؛
جا لە ڕووخساردا لە دوو جەستەدا، بەڵام خاوەن یەک دڵ؛
دوو دانەی تاکێک بووین، وەکو زرێی جوامێری،
تەنیا بۆ تاکە کەسێک، تۆقەڵانەکەشی بۆ تانجە سەرێک بوو.
جا ئەرێ تۆ بەنیازیت ئەوینی جارانمان لێک ھەڵبڕیت،
بچیتە پاڵ پیاوانێک بۆ ئەوەی گاڵتە بە برادەرە ھەژارەکەت بکەیت؟
ئەمە دۆستانە نییە، ئەمە دەستەخوشکێتی نییە؛
ڕەگەزەکەمان، منیش ھەروا، ڕەنگە لەسەر ئەمە گلەییت لێ بکەین،
ھەرچەندە من بەتەنیا ھەست بە ئازارەکەی دەکەم.

**ھێرمیا:** من سەرم سوڕماوە لەو قسە پڕ جۆشانەی تۆ؛

من گاڵتە بە تۆ ناکەم؛ وا پێدەچێت گاڵتەم پێ دەکەیت، ئەتۆ.

**هێلینا:** ئەدی تۆ (لیزاندەر)ت نەخستووەتە دوام، بۆ گاڵتەجاڕی،
بکەوێتە دوام و پەسنی چاو و ڕووخسارم بکات؟
ئەدی، (دیمیتریۆس)ی خۆشەویستەکەی تریشت
کە تەنانەت تا ئێستا بە لەقە لێی دەدام،
بێت و بە خواوەند، پەری، فریشتە، دانسقە،
نازدار، و ئاسمانی، بانگم بکات؟ بۆچی ئەو وا بە کەسێک
دەڵێت کە ڕقی لێیەتی؟ ئەدی بۆچی (لیزاندەر)
نکوڵی لە ئەوینی تۆ کە هێندە لە ڕۆحی چووەتە خوار دەکات،
ئینجا دێت، بەڕاستی، ئەوینی خۆیم پێشکێش دەکات،
جگە لەوەی کە تۆ ناردبت، ڕێگەت پێیدابێت، ئەوە چییە؟
ئینجا چییە ئەگەر من هێندەی تۆ جوان نەبم،
ئەوەندە دڵدارم نەبن، ئەوەندە بەبەخت نەبم،
بەڵام یەگجار بەدبەخت، کەسێکم خۆش بوێت کە خۆشی نەوێم؟
تۆ دەبێت بەزەییت بەو کەسە دابێتەوە نەک ڕیسوای بکەیت.

**هێرمیا:** من تێناگەم مەبەستت لەمە چییە.

**هێلینا:** بەڵێ، بەردەوام بە لە پاراستنی ڕووخسارە خەمگینە نوێنراوەکەت،
دەمم لێ بابدەن کاتێک پشتم تێتان دەکەم،
چاو لێکتر بقوچێنن؛ گاڵتە خۆشەکە بپارێزن؛
ئەم گەمەیە، باش بەڕێوەچووە، دەخرێتە تۆمارەوە.
ئەگەر ئێوە هیچ بەزەیی، چاکی یان ڕێکوپێکیتان هەبوایە،
ئەو بەزم و ڕەزمەتان بە من نەدەکرد.

بەڵام خواتان لەگەڵ، بەشێکی خەتای خۆمە،
کە تەنیا مردن یان دیارنەمان چارەسەری دەکات.
**لیزاندەر:** ڕاوەستە، (هێلینا)ی ناسک؛ گوێ لە لێکدانەوەم بگرە؛ ئەی دولبەرم، ئەی ژیانم، ئەی ڕۆحەکەم، (هێلینا)ی نازدار!
**هێلینا:** ئۆھ، نایابە!
**هێرمیا:** گیانەکەم، بەم شێوەیە گاڵتەی پێ مەکە.
**دیمیتریۆس:** ئەگەر بە پاڕانەوە ڕانەوەستێت، دەتوانم بە زۆر وا بکەم.
**لیزاندەر:** تۆ ناتوانیت لە پاڕانەوەی ئەو پتر زۆری لێ بکەیت؛
هەڕەشەکانت هێزی پتریان نییە لە نزا بێ هێزەکانی ئەو.
(هێلین)، من تۆم خۆشدەوێت، سوێند بە ژیانم وام؛
سوێند بەوە دەخۆم کە من بۆ تۆ لە دەستی دەدەم
تا بیسەلمێنم ئەو ڕاست ناکات کە دەڵێت من تۆم خۆشناوێت.
**دیمیتریۆس:** من دەڵێم تۆم لەو خۆشتر دەوێت.
**لیزاندەر:** ئەگەر وا دەڵێیت، شمشێرەکەت هەڵکێشە و ئەمەش بسەلمێنە.
**دیمیتریۆس:** دەی خێرا، وەرە.
**هێرمیا:** (لیزاندەر)، ئەرێ مەبەست لەم بەزمە چییە؟
**لیزاندەر:** دوور بکەوە، ئەی ئەسیوبی (قولەڕەش)!
(دەیەوێت خۆی لەبەردەستی هێرمیا دەربێنێت)
**دیمیتریۆس:** نا، نا، وا خۆی پیشان دەدات
کە دەیەوێت خۆی ڕاپسکێنێت – وەک بڵێی دەیەوێ بەدوام بکەوێ
کەچی ناشهێت. تۆ مرۆڤێکی ترسنۆکی؛ دەبرۆ!
**لیزاندەر:** بەرمەدە، تۆ پشیلە، ئەی پندڕیسکە؛ ئەی شتی خراپ،

بەرمدە، دەنا وەکو مار لە خۆمت دادەتەکێنم.

**هێرمیا:** تۆ بۆ وا بوویتە رەقەکار؟ ئەوە چ گۆڕانێکە، ئەی دۆستی شیرینم؟

**لیزاندەر:** دۆستی تۆ! دەی بڕۆ، ئەی تەتەری قاوەیی، دەی بڕۆ!

بڕۆ، دەرمانی بێزەوەر! ئەی ژەهری قێزەوەن، بڕۆ!

**هێرمیا:** گاڵتە ناکەیت؟

**هێلینا:** بەڵێ، لە ڕاستیدا وا دەکات، تۆش هەر وا دەکەیت.

**لیزاندەر:** (دیمیتریۆس)، من لە قسەی خۆم لەگەڵ تۆ پەشیمان نابمەوە.

**دیمیتریۆس:** پێم خۆشبوو بەڵێنی تۆم هەبوایە؛ بەڵام وەک دەیبینم

پێوەندیەکی بێ هێز تۆی بەستووەتەوە. من باوەڕ بە قسەت ناکەم.

**لیزاندەر:** چی، ئازاری بدەم، لێی بدەم، بیکوژم؟

هەرچەندە ڕقم لێیەتی، بەڵام وا ئازاری نادەم؟

**هێرمیا:** چی! ئەرێ تۆ دەتوانیت ئازارێکی پترم لە کینەداری پێ بگەیەنیت؟

ڕقت لێم ببێتەوە! لەبەر هەرشتێک؟ قوڕبەسەرم! چ باسە، دۆستەکەم؟

ئەرێ من (هێرمیا) نیم؟ ئەرێ تۆش (لیزاندەر) نیت؟

ئێستا من وەکو جاران جوانم.

هەر لە دوێنێ شەوەوە خۆشت ویستم؛ دوێنێ شەویش جێت هێشتم.

کەواتە بۆچی بڵێم تۆ جێت هێشتم - ئۆه، خوا وا نەکات!–

من ئەوە بەراستی بڵێم؟

**لیزاندەر:** بەڵی، سوێند بە ژیانم!

هەرگیز حەزیشم نەدەکرد چیی تر بتبینمەوە.

بۆیە بێ ئومێد و بێ پرسیار و بێگومان بە؛

هیچ شتێک لەوە ڕاستتر نەبووە؛ ئەمە گاڵتە نییە
که وا من ڕقم له تۆیه و (هێلینا)م خۆشدەوێت.
**هێرمیا:** وای له خۆم! (بۆ هێلینا) تۆی فریوودەر! تۆی کوڵووک خۆر!
تۆی ئەوین دز! چی! ئەوە تۆ بە شەو هاتیت،
دڵی خۆشەویستەکەی منت دزیووە؟
**هێلینا:** بەڕاستی، چاکە!
ئەرێ تۆ هیچ خاکەڕاییت نییە، هیچ شەرمی خانمانەت نییە،
هیچ تەریقبوونەوەیەکت نییە؟ چی؟ ئەرێ دەتەوێت وەڵامی
بێ سەبرانە لە زمانە بەرز و ناسکەکەی من بدزیت؟
شەرم بکە، شەرم! تۆی ساختەکار، تۆی گوجیلەسەگ!
**هێرمیا:** "گوجیلەسەگ!" بۆچی وا؟ بەڵێ، گەمەکە بەملایەدا دەڕوات.
ئێستا تێ دەگەم کە ئەو بەراوردی کردووە
لە نێوان باڵاکانمان؛ ئەو باڵای خۆی هانداوە؛
جا بە کەسایەتیی خۆی، بە کەسایەتی بڵندی خۆی،
ئەوەی ڕاستی بێت، خۆی گەیاندووەتە ئاستی ئەو.
ئەرێ ئەتوو هێندە بەرزبوویتەوە لە بەرچاوی ئەو
چونکە من کورتەبنە و بەژن کورتم؟
من چەند کورتم، ئەی لۆقدرێژی بۆیاغ کراو؟ قسە بکە.
من چەند کورتم؟ کەچی هێشتاش هێندە نزم نیم
نینۆکەکانم نەگەنە ئاستی چاوەکانت.
**هێلینا:** جوامێران، ئەگەرچی ئێوە گاڵتەم پێ دەکەن، تکاتان لێ دەکەم
لێ مەگەڕێن ئەو ئازارم بدات. من هەرگیز شەڕەنگێز نەبوویم؛

من توانای بێحەیایی و شەڕ و شەڕەچەقەم نییە؛
من خانمێکی تەواو ڕێکم لەگەڵ ترسنۆکییەکەم؛
لێ مەگەڕێن لێم بدات. ڕەنگە ئێوە وا بیربکەنەوە،
چونکە ئەو کەمێک نزمترە لە من،
من بتوانم دەرەقەتی بێم.

**هێرمیا:** ببیستن "نزمتر"، دیسان.

**هێلینا:** (هێرمیا)ی چاک، ئەوەندە لەگەڵم توونـد مەبە.
من هەموو کات تۆم خۆشویستووە، (هێرمیا)،
بەردەوام نهێنییەکانتم پاراستووە، قەت خراپەم لەگەڵت نەکردووە؛
جگە لە مەسەلەی خۆشەویستی من بۆ (دیمیتریۆس)،
من مەسەلەی خۆدزینەوەی تۆ بۆ ناو ئەو دارستانەم بەو گوت.
ئەو بەدوای تۆ کەوت؛ منیش لەبەر خۆشەویستی بەدوای ئەو کەوتم؛
بەڵام ئەو لەبەر ئەمە تێیڕاخوڕیم، هەرەشەیشی لێ کردم
لێم بدات، ڕەتم بکاتەوە، نەخێر، بشمکوژێت؛
جا ئێستا تۆ لێم گەڕێ بەهێمنی بڕۆم،
من هەڵەکەی خۆم بەرەو (ئەسینا) دەبەمەوە،
چیی تریش بەدوای تۆ ناکەوم. لێگەڕێ بڕۆم.
دەبینی من چەند سادە و چەند ساویلکەم.

**هێرمیا:** بۆچی، بڕۆ دەی! کێ ڕێگەی لێ گرتوویت؟

**هێلینا:** دڵێکی گەوج کە من لێرە بەجێی دەهێلم.

**هێرمیا:** چی! لەلای (لیزاندەر)؟

**هێلینا:** لەلای (دیمیتریۆس).

**ليزاندەر:** (هێلینا)، مەترسە، ئەو ئازارت پێ ناگەیەنێت.
**دیمیتریۆس:** نەخێر، گەورەم، ئەو وا ناکات، ئەگەرچی تۆ لای ئەو دەگریت.
**هێلینا:** ئۆه، کاتێک ئەو توورە دەبێت، ئەو تووند و شەڕەنگێز دەبێت؛
ئەو کاتێک چوو بۆ قوتابخانە کەسێکی توورە و جینگز بوو؛
ئەگەرچی بچووکە، بەڵام درە.
**هێلینا:** دیسان "بچووک"! تەنیا "نزم" و "بچووک"!
بۆچی لێ دەگەڕێی ئاوا گاڵتەم پێ بکات؟
لێمگەڕێ با پێی بگەم.
**ليزاندەر:** برۆ، هەی کوڵەبنە؛
تۆ هەی گدینەی لە گرزەگیا دروست کراو؛
هەی مۆروو، هەی گزگل.
**دیمیتریۆس:** تۆ زۆر رشتیت لەسەر ئەوەی
یارمەتی پێشکێش بە کەسێک بکەیت کە بەنزمی سەیرت دەکات.
وازی لێ بێنە؛ باسی (هێلینا) مەکە؛
لایەنگیری ئەو مەبە؛ چونکە ئەگەر تۆ نیازت ئەوە بێت
کە یەک تۆزقاڵ خۆشەویستیت بۆ ئەو دەربخەیت،
تۆ ئەوەت زۆر خراپ لەسەر دەکەوێت.
**ليزاندەر:** ئێستا ئەو چیی تر منی نەگرتووە.
دەئێستا وەرە، ئەگەر دەوێریت، بزانین مافی
تۆ یان هی من لەلای (هێلینا) زیاترە.
**دیمیتریۆس:** وەرە! نەخێر، من لەگەڵت دێم، شان بەشان.
*(لیزاندەر) و (دیمیتریۆس) دەڕۆنە دەرەوە*

**هێرمیا:** تۆ، خانم، ئەو هەموو بەزم و هەرایە لەسەر تۆیە.
نەخێر، لێم مەسڵەمەرەوە.
**هێلینا:** من هیچ بڕوام بە تۆ نەماوە؛
چیی تر لەگەڵ تۆی شەڕەنگێز نامێنمەوە لەم ناوە.
دەستەکانت بۆ شەڕ خێراترن لە هینەکانی من؛
ئەگەرچی لاقەکانم درێژن، چاکن بۆ هەڵاتن.
(دەڕوات)
**هێرمیا:** نازانم چی بڵێم و تیاماوم من.
(دەڕوات)
**ئۆبیرۆن:** ئەمەش کەمتەرخەمی تۆ. دیسان هەڵەت کردووە،
ئەگینا تۆ ئەم شەیتانییەت بە ئەنقەست کردووە.
**جنۆکە:** باوەڕ بکە، ئەی شای جنۆکان، من لێم تێک چووە.
ئەی بەخۆت پێت نەتگوتم پێویستە پیاوەکە بناسمەوە
بەو جلە ئەسینیانەی کردوویەتیە بەرخۆی؟
بۆیەش کارەکەی من بێ تاوان دەردەکەوێ
چونکە من شیلەکەم لە چاوی ئەسینیەک هەڵسووی؛
بەمەش من پێم خۆشە کە کارەکە وای لێ هات،
چونکە بەم هەراوهۆریایەیان بۆتە بەزمەسات.
**ئۆبیرۆن:** تۆ دەبینیت بۆ شوێنێک دەگەڕێن بۆ شەڕ ئەو عاشقانە.
بۆیە، پەلە بکە (رۆبین)، شەو دابهێنە لەم جێ و بانە؛
دەستبەجێ داپۆشە ئاسمانی ئەستێراوی
بە تەمێکی چڕی ڕەش وەک رووباری دۆزەخ بەتەواوی،

ئەو نەیارە شەڕکەرانە وا بکە وێڵ و سەرگەردان
تا ڕێی نەکەوێتە لای ئەویتر هیچ یەکێکیان.
جارێکیان وەکو (لیزاندەر) دەنگی خۆت بگۆڕە،
ئینجا (دیمیتریۆس) بە قسەی ڕەق بکە تووڕە؛
هەندێکجاریش وەکو (دیمیتریۆس) ببارێنە جوێن؛
واش بکە لێکتر دوور ببنەوە و لێکتر هەڵببڕێن،
تا لەنێو چاوانیان خەوی قورسی ڕووخسار مردەنی
بەقاچی قوڕقوشم ئاسا و باڵی شەمشەمەکوێرانی دێتە دیدەنی.
ئینجا لەناو چاوی (لیزاندەر) بگوشە ئەم گیادەرمانە؛
کە ئاوگەکەی لەخۆ دەگرێت ئەم هەموو توانا چاکانە،
هەموو هەڵەکانی ئەوێ بەهێزی خۆی لا دەبات
تۆپکی چاوانی بە دیتنی ئاسایی شاد دەکات.
کاتێک واگادێنەوە ئەم هەموو سووکایەتییەیان
وەکو خەون و خەیاڵێکی پووچ دەردەکەوێت ئەو بەزمەیان؛
ئینجا بەرەو (ئەسینا) دەچنەوە عاشقەکان
بە پەیمانێکی وا کە کۆتایی نایە تا ڕۆژی مردن و گیاندان.
کاتێک ئەم کارانە من دەسپێرم بە تۆ هەیهات،
دەچمە لای شاژنەکەم، تکای لێدەکەم کوڕیژگە هیندییەکەم پێ بدات؛
ئینجا من چاوە جادووبەندکراوەکانی ئەو ئازاد دەکەم
لە بینینی دڕنجانە، ئەوسا هەموو شتێک پڕ ئاشتی دەکەم.
**جنۆکە:** ئەی سەروەری پەرییان، دەبێ خێرا و دەستوبرد بکرێت ئەمە هەلە،
چونکە ئەژدیها خێراکانی شەو هەوری ئاسمان دەبڕن زۆر بەپەلە؛

وا موژدەدەری (ئۆرۆرا)[18] لەویانە،
لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو، تارمایی کە لە هاتوچۆدانە
بەرەو حەوشەی کڵێساکان دەگەڕێنەوە. هەموو ڕۆحێکی نەفرەتبار
کە لە چەقەڕێیان یان ناو لافاوان نێژراون نیانە جێگە و هەوار،
ئەوانیش بەرەو نوێنە کرماویەکانیان ڕێگەیان گرتووەتەبەر،
لە ترسی ئەوەی نەوەک کارە شەرمندەکانیان بکەوێتە دەر؛
ئەوان خۆویستانە خۆیان لە ڕووناکی دوورخستووەتەوە لەوێ،
بۆیە دەبێ هەتاهەتایە لەگەڵ شەوی تەوێڵ ڕەش بکەونە ڕێ.

**ئۆبیرۆن:** بەڵام ئێمە ڕۆحێکین لە جۆرێکی جیاواز:
من زۆرجاران لەگەڵ دۆستی سپێدە[19] چوومەتە ڕاو بەنیاز؛
وەکو دارستانەوان، بەناو دارودرەختاندا گەڕاو و سووڕاوم
تەنانەت تا بەردەرگەی ڕۆهەڵات، کە سوورێکی ئاگرینە لێی ڕاماوم،
کاتێک بەسەر رووی (نیپتۆن)[20]دا تیشکی پیرۆزی دەکات پەخش،
ئاوە خوێیاوە سەوزەکە دەکاتە زەردێکی زێڕین و پڕ نەخش.
بەڵام، ئەمە گرینگ نییە، پەلە بکە، خۆت مەگنخێنە ئەمجارە؛
ڕەنگە بتوانین پێش بەرەبەیان تەواو بکەین ئەم کارە.
*(ئۆبیرۆن دەڕوات)*

**جنۆکە:** *هەوراز و نشێو، هەوراز و نشێو،*
*ئەوان دەبەم بەرەو هەوراز و نشێو.*

---

١٨. (ئۆرۆرا) خواوەندی سپێدەیە لەلای ڕۆمانەکان و موژدەدەری (ئۆرۆرا)ش ئەستێرەی کاروانکوژەیە. (وەرگێڕ)

١٩. مەبەست لە دۆستی سپێدە (سیفالۆس)ە. (وەرگێڕ)

٢٠. مەبەست لە (نیپتۆن) خواوەندی ئاو و دەریایە لەلای ڕۆمانەکان. (وەرگێڕ)

*لێم دەترسن لە گوند و لە شارێو.*

*منی جنۆکە، دەیانبەم بەرەو هەوراز و نشێو.*

ئەوا یەکێکیان دێتە ئێرە.

*(لیزاندەر) دێتە ناوەوە*

**لیزاندەر:** ئەی (دیمیتریۆس)ی لەخۆبایی، تۆ لە کوێیت؟ دەئێستا بکە قسان

**جنۆکە** (بەدەنگی دیمیتریۆس): لێرەم، هەی نامەرد، تۆ لە کوێیت؟ من شمشێرم هەڵکێشاوە و وەرە مەیدان.

**لیزاندەر:** من یەکسەر لەگەڵ تۆ دەبم.

**جنۆکە:** جا کەواتە وەدوام بکەوە،

با بچینە شوێنێکی بەرهەڵداتر.

(لیزاندەر لەو ناوە دەسوڕێتەوە، بەدوای دەنگەکە کەوتووە)

*(دیمیتریۆس) دێتە ناوەوە*

**دیمیتریۆس:** (لیزاندەر)، قسە بکەوە.

تۆی هەڵاتوو، ئەی ترسنۆک، ئەرێ ڕات کردووەتەوە؟

لەناو دەوەنێکەوە، بدوێ، لە کوێ سەری خۆت شاردووەتەوە.

**جنۆکە** (بەدەنگی لیزاندەر): تۆ ترسنۆکیت، ئەرێ تۆ خۆت هەڵدەکێشیت بۆ ئەستێران،

بە دار و دەوەنان دەڵێیت تۆ ئامادەی بۆ شەڕ و جەنگان،

کەچی هەر ناشهێیت؟ وەرە، ئەی حیزەڵە، هەی منداڵۆکە، وەرە؛

من بە دارێک دەتکووتمەوە. ئابڕووی دەچێت بەو شەڕە

ئەوەی شمشێر لە تۆ هەڵبکێشێت.

**دیمیتریۆس:** بەڵێ باشە، ئەرێ تۆ هەر لەوێیت؟

**جنۆکـه:** بەدوای دەنگمـدا وەرە؛ ئێـمـە مـەردایەتی خـۆمـان لێـرە پێ
ناسەلمێنرێت.
(دەڕوات)
*(لیزاندەر) دەگەڕێتەوە سەرشانۆ*

**لیزاندەر:** ئەو لە پێشم دەڕوات، هێشتاش داوای مەیدانخوازیم لێ دەکات؛
کاتێک دەگەمە ئەو شوێنەی ئەو بانگم دەکات، ئەو لەوێ ڕا دەکات.
پێی ئەو نامەردە زۆر سووکترە لەوەکەی من.
من خێرا وەدوای کەوتم، کەچی ئەو کەوتە قووچاندن،
وا من کەوتوومەتە ناو شوێنێکی تاریک و ناخۆش،
لێرە پشوویێک دەدەم. (رادەکشێت) وەرە ئەی ڕۆژی خۆش.
جا ئەگەر یەکجار تیشکی بۆرت بۆ من بەدەربخەیت،
(دیمیتریۆس) دەدۆزمەوە، تۆڵەی ئەو ڕقەی لێ دەردەکەم.
(دەخەوێت)
جنۆکە و *(دیمیتریۆس) دەگەڕێنەوە سەرشانۆ*

**جنۆکە:** هۆ، هۆ، هۆ! ئەی ترسنۆک، بۆچی تۆ نەهاتی؟

**دیمیتریۆس:** چاوەڕێم بکە، گەر دەوێریت، چونکە دەزانم لەبەر من هەڵاتی،
تۆ لە پێش من ڕێ دەکەیت، شوێنگۆڕکێ دەکەیت،
نەدەوێریت بوەستیت، نەدەشوێریت تەماشای ڕووخسارم بکەیت.
تۆ ئێستا لە کوێیت؟

**جنۆکە:** من وا لێرەم؛ وەرە ئێرە دەی.

**دیمیتریۆس:** نا، گاڵتەم پێ دەکەیت. ئەوەت گران لەسەر دەکەوێت، هەی هەی،
ئەگەر هەرگیز بە ڕۆژ ببینم ڕووخسار و ڕووی تۆ؛

ئێستا بەڕێی خۆتا برۆ، ناچارم دەکات شەکەتییە هۆ
لەسەر ئەو نوێنە ساردە پاڵبدەمەوە.
لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژ دەتبینمەوە.
(درێژ دەبێت و خەوی لێ دەکەوێت)
*(هێلینا) دێتە ناوەوە*

**هێلینا:** ئۆه، ئەی شەوی ماندووێتی، ئەی شەوی درێژ و بێزارکەر،
سەعاتەکان کورت بکەرەوە! خۆشی پەخش بکەوە لەلای ڕۆهەڵات،
تا من بتوانم لە کاتی ڕۆژدا بگەڕێمەوە (ئەسینا) یەکسەر،
دوور بکەومەوە لەو خەڵکەی حەز لە هاوڕێیەتیم ناکات.
جا خەوتن کە هەندێکجار دادەخات چاوی خەم،
بمدزەوە لەو خەڵکانە بۆ ماوەیەکی کەم.
(دەخەوێت)

**جنۆکە:** تا ئێستا تەنیا سێ کەس؟ با زیاتر بێت؛
دوو لە هەردوو ڕەگەزان چوار پێکدێنێت.
ئەوا کچێک دێتە ئێرە، تووڕە و خەمبارە.
(کیوپید) کوڕێکی شەیتان و لاسارە،
بەم جۆرە شێتکەری مێینەی هەژارە.
*(هێرمیا) دێتە ناوەوە*

**هێرمیا:** قەت هێندە ماندوو نەبوویمە، قەت هێندە خەمبار،
بە دەنکە شەونم تەڕ، جلدڕاو بە دەوەنی دڕکاوی،
ناتوانم چیی تر بخشێم، هیچی تر بەرەو پێش یەکجار؛
قاچەکانم لەگەڵ حەزەکانم ناهاوێن هەنگاوی.

بۆ خۆم لێرە ڕادەکشێم تا ڕۆژ هەڵدێت.
ئەگەر ئەوان نیازیان شەڕە، خوا (لیزاندەر) بپارێزێت!
(درێژ دەبێت و خەوی لێ دەکەوێت)
**جنۆکە:** لەسەر زەوی بەقووڵی بخەوی؛ من تێی دەکەم،
هۆو لە چاوانی تۆ،
دولبەری ناسک، چارەسەر هۆو هۆ.
(شیلەکە دەگوشێتە ناو چاوانی لیزاندەر)
کاتێک واگادێیتەوە
دڵ و دەروونت دەکرێتەوە
بە خۆشییەکی ڕاست دەبووژێیتەوە
کە چاوت ڕۆشن دەبێتەوە
بە دیتنی کۆنە یاری خۆت؛
جا قسە نەستەقە بەناوبانگەکەی گوندان،
کە هەر پیاوێک بۆ یاری خۆی دەبێتە خودان،
لە کاتی واگاهاتنەوەدا بۆت دەکەوێتە بەرچاوان:
هەر کوڕێک بە کیژۆڵەی خۆی دەبێتەوە شاد؛
هیچ شتێک نە خراپ دەبێت و نە بەرباد.
(دەڕوات)

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی یەکەم

ناو دارستان. لیزاندەر، دیمیتریۆس، هێلینا و هێرمیا
راکشاون و خەوتوون.

(تیتانیا) و (بۆتم) دێنە ناوەوە؛ پیسبڵۆسم، کۆبوێب، مۆت، مەستاردسید و پەرییەکانی تر یاوەریانن؛ (ئۆبیرۆن) لە پشتەوەیە، نەبینراوە.

**تیتانیا:** وەرە دابنیشە لەسەر ئەم نوێنەی گوڵ و گوڵزارە،
کاتێک من یاری بە ڕوومەتە نازدارەکانت دەکەم،
گوڵی بۆنخۆش دەدەم لەم سەرکە لووس و بریقەدارە،
جا ئەی خۆشی دڵانم، گوێیە گەورە نازدارەکانت ماچ دەکەم.

**بۆتم:** (پیسبڵۆسم) لە کوێیە؟

**پیسبڵۆسم:** ئامادەم.

**بۆتم:** (پیسبڵۆسم) سەرم بخورێنە.
ئەدی سەیدا (کۆبوێب) لە کوێیە؟

**کۆبوێب:** ئامادەم.

**بۆتم:** سەیدا (کۆبوێب)؛ ئەی سەیدایێ چاک، چەکی خۆت بەدەستەوە بگرە و برۆ مێشەنگوینی لاقوون سووری گزەگزکەرم لەسەر ئەو

بنە قەلۆغانە بۆ بکوژە: ئینجا ئەی سەیدایێ چاک، کیسە هەنگوینەکەم بۆ بهێنە. تۆ خۆت بەو ئیشەوە زۆر مەڕەتێنە، سەیدایەکەم؛ جا سەیدای چاک، ئاگەدار بە کیسە هەنگوینەکە نەدڕێت؛ من ڕقم لەوە دەبێتەوە کە تۆ ببینم، ئەی سەیدا، کە کیسە هەنگوینت بەسەردا ڕژاوە. کوا سەیدا مەستاردسید لە کوێیە؟

**مەستاردسید:** ئامادەم.

**بۆتم:** مستتم بدەرێ، سەیدا (مەستاردسید). ئەی سەیدایێ چاک، تکام وایە واز لەو ڕێزبەرزییەی خۆت بهێنیت.

**مەستاردسید:** چیی دەفەرموویت؟

**بۆتم:** هیچم ناوێت، ئەی سەیدایێ چاک، تەنیا یارمەتی (کۆبوێب)ی سوارچاک بدە بۆ خوراندنی سەرم. سەیدا، من دەبێ بچمە لای سەرتاش؛ چونکە وابزانم دەموچاوم یەگجار پڕ موو بووە؛ منیش کەرێکی وا هەستیارم، جا ئەگەر هاتوو مووم خورشتی لێ هات هەر دەبێت هەڵی کڕێنم.

**تیتانیا:** چی، حەز دەکەیت گوێت لە تێفە مۆسیقایەک بێت، ئەی یاری شیرینم؟

**بۆتم:** من گوێیەکی باش و بەهەستم هەیە بۆ مۆسیقا. دەی با مۆسیقای (ئێسک و سێپایە)[٢٢] لێ بدەین.

**تیتانیا:** دەبڵێ، ڕۆحی شیرینم، حەزت لە چییە، بیخۆیت؟

---

٢٢. (ئێسک و سێپایە) جۆرە مۆسیقایەکی ئەو ڕۆژگارە بوو بەپارچە ئێسکێک لێ دەدرا؛ سێپایەش جۆرە مۆسیقایەکی ئەو سەردەمە بوو بەئاسنێکی سێگۆشەیی لێ دەدرا. (وەرگێڕ)

**بۆتم:** ئەوەی ڕاستی بێت، نیو رووبە ئالیک؛ من پێم خۆشە دەنکە پەڕەشتەی وشکی باش بکرۆژم. وا بزانم زۆر حەز لە بوتڵێک کا دەکەم. کایەکی باش، کایەکی خۆش، بەڕاستی شتێکی بێ هاوتایە.

**تیتانیا:** من پەرییەکی ماڵداریکەرم هەیە بەدوای کونە سمۆرەدا دەگەڕێت، با ئەو بچێت هەندێک گوێزی تازەت بۆ بهێنێت.

**بۆتم:** من پێم خۆشترە کە چەنگێک تا دوو چەنگ پۆڵەکەی وشکم بۆ بهێنن. بەڵام، من تکات لێ دەکەم، با هیچ کەسێکی دارودەستەکەت نەمجووڵێنێت، چونکە لەوە دەکات کە ئارەزووی خەوتن بەسەرمدا زاڵ دەبێت.

**تیتانیا:** تۆ بخەوە، منیش لە باوەشی خۆم ڕات دەژەنم.

پەرییەکان بڕۆن، هەمووتان لەم ناوە مەمێنن.

(پەرییەکان دەڕۆن)

جا بەم جۆرە دارئالینک بەنەرمی لە پەنجەی خانم ئالاوە؛

لاولاوەی مێیینە بەم جۆرە

خۆی لە پەنجە توێکڵدارەکانی داری وزم لولداوە.

ئای چەندم خۆش دەوێیت! ئای چۆن گیرۆدەی تۆم!

(ئەوان دەخەون)

*(جنۆکە دێتەناو شانۆ)*

**ئۆبیرۆن (دێتە پێشەوە):** بەخێر بێیت، (ڕۆبین)ی چاک،

ئەو دیمەنە جوانەت دیووە؟

ئێستا من بەزەییم بە گیرۆدەیی ئەودا دێتەوە؛

چونکە، کاتێک بەمدواییانە لەپشت دارستان بینیم،

ئەو بەدوای دیارییە جوانەکانی ئەوین بوو بۆ ئەم گێلە قێزەوەنە،
من سەرکۆنەیم کرد و قسەم پێی گووت.
چونکە ئەو لەنێو چاوانی مووای ئەو کابرایە
تاجەگوڵی بۆنخۆشی ناسکی بەستبوو؛
جا ئەو دەنکەشەونمەی کە هەندێکجار لەسەر خونچەکان
خڕ دەبنەوە و ئەستوور دەبن وەکو مرواری ڕۆهەڵاتی
ئێستا لەناو چاوە جوانەکانی ئەو گوڵانەدا
وەکو فرمێسک بوون و شیوەنیان بۆ ئەو شەرمەزارییە دەکرد.
جا کاتێک من بە کەیفی خۆم سەرکۆنەم کرد،
ئەو بە قسەی شیرین لێم پاڕایەوە پشووم درێژ بێت،
دواتر کە من داوای کوڕیژگە گۆڕدراوەکەم لێی کرد؛
ئەویش یەکسەر پێی دام، پەریی خۆی نارد
بۆم بیبەنە ناو کەپرەکەم لە پەرییستان.
جا ئێستا کە من کوڕیژگەکەم هەیە، من لای دەبەم
لەسەر چاوانی ئەو ئەم جادوو و خڵەتاوییە.
جا جنۆکەی چاک، ئەو کەللەکەرە گۆڕدراوە
لە سەری ئەو جووتیارە (ئەسینی)ە داکەلێنە،
تا کە واگادێتەوە هەر کە ئەوانی تریش واگادێنەوە
ڕەنگە بتوانن هەموویان بەرەو (ئەسینا) بچنەوە،
ڕووداوەکانی ئەمشەویش بە هیچ نەزانن
جگە لە ڕووداوێکی ناخۆشی ناو خەونێک.
بەڵام یەکەمجار من شاژنی پەرییان ئازاد دەکەم.

(شیلەی گوڵێک دەگوشێتە ناو چاوەکانی)
جاران چۆن بوویت ئێستاش وابە؛
جاران چۆنت دەدی ئێستاش وابە.
خونچەی (دایانا) بەسەر گوڵی (کیوپید)[٢٣] دادەکەم
هێزێکی وای هەیە و کاریگەرییەکی پیرۆزی لێ بەدی دەکەم.
ئێستا، (تیتانیا)ی من، واگا وەرەوە، ئەی شاژنی نازدار.

**تیتانیا:** (ئۆبیرۆن)ی من، ئەوە چ خەونێک بوو بینیم، ئەی هاوار! وامزانی دڵم عاشقی کەرێک بووبوو.

**ئۆبیرۆن:** یارەکەی تۆ وا لەوێ ڕاکشاوە.

**تیتانیا:** ئەرێ ئەم شتانە چۆن ڕوویاندا بوو؟
ئۆه، ئێستا چاوەکانم چەند بێزیان لە ڕووخساری دەبێتەوە!

**ئۆبیرۆن:** کەمێک بێدەنگ بن. (رۆبین)، داکەڵێنە ئەو سەرکەی ئەو.
(تیتانیا)، داوای مۆسیقا بکە؛ با وا توند لێ بدرێت بەتاو
کە هەستی ئەو پێنجانە بخاتە خەوێکی قووڵتر لە مەرگ.

**تیتانیا:** مۆسیقا، هۆ، مۆسیقایەکی وا کە ئەفسوونی خەوی بەسەردا ببارێنێت!

**جنۆکە:** تا کە واگادێتەوە بەچاوە گەوجانەکانی خۆی شتەکان بۆ خۆی ببینێت.

**ئۆبیرۆن:** مۆسیقا با دەنگی بێت. وەرە، ئەی شاژنەکەم، بگرە دەستی من،

---

٢٣. (دایانا) خواوەندی پاکێتییە و (کیوپید) خواوەندی عیشقە. ڕەنگە مەبەست لە خونچەی (دایانا) کولووکی رووەکی (خاو) بێت و گوڵی (کیوپید)یش جۆرە گوڵێک بێت کە لە ڕۆئاوا پێی دەگوترێ عەشقی بێ هوودەیی و لە کوردیدا (هەرجایی) پێ دەگوترێ.(وەرگێر)

(مۆسیقا)

ئەو زەوییە بهەژێننەوە کە خەوتووەکان لەسەری نوستوون.

ئێستا من و تۆ نوێین لە مەسەلەی عیشق و ئەوین،

جا سبەی نیوەشەو بە سەنگینی

سەما دەکەین لە ماڵی میر (سیسەس) بەسەرکەوتوویی و بەنگینی

لە هەموویان پیرۆز دەکەین ئەو سەرکەوتنە نازدارە.

لەوێ بەجووتە عاشقە دڵسۆزەکان وا دیارە

لەگەڵ (سیسەس) زەماوەند دەگێرن، بەخۆشی ئەو کارە.

**جنۆکە:** گوێ بگرە و سەرنج بدە؛ ئەی شای پەرییان،

وا دێتە بەر گوێم دەنگی کڵاوکورەی بەیانیان.

**ئۆبیرۆن:** ئینجا، شاژنەکەم، بە هێمنییەکی پڕ کەسەر،

با دوای سێبەری شەوان ڕێ بگرینە بەر.

ئێمە دەتوانین بەدەوری زەمین خوول بخۆین زوو بەزوو،

خێراتر لە مانگی وێڵ و سەرگەردان دوو بەدوو.

**تیتانیا:** وەرە، ئەی سەروەرم؛ جا لە کاتی هەڵفڕیندا،

پێم بڵێ ئەم شەوە چۆن هاتە بوون و ڕوویدا

کە وا من لێرە بەخەوتوویی بینراوم

لەگەڵ ئەو مرۆڤانە لەسەر زەوییەکە ڕاکشاوم.

(دەڕۆن)

*لەگەڵ نورەی کەرەنا، (سیسیەس)، (هیپۆلیتا)، (ئیجیەس) و دارودەستەکەی دێنە ناوەوە*

**سیسیەس:** با یەکێک لە ئێوە بچێت دارستانەوانەکە بدۆزێتەوە؛

چونکە ئێستا سرووتی بەیانی مانگی گوڵانمان دەست پێ دەکات،
جا لەبەرئەوەی ئێمە لە سپێدەی بەیان داین،
دولبەرەکەم گوێی لە مۆسیقای تانجییەکانم دەبێت.
لە دۆڵی لای ڕۆئاوا بەرەڵایان بکە، لێ گەڕێ با بڕۆن.
خێراکەن، من دەڵێم، دارستانەوانەکە بدۆزنەوە.
(بەردەستێک دەڕوات)
شاژنی جوان، ئێمە بەرەو دوندی چیاکە دەچین،
جا گوێ بگرە لە هەراوزەنای مۆسیقاوی
تانجییەکان و هات و دەیدەی زایەڵاوی.

**هیپۆلیتا:** جارێکیان من لەگەڵ (هێرکلیەس)[٢٤] و (کادمۆس)[٢٥] بووم
که لە دارستانێکی (کریت) ورچێکیان بەگیر هێنا و خستیانە داوێ
لەگەڵ ڕەوە تانجییەکی (سپارتا)یی؛ جا قەت نەمبیستووە بەتەواوی
ئەم جۆرە وەڕینە، چونکە، لە پاڵ ڕەزەکان،
ئاسمان، کانی، هەموو ناوچەیەکی دەوروبەریان لەوێ ناوێ
پێ دەچوو پێکڕا هاتوهاوار بکەن. من هەرگیز مۆسیقای
وا پڕهاتوهاوارم نەبیستووە، کە وەکو گرمەی هەور خۆشە لەتاوێ.

**سیسیەس:** تانجییەکانم لەجۆری هینەکانی (سپارتا) پەروەردە کراون،
هێندە لچ شۆڕن، هێندە ڕەنگ لماوین؛ سەرکیشیان گوێی
وایان پێدا شۆڕبووەتەوە کە دەنکە شەونمی بەیانیان رادەماڵن؛

٢٤. هێرکلیەس: بەپێی ئەفسانە کۆنەکان بەهێزترین پاڵەوانی گریکی بوو. (وەرگێڕ)

٢٥. کادمۆس: بناغەداری ئەفسانەیی شاری تیبە بوو. (وەرگێڕ)

ئەژنۆ چەماوە و بەرگەردن شۆڕن وەکو گای (سیسالۆنیا)؛
لە راکردندا خاون، بەڵام دەنگییان دەڵێی زەنگوڵەیە،
یەک لەوەی تر نزمتر. هیچ هاوارێک لەمە پڕ ئاوازتر
هەرگیز هەی هەی لێ نەکراوە یان کەڕەنای بۆ لێ نەدراوە،
نە لە (کریت)، نە لە (سپارتا)، نەش لە (سیسالی).
کە بیستیت خۆت بڕیار بدە. بەڵام، لەسەرخۆ، ئەو فریشتانە کێن؟

**ئیجیەس:** گەورەم، ئەوە کیژەکەمە لێرە خەوتووە،
ئەمەش (لیزاندەر)ە، ئەوەشیان (دیمیتریۆس)ە،
ئەوەش (هێلینا)یە، کیژی پیرە (نیدار).
من سەرم سوڕماوە لەوەی هەموویان پێکەوە لێرەن.

**سیسیەس:** هیچ گومان لەوەدا نییە ئەوان زوو لە خەو هەڵساون
بۆ راپەڕاندنی سرووتی مانگی گوڵان؛ جا کە نیازی ئێمەشیان زانی،
هاتوونەتە ئێرە بۆ رێزگرتن لە ئاهەنگەکەی ئێمە.
بەڵام (ئیجیەس) قسە بکە؛ ئەرێ ئەمڕۆ رۆژی ئەوە نییە
کە (هێرمیا) وەڵامی هەڵبژاردنی خۆی بداتەوە؟

**ئیجیەس:** بەڵێ ڕاستە، گەورەم.

**سیسیەس:** برۆ، بە ڕاوکەرەکان بڵێ بە کەڕەناکانیان واگایان بهێننەوە.

*(دەنگی کەڕەنا و هاتوهاوار لە ناوەوە دێت. خەوتووەکان واگادێنەوە و کڕنووش بۆ سیسیەس دەبەن)*

بەیانی باش، هاوڕێیان. بۆنەی ڤالانتاین دەمێکە بەسەرچووە؛
بۆچی ئەو باڵندە عاشقانەی ناودارستان ئێستا جووت دەبن؟

**لیزاندەر:** ببوورە، گەورەم.

**سیسیەس:** داوا لە هەمووتان دەکەم، ڕاست ببنەوە.
من دەزانم ئێوە هەردووکتان نەیاری یەکترن؛
ئەوە چۆنە ئەم تەباییە چاکە لە دنیادا هەیە
کە ڕق و کینە دوورە لە حەسوودی و دڵڕەشی
کە لە نزیک یەکترەوە بخەون و ترسی دوژمنایەتیشتان نەبێت؟
**لیزاندەر:** گەورەم، من بە سەرسووڕماویەوە وەڵام دەدەمەوە،
نیوە خەوتوو، نیوە واگا، بەڵام هێشتا سوێند دەخۆم،
من بەڕاستی ناتوانم بیڵێم چۆن هاتوومە ئێرە،
بەڵام وەک بیزانم _ چونکە من بەڕاستی دەدوێم،
ئێستا وا دێتەوە بیرم، ئاوا بوو _
من لەگەڵ (هێرمیا) هاتم. نیازمان وابوو
لە (ئەسینا) بڕۆین، بچیینە شوێنێک
دوور بین لە مەترسی یاسای (ئەسینی) _
**ئیجیەس:** بەسە، بەسە، گەورەم؛ ئەو کابرایە با بەسی بێت؛
من داوای یاسا دەکەم، یاسای لەسەر بسەپێنن.
ئەوان ویستبوویان خۆیان بدزنەوە، ئەوان وابوون،
(دیمیتریۆس) ئەو بەم جۆرە لە تۆ و منی بردەوە:
ژنەکەتی لە تۆ بردەوە، رازیبوونیشی لە من بردەوە،
رازیبوونم بەوەی کیژەکەم ببێتە خێزانت.
**دیمیتریۆس:** گەورەم، (هێلین)ی جوان لەبارەی هەڵاتنەکەیان پێی گوتم،
کە وا نیازیانە بێنە ئێرە بۆ ناو دارستان؛
منیش لە ڕقان بەدوایان کەوتم،

(هێلینا)ی جوانیش لەبەر خۆشەویستی بەدوام کەوت.
بەڵام، سەروەری چاکم، من نازانم بە چ هێزێک –
کەچی دەبێ هەر هێزێک هەبووبێت – ئەوینی من بۆ (هێرمیا)،
وەکو بەفر توایەوە، ئێستا لەلای من وا دەردەکەوێت
بە چەشنی یادگاری شتێکی بریقەداری کەم بەها
کە وا من بە منداڵی پێیەوە دڵبەند دەبووم؛
جا هەموو بڕوام، هەموو راز و نیازی دڵم،
مایەی بینین و خۆشی چاوم،
تەنیا (هێلینا)یە. گەورەم، من و ئەو
دەزگیران بووین پێش ئەوەی (هێرمیا) ببینم.
بەڵام من وەکو نەخۆشێک بووم و بێزم لەو خۆراکە بووەوە؛
بەڵام کە چاک بوومەوە، هاتمەوە سەر چێژی سروشتی خۆم،
ئێستا من حەزم لێیەتی، خۆشم دەوێت، تامەزرۆی ئەوم،
هەتا ماویشم لەگەڵی ڕاستگۆ دەبم.
**سیسیەس:** دڵدارە جوانەکان، ئێوە پێشتر یەکتان بینیووە؛
لەبارەی ئەو وتووێژەوە بەمزووانە زێتر دەبیستین.
(ئیجیەس)، من دژی ویستی تۆ دەبم؛
چونکە، ئەو جووتە عاشقانە لە پەرستگادا لەسەرخۆ،
لەپاڵ ئێمە هەتا هەتایە لێک گرێ دەدرێن.
جا چونکە ئێستا بەیانییەکەی کەمێک بەسەرچووە،
ئەو ڕاوکردنەی مەبەستمان بوو بەلاوە دەنرێت.
بەرەو (ئەسینا)، لەگەڵ ئێمە سێ بەسێ؛ وەرن

ئێمە دەیسازێنین ئاهەنگێکی پڕشکۆی مەزن.

وەرە، (هیپۆلیتا).

*(سیسیەس)، (هیپۆلیتا)، (ئیجیەس) و داروودەستەکەی دەڕۆن*

**دیمیتریۆس:** ئەم شتانە بچووک و نادیار دەردەکەون،

وەکو شاخی دوورن کە چووبنە ناو هەورانەوە.

**هێرمیا:** وابزانم من ئەو شتانە بەدوو ڕوانین دەبینم،

کە هەرشتێک بەجووت دەردەکەوێت.

**هێلینا:** منیش وای دەبینم؛

من (دیمیتریۆس)م وەکو گەوهەرێک دۆزیوەتەوە،

ئەو گەوهەرە هی خۆمە و هی خۆشم نییە.

**لیزاندەر:** ئەرێ ئێوە دڵنیان

کە وا ئێمە واگاین؟ لای من وا پێ دەچێت

هێشتا خەوتووبین، خەون ببینین. ئەرێ ئێوە وا بیر ناکەنەوە

میر لێرە بوو و داوای لێ کردین بەدوای بکەوین؟

**هێرمیا:** بەڵێ، باوکیشم لێرە بوو.

**هێلینا:** هەروەها (هیپۆلیتا)ش.

**لیزاندەر:** جا ئەو داوای لێ کردین بەرەو پەرستگا بەدوای بکەوین.

**دیمیتریۆس:** ئەدی چییە، ئێمە واگاین؛ با بەدوای بکەوین؛

ئینجا، هەر بەو بۆنەیەوە، با خەونەکانمان بگێڕینەوە.

(دەڕۆن)

**بۆتم (واگادێتەوە):** کاتێک نۆرەی من دێت، بانگم بکەن، وەڵامتان دەدەمەوە. قسەکەی پاشترم ئەوەیە "پیرامۆسی هەرە نازدار."

ئەرێ کێ لەوێیە! پیتەر کوینس! فلووت، موشەدەمەسازکەر! سناوت، تەنەکەچی! ستارڤلینگ! ئای خوای ژیانم، ئەوان خۆیان دزیووەتەوە و منیان بەخەوتوویی جێ هێشتووە! خەونێکی یەگجار دەگمەنم دی. خەونێکم دی، لە مێشکی مرۆڤ بەدەرە بیڵێت ئەوە چ جۆرە خەونێک بوو. مرۆڤ کەرە ئەگەر بیەوێت ئەو خەونە لێک بداتەوە. وامزانی من هیچ کەسێک نییە هیچ لەو مەسەلەیە بزانێت. من وامزانی ، جا من وامزانی کە وابوو، بەڵام مرۆڤ گێلێکی پینەدارە، ئەگەر بیەوێت ئەوە بڵێت وایزانی چ بووبوو. چاوی مرۆڤ قەت شتی لەم بابەتەی نەبیستووە، گوێی مرۆڤ قەت نەیبینیووە، دەستی مرۆڤ قەت نەیتوانیووە تامی بکات، زمانی بیری لێ بکاتەوە، دڵیشی بیگێڕێتەوە، کە خەونەکەی من چی بوو. من (پیتەر کوینس) پەیدا دەکەم تاوەکو بەستەیەک لەبارەی ئەو خەونەوە بنووسێت. ناوی دەنێین "خەونی بۆتم"، چونکە هیچ بن و بنچینەیەکی نییە؛ جا من لە بەشی کۆتایی شانۆییەکەدا بە گۆرانی، لە بەردەم میر، دەیڵێم. لەوانەیە، ئەمە وا بکات شانۆییەکە جوانتر بێت، من لەسەر گۆڕی (سیسبی) دەیڵێم.

(دەڕوات)

## دیمەنی دووەم

ئەسینا . ماڵی (کوینس)

کوینس، فلووت، سناوت و ستارڤلینگ دێنە ناوەوە

**کوینس:** ئەرێ کەستان نارد بۆ ماڵی (بۆتم)؟ ئەرێ تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە ماڵ؟

**ستارڤلینگ:** هیچ دەنگ و باسێکی نییە. بێگومان بردراوە.

**فلووت:** ئەگەر نەیەتەوە، کەواتە شانۆییەکەمان تێکچوو؛ ئەم شانۆییە بەرەوپێش ناچێت، ئەرێ دەچێت؟

**کوینس:** شتی وا قەت نابێت. تۆ لە هەموو (ئەسینا) پیاوێکت نییە کە بتوانێت ڕۆڵی (پیرامۆس) ببینێت جگە لە خۆی.

**فلووت:** نەخێر، ئەو بەسادەیی باشترین دەستڕەنگینی هەیە لە هەموو (ئەسینا)دا.

**کوینس:** بەڵێ، باشترین کەسیشە؛ هەروەها ئەو ڕاست و ڕەوان دۆستی دەنگی خۆشە.

**فلووت:** بڵێ "نموونەی باڵا". چونکە دۆست – خوا پیرۆزمان بکا – شتێکی خراپە.

*(سنەگ) دێتە ناوەوە*

**سنەگ:** گەورەکانم، میر لە پەرستگاوە دەگەڕێتەوە؛ جا لەوێ دوو یان سێ کەسی بەڕێز و خانمی تر مارەکراون. ئەگەر نمایشەکەمان جێبەجێ بکرێت، ئەوا هەموومان بووینە پیاو.

**فلووت:** ئۆھ (بۆتم)ی برادەری چاکمان! ئەگەر نەھاتایە شەش پەنسی[٢٦] ڕۆژانەی خۆی لە ژیاندا لە دەست دابوو؛ ئەو نەیدەتوانی دەستبەرداری ئەو شەش پەنسەی ڕۆژانەی خۆی بێت. میریش شەش پەنسەکەی پێ نەدەدا بۆ بینینی ڕۆڵی (پیرامۆس)، ئەگەر وا نییە لە دارم بدەن. ئەو شایەنی ئەوەیە: ڕۆژێ شەش پەنس بۆ (پیرامۆس) یان هیچ.

*(بۆتم) دێتە ناوەوە*

**بۆتم:** ئەو کوڕانە لە کوێن؟ ئەو دڵانە لە کوێن؟

**کوینس:** (بۆتم)! ئۆھ ئەی ڕۆژی یەکجار ئازا! ئۆھ ئەی کاتی هەرە خۆش!

**بۆتم:** گەورەکانم، من دەبێ شتی سەرسووڕمێن بگێڕمەوە؛ بەڵام لێم مەپرسن چی بوو؛ چونکە ئەگەر من پێتان بڵێم من (ئەسینی)یەکی ڕاستەقینە نیم. من هەموو شتێکتان پێ دەڵێم، ڕێک وەک چۆن ڕووی دا.

**کوینس:** با بیبیستین، (بۆتم)ی شیرین.

**بۆتم:** وشەیەکتان پێ ناڵێم. هەموو ئەوەی پێتان دەڵێم ئەوەیە کە میر نانی دوای نیوەڕۆی خواردووە. جلوبەرگەکانتان بێنن، خرێنکەی باش بۆ ڕیشەکانتان، قەیتانی نوێ بۆ سۆلەکانتان؛ یەکسەر لە کۆشک یەکتر دەبینینەوە؛ هەرکەسەی ئاگای لە ڕۆڵی خۆی بێت؛ ئەوەی ڕاستی بێت، شانۆییەکەمان بەباش هەڵبژێردراوە. هەرچۆنێک بێت، با (سیسبی) جلی خاوێنی لەبەر بێت؛ با ئەو

---

٢٦. شەش پەنس دەکاتە ڕۆژانەی کرێکارێکی دەستڕەنگینی سەردەمی شێکسپیر. (وەرگێڕ)

کەسەیش کە ڕۆڵی شێرەکە دەبینێت نینۆکەکانی لێ نەکاتەوە، چونکە ئەوانە دەبێت وەکو چڕنووکی شێرەکە بێنەدەر. جا، ئەی ئەکتەرانی هەرە خۆشەویست، پیواز یان سیر مەخۆن، چونکە ئێمە دەبێت قسە و هەناسەی خۆشمان لێوە بێت؛ من هیچ گومانم نییە جگە لەوەی ئەوان بیڵێن ئەوە کۆمیدییەکی خۆش بوو. هیچ قسەی ترم نییە.

بڕۆن، ئادەی بچن!

(دەڕۆن)

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی یەکەم

ئەسینا . کۆشکی سیسیەس

(سیسیەس)، (هیپۆلیتا)، (فیلۆستریت)، گەورەپیاوان و دارودەستە
دێنە سەرشانۆ

**هیپۆلیتا:** (سیسەس)ی خۆم، ئەو شتانەی ئەو عاشقانە باسی لێوە دەکەن سەیرە.

**سیسیەس:** لەوە سەیرترە کە ڕاست بێت. من هەرگیز ڕەنگە نەتوانم باوەڕ
بەم جۆرە ئەفسانە کۆنانە بکەم، نەش ئەو هەقایەتانەی پەرییان.
عاشق و شێتەکان مێشکی وا گەرمیان هەیە،
ئەندێشەی وا خوڵقێنەریان هەیە، کە شتی وا دەبینن
مێشکی هێمن هەرگیز لێیان تێ ناگات.
شێت و عاشق و شاعیر
ئەوان هەموویان لە ئەندێشە پێکهاتوون.
هەر یەکێک لەوان لەوە زێتر شەیتان دەبینێت کە دۆزەخ بیگرێت؛
ئەوە شێتەکەیە. عاشقەکە، ئەویش بەقەد ئەو شەیدایە،
کە ئەو جوانی (هێلین)[٢٧] لە ڕووخساری قەرەجێک دەبینێت.

---

٢٧. مەبەست لە (هێلین)ە کە شەڕی تەروادە لەسەر ئەو ڕووی دا. (وەرگێڕ)

چاوی شاعیر، بەهەمان جۆش و خرۆش گڕ دەخوات،
لە ئاسمانەوە لە زەوی دەڕوانێت، لە زەویشەوە دەڕوانێتە ئاسمان؛
جا کە ئەندێشە شێوە دەبەخشێت
بەو شتانەی نەزانراون، هەروەها بەو شتە هەواییانە
شوێنێکی بەرجەستە و ناوێکیان پێ دەبەخشێت.
ئەندێشەی بەهێز ئەم چەشنە توانایەی هەیە
کە ئەگەر ویستی بیر لە خۆشییەک بکاتەوە،
ئەوا خۆشییەکە بۆ لای خۆشیهێن لێک دەداتەوە؛
یان ئەگەر لە شەودا ویستی ترسێک بەرجەستە بکات،
چەندە ئاسانە ئەگەر دەوەنێک بە ورچ تێ بگات؟
**هیپۆلیتا:** بەڵام هەموو ئەو چیرۆکانەی لەبارەی ئەو شەوەوە گێڕدرانەوە،
ئەوان هەموویان پێکەوە مێشکیان گۆڕانکاری بەسەردا هات،
ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ئەندێشە و خەیاڵ زێتر بن،
شتێکیان تێدایە کە لە هەمووان‌دا یەکدەگرێتەوە،
جا گرینگ نییە چەند سەیروسەمەرەیە.
*(لیزاندەر)، (دیمیتریۆس)، (هێرمیا) و (هێلینا) دینە ناوەوە*
**سیسیەس:** ئەوا عاشقەکان دێنە ئێرە، پڕ خۆشی و شادیین.
هاوڕێیانی چاک، خۆشی و ڕۆژانی پڕ بەختەوەری ئەوین
یاوەری دڵتان بێت!
**لیزاندەر:** یاخوا لەوەی ئێمە پتر
لەگەڵ هەنگاوی شاهانە و ماڵ و نوێنت بێت!
**سیسیەس:** وەرن ئێستا؛ چ شانۆییەکی دەمامکاوی، چ سەمایەکمان دەبێت،

بۆ ئەوەی ئەو کاتە درێژە سێ کاتژمێرییە بەسەر ببەین
که دەکەوێتە پاش نانی ئێوارە و چوونە ناو نوێن؟
کوا سەرۆکە ئاساییەکەی ئاهەنگسازان؟
چ بەزم و خۆشییەکمان ئامادەیە؟ ئەرێ هیچ شانۆییەک نییە
بۆ هێورکردنەوەی ئازاری ئەو کاتە پڕ چەرمەسەرییە؟
بانگی (فیلۆستریت) بکەن.

**فیلۆستریت:** لێرەم، (سیسەس)ی بەهێز.

**سیسیەس:** پێم بڵێ، بۆ ئەم ئێوارەیە چ کات بەسەربردنێکمان هەیە؟
چ شانۆییەکی دەمامکاوی؟ چ مۆسیقایەک؟ چۆن بتوانین کاتی تەمبەڵ
لە خشتە بەرین، ئەگەر هیچ بەزم و خۆشییەک نەبێت؟

**فیلۆستریت:** ئەمە لیستی ئەو بەزم و خۆشییانەیە کە ئامادەن؛
پایەبەرزتان هەڵبژێرن کامەیان یەکەمجار دەبینن.
(کاغەزێکی دەداتە دەست)

**سیسیەس:** "شەڕ لەگەڵ سێنتۆرەکان"[28] کە دەبێت بەگۆرانی
لەلایەن خەساوێکی ئەسینی لەگەڵ مۆسیقای چەنگ بژەنرێت.
ئێمە هیچمان لەو ناوێت: من دەمێکە ئەوەم بە دولبەرەکەم گوتووە،
لەسەر شەرەفی خزمی خۆم (هێرکلیس).
هەراوهۆریای (باخۆس)یە سەرمەستەکان،[29]
کە لە تووڕەییان سترانبێژی (تراسی)یان شەقوپەق کرد."
ئەمەش بابەتێکی کۆنە، نمایشیش کراوە

---

٢٨. سێنتۆر گیانەوەرێکی ئەفسانەییە نیوەی مرۆڤە و نیوەی ئەسپە. (وەرگێڕ)

٢٩. باخۆس: خوای خواردنەوە و مەینۆشیە لەلای گریکەکان. (وەرگێڕ)

ئەو کاتەی من دواجار لە (تیبە)وە هاتم بۆ داگیرکاری.
"شێوەنی نۆ (میوز)ەکان[٣٠] بۆ مەرگی زانین و زانیاری و
هونەری داهێنەرانە، کە بەم دواییانە لە هەژاری مردبوون."
ئەمەش پڕ داشۆرینە، توند و ڕەخنەئامێزە،
لەگەڵ ئاهەنگی زەماوەندی ئێمە ناگونجێت.
"دیمەنێکی زۆر کورتی (پیرامۆس)ی گەنج و
(سیسبی) دولبەری؛ بەزمێکی خۆشی زۆر تراجیدیانە."
بەزمێکی خۆش و تراجیدیانە! بێزارکەر و کورتیشە!
ئەمە سەهۆڵی گەرمە و بەڕاستی بەفرێکی سەیروسەمەرەیە.
ئەرێ چۆن ئێمە تەبایی ئەم ناتەباییە بدۆزینەوە؟
**فیلۆستریت:** گەورەم، ئەمە شانۆییەکە تەنیا درێژیەکەی دە وشەیە،
ئەمەیان ئەوەندەی من بیزانم کورتترین شانۆییە؛
کە بەو دە وشەیەشەوە، گەورەم، زۆر درێژە،
چونکە بێزارکەرە؛ چونکە لە هەموو شانۆییەکەدا
هیچ وشەیەک و هیچ ئەکتەرێکی لە جێی خۆی نییە.
گەورەم، لەگەڵ ئەوەشدا تراجیدیانەیە؛
چونکە (پیرامۆس) لەوێ خۆی دەکوژێت.
چونکە کە بینیم پرۆڤە دەکرا، دەبێ دانی پێدا بنێم،
چاوەکانم تەڕبوون؛ بەڵام لەبەر فرمێسکی ئەو خۆشییەی
کە هەرگیز سۆزی پێکەنینی بە قاقا ئەوەندەی نەڕشتووە.

٣٠. میوزەکان: نۆ خواوەندی هونەرە جوانەکان بوون لە ئەفسانەی گریکیدا. (وەرگێڕ)

**سیسیەس:** ئەوانەی نمایشەکە دەکەن کێن؟
**فیلۆستریت:** پیاوانی دەست زبر کە لێرە لە (ئەسینا) کار دەکەن،
کە هەرگیز تا ئێستا مێشکی خۆیان بەکار نەخستووە؛
جا ئێستا مێشکی بێ گیانیی خۆیان بەم شانۆییە
بۆ ئاهەنگی زەماوەندی ئێوە گوشیووە.
**سیسیەس:** جا ئێمەش گوێی لێ دەگرین.
**فیلۆستریت:** نەخێر، گەورەی جوانمەردی خۆم،
ئەمە بۆ تۆ نییە. من خۆم گوێم لێی گرتووە،
هیچ نییە، هەر هیچ نییە؛
مەگەر تۆ خۆشی لە نیاز و مەبەستی ئەواندا ببینیت،
بەئازارێکی زۆرەوە یەگجار خۆیان پێوە ماندوو کردووە،
تا خزمەتی بەڕێزتانی پێ بکەن.
**سیسیەس:** من گوێ لەم شانۆییە دەگرم؛
چونکە هیچ شتێک خراپ دەرناچێت
کاتێک سادەیی و هەستی لێپرسراویەتی تێدا بێت.
برۆ بیانهێنە ناوەوە، ئێوەش خانمان، جێگەی خۆتان بگرنەوە.
*(فیلۆستریت دەڕوات)*
**هیپۆلیتا:** من حەز ناکەم خەڵکانێکی کڵۆڵ باریان قورس بکرێت،
لە پێناوی خزمەتدا ئەرکێکی زۆر بکێشن.
**سیسیەس:** بۆچی، ئەی گیانی شیرینم، تۆ شتی وا نابینیت.
**هیپۆلیتا:** ئەو دەڵێت ئەوان ناتوانن هیچ جۆرە کارێکی شانۆییانە بکەن.
**سیسیەس:** ئێمە دڵنەرمتر دەردەکەوین گەر لەسەر هیچە سوپاسیان بکەین.
خۆشی ئێمە لەوەدا دەبێت هەڵەکانییان پەسند بکەین؛

جا ئەوەی ئەرک پێی ناکرێت، ڕێزی مەردانە
دەتوانێت جێبەجێی بکات، نەک لێهاتوویی ئەوان.
بۆ هەر کوێ چووبم، زانایانی مەزن مەبەستیان بووە
بە پێشوازیکردنێکی پێشتر نەخشە بۆ کێشراو بەخێرهاتنم بکەن؛
لەوێ بینیوومە کە ئەوان دەلەرزن و ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕاوە،
لە ناوەڕاستی ڕستەکانیاندا دەوەستن؛
دەنگە مەشق پێ کراوەکانیان لە ترسان دەلەرزێت،
لە کۆتاییشدا، لاڵانە لە قسەکردن بێدەنگ دەبن،
بەخێرهاتنەکەشم ناکەن. گیانەکەم، بڕوام پێ بکە،
لەناو بێدەنگی ئەواندا هێشتاش من بەخێرهاتنم دۆزیووەتەوە؛
جا لە خاکەڕایی ئەرکی پڕ ترسناکیشیاندا
من بەقەد ئەوەشم لە زمانە زرینگەدارە
لووس و زمانپاراوییە بێشەرمانەکەی ئەواندا دۆزیووەتەوە.
گیانەکەم، بۆیە سادەیی زمان بەستراو
بەلای کەمەوە زۆرترین شت بۆ من دەخاتە ڕوو.
*(فیلۆسترێت دەگەڕێتەوە)*

**فیلۆسترێت:** ئەگەر بەڕێزتان ئامادە بن، پێشگوتار دەخوێندرێتەوە.

**سیسیەس:** با بێتە پێشەوە. (شەیپوور نووڕەی لێوە دێت)

*(کوینس) وەکو پێشگوتاربێژ دێتە ناوەوە*

**پێشگوتار:** ئەگەر خراپەمان کرد، ئەوە بەنیازی چاکەوە وامان کردووە.
دەبێت ئێوە وا بیر بکەنەوە، ئێمە بەم نیازەوە نەهاتووینەتە ئێرانە،
بەڵام بەنیازێکی چاکەوە، لێزانی سادەیی خۆمان نمایش کردووە،
ئەوەش سەرەتای ڕاستەقینەی کۆتاییمانە.

کەواتە ئاگاتان لێ بێت، ئێمە نەهاتووین بە ڕق و کینەداری.
ئێمە نەهاتووین، جگە لەوەی ئێوە دڵخۆش بکەین،
ئەمەش نیازی ڕاستەقینەمانە. ئەمەش بۆ ئێوەیە بەناچاری
ئێمە لێرە نین. تا وا بکەین ئێوە تووشی پەشیمانی بکەین،
ئەکتەرەکان ئامادەن؛ جا بەنمایشەکەی خۆیان،
ئێوە هەموو شتێک دەزانن، کە ڕەنگە بشیزانن بە خۆتان.

**سیسیەس:** ئەم برادەرەمان لە خاڵبەندی ناوەستێت.

**لیزاندەر:** ئەو وەکو ئەسپێکی تووڕ سواری پێشگوتارەکەی بووە؛ نازانێت وەستان چییە. وانەیەکی چاک، گەورەم، ئەوەیە بەس نییە قسان بکەیت، بگرە بەڕێکی قسە بکەیت.

**هیپۆلیتا:** ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو پێشگوتارەکەی دەبێژێت وەکو منداڵێکە شمشاڵ بژەنێت - دەنگەکە هەیە، بەڵام دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێت.

**سیسیەس:** گوتارەکەی وەکو زنجیرێکی تێک ئاڵاوە؛ هیچی نەپساوە، بەڵام هەمووی نەگونجاوە. ئەوەی داهاتوو کێیە؟

*(شەیپوورێک لە پێشیان دەڕوات، وەکو لە نمایشێکی بێدەنگدا، (پیرامۆس) و (سیسبی)، دیوار، مانگەشەو و شێر دێنە ناوەوە)*

**پێشگوتار:** بەڕێزان؛ ڕەنگە ئێوە لەم نمایشە سەرسوڕماوبن،
بەڵام سەرسووڕماو بن، تا ڕاستی هەموو شتێکتان بۆ دەردەخا لەو کارە .
ئەو پیاوە (پیرامۆس)ە، ئەگەر حەز دەکەن بیزانن باشە؛
بە دڵنیایی ئەو خانمە جوانەش (سیسبی)نازدارە .
ئەو پیاوە، کە قووڕ و گەچکاری پێوەیە، وا دەنوێنێ کە دیوارە،

ئەو دیوارە چەپەڵەی کە عاشقەکان لێک دەکات؛
جا ئەو ڕۆحە بەسەزمانانە ڕازین بەناو کونی ئەو دیوارە،
بچرپێن. جا هیچ کەسێک با لەوە خۆی سەرسووڕماو نەکات.
ئەم پیاوەی فانۆس، سەگ و گەڵاشکە دڕکی لایە،
مانگەشەو دەنوێنێت؛ چونکە، ئەگەر بتانەوێت بیزانن،
ئەوان لەبەر مانگەشەو بەخراپی نازانن لەو جێیە
لەلای گۆڕی (نینۆس) دڵداری بکەن و ئەوین بنوێنن.
ئەو دڕندە ناشیرینە – کە بەناوی (شێر) ناسراوە –
(سیسبی) دڵسۆز، کە یەکەمجار بە شەو هاتبوو،
ترساندبووی، یان لەو دڕندە ترساو بوو؛
جا کاتێک رای کردبوو، کەوایەکەی لێکەوت؛
شێرە چەپەڵەکە بە دەمی خوێناوی پیسی کردبوو.
یەکسەر (پیرامۆس) دێت، گەنجێکی جوان و کەڵەگەت،
جا بینیبووی کەوای (سیسبی) بەوەفای ونجڕ ونجڕ کردبوو؛
ئەویش بەنووکی شمشێرە خەتابارە خوێناویەکەی وای کردبوو،
سینەی بەجۆشی خۆی هەڵدڕی ئازایانە؛
جا (سیسبی)، کە لە پەنای دار شاتووەکە چاوەڕوانی بوو،
خەنجەری ئەوی هەڵکێشا و مرد. بۆ هەموو ئەوەی ماومانە،
با (شێرەکە)، مانگەشەو، دیوار و جووتە عاشقەکان،
بۆتان بگێرنەوە کاتێک لێرە ماونەتەوە ئەوان.

*پێشگوتاربێژ، (پیرامۆس)، (سیسبی)، شێرەکە و مانگەشەو دەڕۆنە دەرەوە*

**سیسیەس:** من دەپرسم ئاخۆ شێرەکە قسان دەکات.

**دیمیتریۆس:** هیچ سەیر نییە، گەورەم، ئەگەر شێرێک قسە بکات لە کاتێکدا زۆر کەر قسان دەکەن.

**دیوار:** لەم کورتەنمایشەدا ئەوە هاتووە کە وا من
کە ناوم (سناوت)ە، ڕۆڵی دیوار ببینم بێ چەندوچوون؛
جا دیوارێکی وا کە من دەمەوێت ئێوە وا بێننە بەرچاوان
کون و درزی تێدایە لە پەنا و پەسێوان،
کە لەوێوە (پیرامۆس) و (سیسبی) عاشق و دڵدار،
بەنهێنی قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد زۆربەی جار.
ئەم گیراوەیەی قسڵە، ئەم سواغەی چەو و گەچکاری
ئەو ڕاستییە دەردەخات کە من بەخۆم دیوارم بە ساکاری؛
ئەم کون و درزە، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپەوەیە بەئاسۆیی،
عاشقە ترساوەکان لێیەوە چرپاندوویانە خۆبەخۆیی.

**سیسیەس:** ئاخۆ حەز دەکەیت قسڵ و موو لەوە باشتر قسان بکات؟

**دیمیتریۆس:** گەورەم، ئەمە زیرەکترین دیوارە کە وا من بینیبم قسان بکات.

*(پیرامۆس دێتە ناوەوە)*

**سیسیەس:** (پیرامۆس) لە دیوار نزیک دەبێتەوە؛ بێدەنگ بن.

**پیرامۆس:** ئەی شەوی تاریک و نووتەک! ئۆه، ئەی شەوی هێندە ڕەش!
ئەی شەو، تۆ هەموو کات هەیت کاتێک ڕۆژ نەبێت!
ئۆه شەو، ئۆه شەو، حەیف و مخابن، حەیف، چارەرەش،
دەترسم (سیسبی) من پەیمانەکەی لە بیر چووبێت!
ئۆه تۆ، ئەی دیوار، ئەی دیواری شیرین و جوان،
کە کەوتوویتە نێوان زەوی باوکی ئەو و هی من؛
ئۆه تۆ، ئەی دیوار، ئەی دیواری شیرین و جوان،

درزی خۆتم پێ نیشان بدە، تا لەوێوە بەچاوی خۆم ببینم من.
(دیوارەکە پەنجەکانی خۆی لێک دەکاتەوە)
سوپاس، دیواری بەڕێز. بۆ ئەمە (جۆڤ)[٣١] تۆ بپارێزێت یاخوا!
بەڵام من چی دەبینم؟ لەوێ نییە (سیسبی) من.
ئەی دیواری خراپەکار، هیچ خۆشییەک نابینم لەناو تۆدا،
نەفرەت لەو بەردانەی پێی دروستکراویت، چونکە خڵەتاندووتە من!

**سیسیەس:** وابزانم، چونکە دیوارەکە هەستی هەیە، پێویستە وەڵامی نەفرەتەکە بداتەوە.

**پیرامۆس:** نەخێر، گەورەم، ئەوەی ڕاستی بێت نابێت وا بکات. "خڵەتاندووتە من" بریتییە لە سەرەداوی نۆرەی (سیسبی). ئێستا دەبێ ئەو بێتە ناوەوە، منیش لە کەلێنی دیوارەکەوە چاودێری بکەم. ئێوە دەبینن ڕێک وەکو ئەوەی من پێم گووتن؛ ئەو لەوێوە دێت.

*(سیسبی) دێتە ناوەوە*

**سیسبی:** ئۆه دیوار، تۆ زۆر جاران ناڵە و گریانی منت بیستووە،
لەبەر لێکدابڕانی (پیرامۆس)ی جوان لە من!
لێوە گێلاسییەکانم زۆرجار بەردەکانی تۆیان ماچ کردووە،
ئەو بەردانەی بە گەچ و موو لەناو تۆدا هەڵچنراون.

**پیرامۆس:** من دەنگێک دەبینم؛ ئێستا بەرەو کەلێنەکە دەڕۆم،
بۆ چاوەدێری و بیستنی ڕووخساری (سیسبی) خۆم.
سیسبی!

---

٣١. خوای خوایانی ڕۆمانەکانە. (وەرگێڕ)

**سیسبی:** ئەی یارەکەم! وا بزانم تۆی یارەکەی خۆم.

**پیرامۆس:** چۆنت دەوێت وا بیربکەرەوە، من یارە جوانەکەی تۆم؛
وەکو (لیماندەر)[٣٢] من جێگەی باوەڕم هێشتا.

**سیسبی:** منیش وەکو (هێلین)[٣٣]م، تا چارەنووس لەناوم دەبا.

**پیرامۆس:** (شافالۆس) لەگەڵ (پرۆکرۆس)[٣٤] هێندە ڕاستگۆ نەبوو.

**سیسبی:** (شافالۆس) بۆ (پرۆکرۆس) چۆن بوو، منیشم ئاوهام بۆ تۆ.

**پیرامۆس:** ئۆھ، ماچم بکە لە کونی ئەو دیوارە پیسە.

**سیسبی:** قەت لێوت ماچ ناکەم، من ماچ دەکەم کونی ئەم دیوارە نگریسە.

**پیرامۆس:** حەز دەکەیت لەسەر گۆڕی (نینی) من ببینی دەستبەجێ ؟

**سیسبی:** ژیان وەرە، مردن وەرە، بەبێ دواکەوتن وا دەکەومە ڕێ.

*(پیرامۆس و سیسبی دەچنە دەرەوە)*

**دیوار:** ئا بەم جۆرە من، دیوارەکە، ڕۆڵم بەکۆتا هات؛
جا کە ڕۆڵم نەما، دیوارەکە بەرەو دواوە دەڕوات.

*(دیوارەکە دەچێتە دەرەوە)*

**سیسیەس:** ئێستا دیوارەکە لە نێوان دوو هاوسێیەکە لابردراوە.

**دیمیتریۆس:** گەورەم، هیچ چارەسەری نییە، کاتێک دیوارەکان بەبێ وریاکردنەوە گوێ دەگرن.

٣٢. بەهەڵە گوتراوە (لیماندەر) ڕاستییەکەی (لییاندەر)ە کە عاشقێکی ناودارە. (وەرگێڕ)

٣٣. بەهەڵە گوتراوە (هێلین) ڕاستییەکەی (هێرۆ)یە کە عاشقێکی ناودارە. (وەرگێڕ)

٣٤. بەهەڵە گوتراوە (شافالوس و پرۆکرۆس) ڕاستییەکەی (سیفالوس و پرۆکریس)ە کە ئەوانیش عاشقی ناودارن. (وەرگێڕ)

**هیپۆلیتا:** ئەمە بێماناترین شت بوو کە تا ئێستا بیستوومە.

**سیسیەس:** باشترینی ئەم جۆرە ئەکتەرانە تەنیا سێبەرن، خراپترینیشیان لەوە خراپتر نین، ئەگەر ئەندێشە بخرێتەکار بۆ چاککردنەوەیان.

**هیپۆلیتا:** کەواتە دەبێت ئەندێشەکە هی تۆ بێت، نەک هی ئەوان.

**سیسیەس:** ئەگەر ئێمە لەوە خراپتر ئەوانە نەخەینە بەر ئەندێشەوە کە ئەوان خۆیان بیری لێ دەکەنەوە، کەواتە ئەوانە دەبێت بە مرۆڤی نایاب دابنرێن. ئەوا دوو دڕندەی مەزن بەرەو ئێرەوە دێن: پیاوێک و شێرێک.

*(شێر و مانگەشەو دێنە ناوەوە)*

**شێر:** ئێوە خانمان، ئێوە کە دڵە ناسکەکانتان دەترسێت

لە بچووکترین مشکی دڕندە کە لەسەر زەوی دەخشێت،

رەنگە لێرە بشڵەژێت و بلەرزێت،

کاتێک شێرەکە بەتووندی و بەڕقێکی کێویانە نەڕەی دێت.

جا بزانن من (سنەگ)ی ناوماڵ ڕازێنەرەوەی خۆتانم

نە نەڕە شێر و نە دەڵەشێری هەرد و کێوانم؛

چونکە ئەگەر وەکو شێری تووڕە بێمە ئێرە من

ژیانم دەکەوتە بەر مەترسی مردن.

**سیسیەس:** دڕندەیەکی زۆر چاک و گەلێک بە وێژدانە.

**دیمیتریۆس:** گەورەم، ئەمە باشترین دڕندەیە کە من بینیبم.

**لیزاندەر:** ئەو شێرە لە ئازاییدا وەکو ڕێوییە.

**سیسیەس:** ڕاستە، لە ژیری و بە مێشکیشا هەر دەڵێی قازە.

**دیمیتریۆس:** وا نییە، گەورەم؛ چونکە ئازایەتییەکەی ناتوانێت

ژیرێتییەکەی هەڵبگرێت، چونکە ڕێوی قاز هەڵدەگرێت.

**سیسیەس:** من دڵنیام کە ژیرێتییەکەی ناتوانێت ئازایەتییەکەی هەڵبگرێت؛ چونکە قاز ڕێوی پێ هەڵناگیرێت. باشە. وازی لێ بهێنە بۆ ژیرێتییەکەی، لێمانگەڕێ گوێ لە مانگ بگرین.

**مانگەشەو:** ئەم فانۆسە مانگی قۆچدار دەنوێنێت –

**دیمیتریۆس:** ئەو دەبوایە قۆچی لەسەری خۆی ببەستایە.

**سیسیەس:** ئەو مانگی تازەی دەمەداس نییە، بۆیەش قۆچەکانی لەناو خڕێتیەکەیدا نابینرێت.

**مانگەشەو:** ئەم فانۆسە مانگی قۆچدار دەنوێنێت؛

منیش وا دەردەکەوم کە پیاوی ناو مانگ بم.

**سیسیەس:** ئەمە لە هەموو هەڵەکانی تر گەورەترە؛ دەبوا پیاوەکە لەناو فانۆسەکە دابنرابوایە. ئەگینا چۆن دەبووە پیاوی ناو مانگ؟

**دیمیتریۆس:** ئەو لەبەر بڵێسەی مۆمەکە ناوێرێت بێتە ناو ئەوێ؛ چونکە خۆت دەبینی ئەوێ هەڵگزاوە.

**هیپۆلیتا:** من لەم مانگە بێزارم. خۆزگە ئەمەی بگۆڕییایە!

**سیسیەس:** ئەو وا دەردەکەوێت، بە تیشکی ئەو کەمە ژیرێتییەی هەیەتی، لە کزبووندایە، بەڵام هێشتا، لەبەر ڕێزگرتن، بە هەر شێوەیەک، پێویستە ئێمە تا کۆتایی بمێنینەوە.

**لیزاندەر:** مانگ، دەست پێ بکە.

**مانگەشەو:** هەموو ئەوەی دەمەوێت پێتانی بڵێم ئەوەیە کە فانۆسەکە مانگەکەیە؛ من، پیاوی ناو مانگم؛ ئەم پنچکە دڕکە، پنچکە دڕکی منە؛ ئەو سەگەش، سەگی منە.

**دیمیتریۆس:** بۆچی، ئەم هەموانە پێویستە لەناو فانۆسەکەدا بن؛

چونکە هەموو ئەوانە لەناو مانگەکەدان. بەڵام بێدەنگ بن، ئەوە (سیسبی) بۆ ئێرە دێت.

*(سیسبی) دیتەوە ناو شانۆ*

**سیسبی:** ئەمە گۆڕە کۆنەکەی (نینی)یە. یارەکەم لە کوێیە؟

**شێر** (دەنەڕێنێت): ئۆۆ –

*(سیسبی) ڕا دەکات*

**دیمیتریۆس:** ئەی شێرەکە، باش نەڕاندت.

**سیسیەس:** (سیسبی)، تۆش باش ڕات کرد.

**هیپۆلیتا:** مانگەکە، باش درەوشایەوە. بەڕاستی مانگەکە بەجوانی دەدرەوشێتەوە.

*(شێرەکە کۆڵوانەکەی سیسبی ونجرِ ونجرِ دەکات و دەڕوات)*

**سیسیەس:** ئەی شێر، باش لەرزیت.

*(پیرامۆس) دێتەوە ناوەوە*

**دیمیتریۆس:** جا پاشتر (پیرامۆس) هات.

**لیزاندەر:** ئینجا شێرەکە ون بوو.

**پیرامۆس:** ئەی مانگی جوان، سوپاست دەکەم بۆ تیشکە خۆراوییەکانت؛

سوپاست دەکەم، ئەی مانگ، چونکە ئێستا وا گەش دەدرەوشێیتەوە؛

لەبەرئەوەی، لە ڕێی پڕشنگە جوانە زێڕینە چریسکەدارەکانت،

هیوادارم کە چاوم بە دیمەنی ڕاستترین (سیسبی) ڕۆشن بێتەوە.

بەڵام بوەستە، ئەی بەدبەخت خۆم!

ببینە، ئەی سوارچاکی هەژار بەخۆم،

چ خەمێکی ترسناک هەیە لێرانە!

ئەی چاوەکان، دەبینن ئێوە ؟
چۆن وا دەبێت بەم شێوە؟
ئەی مراوی ناسک! ئەی گیانە!
کۆڵوانەی جوانی تۆ،
چی! بەخوێن سوورە، بۆ؟
وەرە، ئەی رق و توورەیییەکان.
ئەی چارەنووس! وەرە، وەرە زوو؛
بیبڕە هەم تان و هەم پۆ؛
وێران بکە، خاپوور، لەناو ببە و بکوژە هەر هەموو.

**سیسیەس:** ئەم سۆزە و مەرگی هاوڕێیەکی خۆشەویست، نزیک دەبێتەوە لەوەی پیاو خەمبار بکات.

**هیپۆلیتا:** دڵم بەنەفرەت بێت ئەگەر بەزەییم بە پیاوەکەدا نەیەتەوە.

**پیرامۆس:** ئۆه، سروشت بۆچی تۆ شێرت دروست کرد؟
چونکە شێرە چەپەڵەکە لێرە دولبەرەکەمی لەناو برد؛
ئەوەی کە جوانترین خانمە – نا، خانم بوو
ئەوەی کە ژیا، خۆشەویستی کرد، حەزی کرد، دڵخۆش دیاربوو.
فرمێسک، وەرە، لە ناوم ببە؛
شمشێر، وەرە کون بکە
سینەی پیرامۆس؛
بەڵێ، ئەو سینەیەی لای چەپ،
کە دڵ تێدا دەکات تەپە تەپ.
(شمشێر لە خۆی دەدات)

ئاوا دەمرم، ئاوا دەمرم بەبێ کەس.

ئێستا من مردووم،

ئەوا لەناوچووم؛

ڕۆحم وا لە ئاسمانە.

ئەی زمان، توانات لە دەست بدە؛

ئەی مانگ، بڕۆ لە خۆت هەڵدە.

(مانگەشەو دەڕوات)

ئێستا دەمرم، دەردەچێ ئەم دڵ و گیانە. (دەمرێت)

**دیمیتریۆس:** ئەمەیان دوو خاڵی یاری کاغەزێن نییە، چونکە ئەو یەک خاڵە[٣٥].

**لیزاندەر:** کورە، ئەو لە یەک خاڵیش کەمترە؛ چونکە مردووە، ئەو هیچ نییە.

**سیسیەس:** بەیارمەتی نۆژدارێک ڕەنگە بتوانێت چاک ببێتەوە و ئێستاش بیسەلمێنێت کە کەرە.

**هیپۆلیتا:** ئەوە چۆنە مانگەشەو ڕۆیشت پێش ئەوەی (سیسبی) بگەڕێتەوە و یارەکەی خۆی ببینێتەوە؟

**سیسیەس:** ئەو بەتیشکی ئەستێران دەیبینێتەوە. ئەوە وا دێت؛

*(سیسبی) دێتەوە سەر شانۆ*

سۆزە بەهێزەکەی ئەو کۆتایی بە شانۆییەکە دەهێنێت.

**هیپۆلیتا:** من وا بیر دەکەمەوە ئەو نابێت گوتارێکی درێژ بۆ

---

٣٥. لە ئینگلیزییەکەیدا ڕەگەزدۆزی لە نێوان وشەی مردن و خاڵی یاری کاغەزێن هەیە. ئەمە لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا زۆر بەزەحمەت دەردەکەوێت. (وەرگێڕ)

(پیرامۆس)ێکی وا بڵێت.؛ هیوادارم کورت بێت.
**دیمیتریۆس:** تەنیا تۆزقاڵێک بەسە بۆ ئەوەی تەرازووەکە لاسەنگ بێت، ئایا کامیان باشترن – (پیرامۆس) یان (سیسبی) – ئەو وەک پیاو، خوا لێمان نەگرێت، ئەویش وەکو ژن، خوا پیرۆزمان بکات!
**لیزاندەر:** ئەو وا ئەوی بەو چاوە جوانانەی خۆی بینیووە.
**دیمیتریۆس:** ئا بەم جۆرە، ئەو گریە و ناڵین دەکات، وا بیر بکەرەوە: –
**سیسبی:** نووستوویت، گیانەکەم؟
مردوویت، کۆترەکەم؟
ئۆهـ (پیرامۆس) رابە گیانە،
بدوێ، بدوێ. بۆ ناکەیت دەنگ؟
مردوویت، مردوو؟ گۆڕی تەنگ
دەبێ داپۆشێت ئەم چاوە جوانە.
ئەم لێوە مێلاقەییانەت،
ئەم لووتە گێلاسیانەت،
ئەم کوڵمە زەردە گوێ بەلەییانە،
لەدەستچوون، چوون؛
عاشقان دەکەن ناڵین؛
چاوانی وەکو قوڕادە سەوز بوون.
ئۆهـ، ئەی سێ خوشکەکانی چارەنووس بۆم،
وەرنە ئێرە، وەرنە لای خۆم.
بەدەستی سپیکەلانەی وەک شیر سپی؛
بیخەنە ناو خوێنی من،
چونکە بڕیتان لە من

به مقەست تاڵی ئاوریشمین بەکپی.
زمان، مەبێژە قسە.
وەرە، شمشێری دڵسۆز بەسە؛
وەرە، ئەی نووک، سینەم بکە کون.
(شمشێر لە خۆی دەدات)
خواحافیز، هاوڕێیان؛
ئاوا (سیسبی) دەگاتە کۆتاییان؛
خواحافیز، خواحافیز، خواحافیز لە هەمووان. (دەمرێت)

**سیسیەس:** مانگەشەو و شێرەکە ڕۆیشتوون مردووەکان بنێژن.

**دیمیتریۆس:** بەڵێ، دیوارەکەش هەروا.

**بۆتم (رادەپەڕێت)**: نەخێر، من دڵنیاتان دەکەمەوە؛ ئەو دیوارەی کە ئەوانەی لێکتر دادەبڕی چیی تر نەماوە. پێتان خۆشە پاشگوتار ببینن، یان گوێتان لە بەزمی سەمای (بێرگۆماسک)[٣٦] بێت کە لەلایەن دوان لە هاوڕێکانمان دەکرێت؟

**سیسیەس:** تکاتان لێ دەکەم، با پێشگوتار نەبێت، چونکە شانۆییەکە پێویستی بە پاکانە نییە. هیچ پاکانەیەک؛ چونکە کاتێک ئەکتەرەکان هەموویان مردوون هیچ کەسێک نابێت گلەیی لێ بکرێت. بە مەریەم، ئەگەر ئەوەی شانۆییەکەی نووسیووە ڕۆڵی (پیرامۆس)ی بینیبوایە و بە خرێنکەی گۆرەوی (سیسبی) خۆی بخنکاندایە، ئەوە تراجیدیایەکی زۆر نازدار دەبوو. ئەوەی ڕاستی بێت، هەروایشە؛ زۆر بەچاکیش نمایش کرا. بەڵام

٣٦. جۆرە سەمایەکی دەشتەکییانەیە کە بەناوی شارۆچکەی (بێرگەمۆ) کراوە. (وەرگێڕ)

ئادەی وەرن، ســەمــای (بێــرگــۆمــاسک) با بێت؛ واز لەو پێشگوتارەی خۆت بێنە. (سەما دەکرێت)
زمانەی ئاسنینی نیوەشەو پێمان دەڵێت کاتژمێر دوازدەیە.
عاشقان، بۆ ناو پێخەف؛ نزیکەی کاتی پەرییانە.
لەوە دەترسم سبەی بەیانی هێندە لە خەودا بمێنین،
بەقەد ئەوەی ئەمشەو تا درەنگ ماوینەتەوە.
ئەم شانۆییە قورس و زەحمەتە رەوتی قورسی
شەوەکەی باش خافڵاند. هاوڕێیانی شیرین، بۆ ناو نوێن.
بۆ ماوەی دوو هەفتە ئێمە ئەو ئاهەنگە ساز دەکەین،
بە بەزم و هەرای شەوانە و خۆشی نوێ بەرێی دەکەین.(دەڕۆن)
*(جنۆکە) بەگسکێکەوە دێتە ناوەوە*
**جنۆکە:** ئێستا شێری برسی دەنەڕێنێت،
گورگیش بۆ مانگ دەلورێنێت؛
لە کاتێکدا جووتیاری خەواڵوو دەپرخێنێت،
هەموو ماندوون بەو ئەرکە قورسەی رای دەپەڕێنێت.
ئێستا پەنگرەکان دەگەشێنەوە گەش گەش،
کاتێک کوندی بە قیڕە بەتووندی دەقیڕێنێت،
ئەو کڵۆڵەی کە نەخۆشە و چارەڕەشە، چارەڕەش
کفن و مەرگی یەکسەر بەبیردێنێت.
ئێستا ئەو کاتەی شەوە
کە گۆڕەکان، هەرهەموویان دەمیان لێک کردووەتەوە،
هەریەکەیان تارمایی دەنێرێتە دەرەوە،
تا لەسەر رێچکەی حەوشەی کڵێسا بسووڕێتەوە.

ئێمەی پەری، کە غارە غار دەکەین
لەگەڵ دەستەی سێقۆڵی (هێکێت)[37] ڕێدەکەین
دوور لە تیشکی خۆر رادەکەین
وەکو خەون بەدوای تاریکیەوەین،
ئێستا خۆشیمانە. هیچ مشکێک نییەتی توانا
ئەم خانووە پیرۆزەمان لێ تێک بدا.
من پێشوەختە بە گسکێکەوە نێردراوم،
بە ئەرکی ماڵینی تۆزی پشت دەرگە ڕاسپێردراوم.
*(ئۆبیرۆن) و (تیتانیا) و هەموو داروەستەکەیان دێن*
**ئۆبیرۆن:** لەناو ماڵەکەدا با رووناکی ببێت پرشنگدار،
لەلای ئاگری مردوو و خەواڵوو؛
هەموو جنۆکە و پەری رۆحدار
وەکو باڵندەی سەر داران سووک هەڵبەزێتەوە زوو؛
جا لە دوای من بلێنەوە ئەم سترانە
بێژن و سەما بکەن بەنەرمی جوانە.
**تیتانیا:** یەکەمجار گۆرانییەکە بکەن ئەزبەر،
بۆ هەر وشەیەک ئاوازێکی بخەنەسەر؛
دەست لەناو دەست، بە ڕێکی پەرییانی،
گۆرانی دەچڕین، ئەم شوێنە پیرۆز دەکەین بەجوانی.
*(ئۆبیرۆن) سەربەندەکە دەڵێ و پەرییەکانیش*
*گۆرانی دەڵێن و هەڵدەپەڕن*

---
٣٧. هێکێت: لەلای گریکەکان خواوەندی دنیای ژێرەوە و شەو و جادووگەری بوو. (وەرگێڕ)

**ئۆبیرۆن:** ئێستا، تا گەردی بەیانی دادێت،
بەناو ئەو ماڵەدا هەر پەرییەک با بسوڕێت.
ئێمە بۆ لای باشترین نوێنی بووکان؛
دەچین و پیرۆزی دەکەین هەر هەموومان؛
جا هەر منداڵێک لەو جووتبوونە ببێت پەیدا
بەختەوەر دەبێت هەتا هەتا.
جا هەرسێ ئەو عاشقانە هەرسێ جووت
هەتا هەتایە لە ئەوین ڕاستگۆ دەبن نابن پەڕپووت؛
ئینجا خەوش و گەردەی سروشت هەرگیز
لە نەوەکانیان نابینرێت ئەی ئازیز؛
نەخاڵ، نەلێوی شەق، نەجێ زام،
نەنیشانەی زگماکی دەرناکەوێت لە ئەندام
کە نیشانەی بەدبەختین،
لە منداڵەکانیان نایەتە بینین.
بەم شەونمەی کێڵگان پیرۆزی دەکات،
هەر پەرییەک کە پێی تێدەخات،
هەر کەسە و چەند ژوورێک بکات پیرۆز،
لەناو ئەم کۆشکە، بە هەنگاوی جوان و قۆز.
خاوەنی ئەم خانەیە پیرۆز کراوە
بحەسێتەوە بە سەلامەتی تا ماوە.
بکەونە گەشت، لێرە مەمێننەوە؛
لەگەڵ گزنگی بەیانی بمبیننەوە.
*(جگە لە جنۆکە، هەموو ئەوانی تر دەڕۆن)*

**جنۆکە:** ئەگەر خراپەمان کردبێت ئێمەی تارمایی،
تەنیا بیر لەوە بکەنەوە، هەموومان چاک کردووەتەوە بەدڵنیایی.
ئێوە کاتێک لێرە خەوتبوون
کە ئەو خەونانە هاتنە بوون.
جا ئەم بیرۆکە بێ هێز و بێمانایە،
هیچی تێدا نییە تەنیا خەونی تێدایە،
خانم و بەڕێزان، گلەیی مەکەن.
گەر بمانبوورن، چاکی دەکەین.
جا چونکە جنۆکەیەکی راستگۆم من،
ئەگەر بەختمان هەبوو بێ ماندوو بوون
تاکو خۆمان دوور بگرین لە زمانی مار،
چاک دەکەینەوە ئەوەی چەوتە و خوار؛
ئەگینا بڵێن جنۆکەکە درۆزن بوو.
جا، خواحافیز، لە ئێوە هەموو.
ئەگەر هاورێین دەستتانم پێ بدەن،
(رۆبین) شتەکان چاک دەکاتەوە حەتمەن.
(دەڕوات)

کۆتایی
وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە شەوی ٢٠١٢/٧/١٦
تەواو کرا.

## لیستی بەخشەکانی زنجیرەی شانۆی بیانی

١. مۆسیقای بێ دەنگ، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دانا رەئووف
٢. کۆتاییی گەمە، نووسینی: سامۆیێل بێکێت، وەرگێڕانی: مستەفا قەسیم
٣. کوێرەکان، نووسینی: مۆریس مەتەرلینگ، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٤. مارا–ساد، نووسینی: پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
٥. سۆناتای تارمایی، نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا قادر دانساز
٦. کەڵک، نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری، وەرگێڕانی: خەبات عارف
٧. مەرگەساتی شالیر، نووسینی: شێکسپیر، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
٨. مەرگی کریشنا، نووسینی: ژان کلۆد کاریێر و ماری هێلین ئێستیان، وەرگێڕانی: مستەفا قەسیم
٩. شەڕ، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
١٠. فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، نووسینی: فریدریش دێرینمات، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
١١. گوێ بگرە عەبدولسەمیع، نووسینی: عەبدولکەریم بەرشید، وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
١٢. لێگەڕێن مرۆڤ بژی، نووسینی: پێیر لاگەرکڤیست، وەرگێڕانی: خەبات عارف
١٣. پایەکانی کۆمەڵگا، نووسینی: هێنریک ئیپسن، وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
١٤. مردنی دێوەرەیەک، نووسینی: ئارسەر میللەر، وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
١٥. کەسێک هەر دێ، نووسینی: یۆن فۆسە، وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
١٦. پەرجوو، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

١٧. سەراییدار. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: ڕێبوار ڕەشید
١٨. مردن و پاکیزە. نووسینی: ئێریەڵ دۆرفمەن. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
١٩. هاملێت. نووسینی: شێکسپیر. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
٢٠. سێ خوشک. نووسینی: چێخەف. وەرگێڕانی: جەلال تەقی
٢١. لە چاوترووکانێکدا. نووسینی: پیتەر ئاسمۆسن. وەرگێڕانی: بەهرۆز حەسەن
٢٢. خەونە نمایشێک. نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٢٣. ژوورەکە خوێندنگای شەوان. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب
٢٤. ئەستێڵکە مەزنەکە. نووسینی: پیتەر تێرسن. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
٢٥. گیانەوەرە شووشەییەکان. نووسینی: تێنیسی ویلیامز. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
٢٦. ڤاتسلاف. نووسینی: سلاڤۆمیر مرۆژەک. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ
٢٧. جورئەتی کوشتن. نووسینی: لاش نۆرین. وەرگێڕانی: هیوا قادر
٢٨. کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی. نووسینی: هارۆڵد پینتەر فارووق هۆمەر
٢٩. دڵی بای و ئاهو. نووسینی: عەباس مەعروفی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٣٠. خاتوو ژولیا. نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب
٣١. یۆن گابریێل بۆرکمان. نووسینی: هنریک ئیبسن. وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
٣٢. جەژنی هەڵسانەوە. نووسینی: ئاوگۆست سترینبێری. وەرگێڕانی: خەبات عارف
٣٣. ز. ئیمپراتۆر جۆنز. نووسینی: یۆجین ئونێڵ. وەرگێڕانی: د. ئازاد حەمەشەریف
٣٤. دایکە ئازا. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ
٣٥. بازنەی تەباشیری قەوقاز. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم

پەڕەنگ

٣٦. ئەسـانسـێـرەکە – ئاهـەنگی جـەژنی لەدایکبـوون. نووسـینی: هـارۆڵد پینتـەر عەلی عوسمان یاقووب

٣٧. بێوەژنەکان. نووسینی: ئاریەل دۆرفمان. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر

٣٨. دڵی سەرباز. نووسینی: دەیڤید فرێچ. وەرگێڕانی: عەبدوڵا سلێمان

٣٩. هەرەسی بەفر. نووسینی: تونجەر جویجان ئۆغلۆ. وەرگێڕانی: بەکر شوانی

٤٠. باخچەی گێلاسەکە. نووسینی: ئەنتۆن باڤلیچ چیخەف. وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد

٤١. شارۆچکەکەمان. نووسینی: تۆرن تۆن وایڵدەر. وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

٤٢. گەڕانەوە بۆ ماڵ. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب

٤٣. ئەندۆرا. نووسینی: ماکس فریش. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٤٤. شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ. نووسینی: یۆن فۆسە. وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف

٤٥. چین. نووسینی: ئێریک ئۆدینباری. وەرگێڕانی: دانا ڕەووف

٤٦. یۆلیۆس قەیسەر. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب

٤٧. ئاوی وەستاو. نووسینی: لاش نۆرین. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

٤٨. بەرەو دیمەشق. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی: خەبات عارف

٤٩. شڤایک لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. نووسینی: بێرتۆڵت برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٠. ژیانی گالیلای. نووسینی: بێرتۆڵت برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥١. پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم. نووسینی: تێنسی ولیامز. وەرگێڕانی: فاروق هۆمەر.

٥٢. چۆنت پێ خۆشە. نووسنی: ویلیام شێکسپیر. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف

٥٣. مرۆڤە باشەکەی سیچوان. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٤. ورژوای نەجیبزادە. نووسینی: مۆلییر. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا
٥٥. نەورەس. نووسینی: ئەنتۆن پاڤڵەڤیچ چێخەف. وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد
٥٦. پیگماڵیەن. نووسینی: جۆرج بێرناردشـۆ. وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب
٥٧. تەرمیناڵ – سێ شانۆنامە. نووسینی: لاش نۆرێن. وەرگێڕانی: دانا رەئووف
٥٨. "ڤۆیتسەک – لیۆنتسە و لێنا". نووسینی: گیۆرگ بویشنەر. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ
٥٩. ژنە گۆرانیبێژی کەچەڵ و وانە. نووسینی: ئیۆژێن ئیۆنێسکۆ. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
٦٠. خاڵە ڤانیا. نووسینی: ئەنتۆن پاڤڵەڤیچ چێخەف. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: شیروان مەحموود محەمەد
٦١– ئۆرێستێیا – سێ بەش. نووسینی: ئێسخیلۆس. وەرگێڕانی لە یۆنانیی کۆنەوە بۆ سویدی: ئێمیل زیلیاکوس. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف
٦٢– "خاکی بێخاوەن. زمانی چیا. خۆڵەمێش" سێ شانۆنامە. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
٦٣– مەرگی دانتۆن. نووسینی: گیۆرگ بویشنەر. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ.
٦٤– خەونی شەوێکی چلەی هاوین. نووسینی: ویلیەم شێکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف